قەدەغەکردنی
مۆسیقا و گۆرانی

لەژێر رۆشنایی
قورئان و فەرموودە و وتەی زانایان

نووسینی
باوکی عبدالله

پێداچوونەوەی
م. صلاح الدین

قەدەغەکردنی گۆرانی و مۆسیقا لەژێر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودە و فەرمودەی زانایان

نوسینی

باوکی عبدالله

پێداچونەوەی

م.صلاح الدین

چاپی یەکەم

١٤٣٢ کۆچی

٢٠١١ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

دپێناسی کتێب

❖ ناوی کتێب : قەدەغەکردنی گۆرانی و مۆسیقا لەژێر ڕۆشنایی قورئان و فەرمووده و فەرمودەی زانایان

❖ نوسەر باوکی عبدالله

❖ پێداچونەوەی : م.صلاح الدین .

❖ ساڵی چاپ : ٢٠١١

❖ نوبەی چاپ : یەکەم .

❖ شوێنی چاپ : چاپخانەی زانا . شەقامی مەولەوی

❖ ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشیەکان ژمارەی (١٩٩٧) ی ساڵێ (٢٠١١) ی دراوەتێ .

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی:

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدهُ وَنَستَعينُهُ وَنستَغفِرُهُ ، وَ نَعُوذُ بالله مِنْ شُرُرِ أنفُسِنَا و سَيئاتِ أعمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ ، و أشهَدُ أنْ لاَإلهَ إلا الله وحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، و اشْهَدُ أنَّ مُحَمَداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَا أيُّهَا الَّذِينَ ءامَنُواْ اتَّقُواْ اللهَ حَقَّ تُقَاتِهِ ولاَ تَمُوتُونَّ إلاَّ وأنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ال عمران - ١٠٢-

﴿ يَا أيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءَ واتَّقُواْ الله الَّذِى تَسَاءَلُونَ بِهِ وَلأَرْحَامَ إنَّ اللهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾النساء ١

﴿يَا أيُّهَا الَّذِينَ ءامَنُواْ اتَّقُواْ الله وقُولُواْ قَولاً سَدِيداً *يُصلِحْ لَكُمْ أعْمَالَكُمْ وَيَغْفِر لَكُمْ ذُنُوبَكُم ومَنْ يُطِعِ الله ورسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً ﴾الاحزاب ٧٠_٧١

اما بعد: فان اصدق الحديث كتاب الله ، وخيرالهدي هدي محمد (صلى الله عليه وسلم) وشر الامور محدثاتها، وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار .

پاش ئەمە :

بۆ هەموو خوێنەرو مووسڵمانێکی بەرێز بۆ هەموو ئەوانەی کەدڵیان پاکە لەژەنگی شوبوهات و شەهەوات بۆ هەموو ئەوانەی کەگوێ بیستی حەقن و ملکەچی دەنوێنن لە ئاستی حەق وڕاستی، بێگومان پێنووس دانان لەسەر کاغەز ئاسان وسادەو ساکارە بەلاَم ڕۆشن کردنەوەی حەق و ڕاستی دەربڕین تیایدا قورس و دژوارە.

گومان نیە لەوە دا لەتەواوی دونیا مووسڵمانان توشی شڵەژاوی و نائارامی بوون بەجۆرێ ئەگەر سەیری ئەم ئوممەتە بکەیت دەڵێی ئیسلام لە وادیەکەو مووسڵمانان لەوادیەکی تر ئەگەر چی شێخ حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ :﴿لَقَدْ أدْرَكْنَا أقْواماً أي الصَّحابة أهْلُ القَرن الاول كُنَّا فِي جَنْبِهِم لُصُوصاً﴾

واتە: گەیشتوینەتە قەومەکان واتە هاوەڵانی بەرزی پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ئێمە لەتەك ئەواندا لەچاو ئەواندا وەکوو دز واین .

ئەوە بەئەوە لەبەر زۆری شوبهەی خراپ یان شەهەوات و ئارەزوکاری خەڵکی سەر لە خۆی و خەڵکی دەشێوێنن ، بۆیە ئەوە بەئەوە برینی تازە سەر هەڵدەدات کە لەئەوەی پێش خۆیدا نەبووە تاگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە (الرَّبِيعُ بنُ خُثَيْم)دەفەرمووێ:﴿لَوْ رَآنَا أصْحَابُ مُحَمدٍ ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ لَقَالُوا هؤلاَءِ لاَيُؤمِنُونَ بِيَومِ الحِسَابِ﴾[1]

واتە:(ئەگەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ئێمەیان ببینیایە ئەیان ووت ئا ئەمانە بڕوایان بەڕۆژی لێپرسینەوە نیە)

ئێمەش دەڵێین ڕەحمەتی خوا لە(شێخ حەسەنی بەصری و ڕەبیعی کوڕی خوثیم) بێ لەسەردەمی ئێمەدا بونایە چیان دەوت!!!!؟

---

1 ~ راجع (فيض القدير) للعلامة المُناوي (٣|٤٧٩) و(الحلية) ٢|١٠٨~١٠٩و

خوێنــەری بــەڕێز: بەپــشتیوانی خــوای تعــالی هــەوڵ ئــەدەم لــە نووسینەکەمدا بەڕۆشنی حوکمی گۆرانی و مۆسیقا لە ژێر ڕۆشنای قورئان و سوننەت و فەرموودەی هاوەڵان و زانایان بخەمە بەردەستی هەموو موسڵمانێکی دڵسۆزو بەوەفا بۆ دینەکەی بەئومێدی ئەوەی سەرچاوە ڕوونەکانی ئیسلاممان لالێل نەبێت وە گومان و دوودڵی لەدڵماندا نەمێنێ هیوادارم ببێتە مایەی ڕواندنەوەی ئەو شوبهە خراپانەی کەدڵی مووسڵمانانیان پێ نەخۆش خستوە ئەگەر نەشم توانی ئەواکە متەرخەمی و تەخسیر لە خۆمە نەك لەسەرچاوە پاکەکەی ئیسلام چونکە بێگومان هەر کەسە بەقەدەر تواناو زانست و زانیاری خۆی پێهەڵدەسوڕێ ﴿وَفَوقَ كُلِّ ذي عِلمٍ عَليم﴾[2]
وەئەگەر لە شتێکدا نەپێکان بەدی کرا ئەوا کورد ووتەنی لەوقوڕە هەر ئەو تۆزە هەڵدەستێ منیش هەر ئەو تۆزەم لێ هەڵدەستێ.

---

2 ~سوره (یوسف) الایه ٧٦

﴿فیتنه لەسەردەمی ئێمەشدا﴾

گومـان نیـە لـەوەدا کەمووسـڵمانان بەدەسـتی فیتنـەوە دەنـاڵێنن جۆرەها فیتنـە ڕوی کردۆتـە خـەڵکی مووسـڵمان و خـەڵکی خوانـاس و دینـدار ، فیتنـەکان ئەوەنـدە زۆرن مووسـڵمانانی تووشـی دڵـە ڕاوکـێ و نائارامی کردووە فیتنەی شوبوهات ، فیتنەی شـەهەوات، فیتنەیـەك کـە حەق و ڕاستی بـە بـەتاڵ بزانـرێ ، وەبـەتاڵ بەحـەق و ڕاستی بزانـرێ تـاوای لێبێـت فیتنـەکان دەگەنـە دڵ وە هـەرجارەی فیتنەیـەك سەرهەڵدەدات ئیمانداری ڕاستەقینە دەڵێ ئەمجارە بەم فیتنەیە لەناو دەچین ، بـەڵام لادەچـێ و فیتنەیـەکی تـر سـەرهەڵئەدات ، پاشـان مووسڵمانان وابیر دەکەنـەوە کـەنزیکی تیاچونیانە و دەڵێن ئـەم جارە بەم فیتنەیە لـەناو دەچین ئـەویش لا دەچێت و فیتنەیـەکی تـر دێت غەیری ئەو فیتنانە بۆیە بـەردەوام دەبێت تـا ڕۆژی دوایـی هـەرجارەی لە لایەك و هـەرجارەی لەسـەر دەسـتی کۆمـەڵێ کـەس سـەرهەڵدەدات ، چەند خەڵکی هەن دینەکەیان ئەفرۆشن بەکەمێ لە دونیا !!!!
یان دینەکەیان ئەفرۆشن لەپێناوی کورسی و پلە وپایە!!!!!!
یان حیزب و پارە !! یان شەهوەت و شوبهەی خراپ!!!

خوێنەری بەرێز:

فیتنـەکان زۆرن فیتنـەی حـەڵاڵ و حـەڕام لـە تـەواوی دونیـاو کۆمـەڵگا ئیـسلامیە کـانیش ئـەوەتا ڕیبـا حـەڵاڵ دەکرێـت ، مۆسـیقاو ڕەقس و سـەما نـاو دەبـرێ بەفـەن !! تێکـەڵی ژن و پیـاو بـەناوی کـۆڕو سیمینار ناو دەبرێت بە بەرەو پێش چوون و پێشکەوتن!!! عـەرەق نـاو دەبـرێ بەمەشروباتی ڕۆحـی !!! مۆسـیقاو زوڕنـاو شمـشاڵ و تـەپڵ نـاو

دەبرێ بە چێژی ڕۆحی !!! بێگومان ئەوەی کەئێستا ناو دەبرێ بە چێژی ڕۆحی ماڵی زۆرێك لە مووسڵمانانی گرتۆتەوە ئەگەر دەرگاکانی لێدابخرێ هەر خۆی بەژووردا دەکات ، وە پێشتر پێغەمبەری خوا ﴿صلی الله علیه وسلم﴾هەواڵی داوە پێمان و پێی فەرموویین : (عَنْ أُسَامَةَ(رضی الله عنه) أنَّ النبي﴿صلی الله علیه وسلم﴾ ﴿أشرَفَ عَلَى أُطُمٍ مِنْ آطَامِ المَدِينَةِ، ثُمَّ قَالَ:﴿ هَلْ تَرَوْنَ مَا أرَى؟ إنِّ لأرَى مَوَاقِعَ الفِتَنِ خِلاَلَ بُيُوتِكُمْ كَمَوَاقِعِ القَطْرِ﴾[3]

واتە:﴿ پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیە وسلم﴾ بەسەر باڵەخانەیەکدا لە باڵە خانەکانی مەدینەدا سەرکەوت و پاشان فەرمووی : ئایا ئەوەی من دەیبینم ئێوە دەیبینن ؟ بێگومان من لە نێو ماڵەکانتاندا شوێنگەی فیتنە دەبینم وەکو شوێنگەی بارانی بە لێزمە﴾

کەواتە دەبێت موسڵمانان بە ئاگا بن خۆپارێز بن دەست بگرن بەدوو سەرچاوە گەورەکەی ئیسلام کەقورئان و سوننەتە بیکەنە بەرگری کاری لە دڵیان تاوەکو بەهۆی زۆری فیتنەکانەوە ڕەش نەبێت ، وە دەبێ ئێمەش خۆمان بێ ئاگا نەکەین لەو فیتنە یەی کەدڵ ڕەش دەکات و دووڕوی تیا ئەچێنێ فیتنەیەك کەمایەی گومڕابونی موسڵمانانە کەئەویش گۆرانی و مۆسیقایە ، بۆیە دەبێ بزانین کەئێمە لە فیتنەدا دەژین وە ئەگەر کەسێ بپرسێ و بڵێ باشە چۆن ئێمە لە فیتنەدا دەژین؟

---

3 - احرجه البخاري ، كتاب فضائل المدينة ، باب آطام المدينة (١٨٧٨) ، ومسلم في الكتاب الفتن واشراط الساعة ، باب نزول الفتن كمواقع القطر (٢٨٨٥) من حديث اسامة بن زيد .

ئــەوا دەڵــێم وەلامەكــەی لای حوزەیفــەی كــوڕی یەمانـــە ﴿رضی الله عنهم﴾ كەدەفــەرمووێ:﴿إنَّ الفتْنَـةَ تُعْرَضُ عَلَـى القُلُـوبِ ، فَأَيُّ قَلْـبٍ أُشْـرِبَهَا نُكِتَتْ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْداءُ ، فإنْ انْكَرَها نُكِتَتْ فِيـهِ نُكْتَةٌ بَيْضَـاءُ ، فَمَنْ احَبَّ مِنْكُمْ ، انْ يَعْلَمَ هَلْ اصَابَتْهُ الفتْنَةُ امْ لاَ ، فَلْيَنْظُرْ فَإنْ كَانَ يَـرَى حَرَاماً مَاكَـانَ يَـرَاهُ حَـلاَلاً ، اوْ يَـرَى حَـلاَلاً مَاكـانَ يَـرَاهُ حَراماً ، فَقَدْ اصَابَتْهُ الفتْنَةُ﴾[٤]

واتە:﴿بێگومان فیتنە دێت بەسـەر دڵانـدا جاهـەر دڵێـك هەڵیبمـژێت و بیخواتەوە ئەوا خاڵێكی ڕەشی تیادا دروست دەبێت وەهەر دڵێك حـەزی پێ نـەكات و بـەرگری بكات ئـەوا خـاڵێكی سـپی تێیـدا دروسـت دەبێـت جاهەركەسێك پێی خۆشە بزانـێ كـە تووشـی فیتنـە بـووە یـان نـا ئـەوا باسەیر بكات كاتێك حەڕامێك دەبینێت ئەوا ئەو بـە حـەڵاڵی دەبینێـت یان حەڵاڵێك دەبینرێ بەحەڕام بزانرێ واتە بینینی حەڵاڵ بـە حـەڕام وەبینینی حەڕام بەحەڵاڵ ئەوا بێگومان تووشی فیتنە بوون.

بۆیە دەڵێین لـە ئێـستادا چـەند حـەڕام هەیـە كـە بـە حـەڵاڵ دەبینـرێ لەبـەر خـاتری بۆچـونی كەسـێ یـان شـوبهەی خـراپ یـان شـەهەوات و ئارەزوكاری خوای تعالی ئێمەش و ئێوەشی لێ بپارێزێ آمین،آمین .

---

4 _ اخرجه الحاكم في المستدرك كتاب الفتن والملاحم (٨٤٤٣) وابو نعيم في الحلية (٢٧٢~ ٢٧٣) ونعيم بن حماد في الفتن (١١٠~١١٣) ،وابن ابي شيبة في المصنف كتاب الفتن (٨| ٦٢٨).والداني في السنن الواردة في الفتن (٢٦) وابن عساكر في تاريخ دمشق (٣٤| ٢٥٨).

پێش چونە ناو ڕاڤەی قورئانی پیرۆز پێویستە چی بزانین؟

خوێنەری بەڕێز:

پێویستە مووسڵمانان بزانن کەپێش تەفسیروڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز دەبێت چەند زانیاریەکمان هەبێت سەبارەت هەم بەڕاڤە کردنی قورئانی پیرۆز هەم بەوەرگرتنی ڕاڤەی قورئانی پیرۆز، وەدەبێت ئەوەش بزانین کەڕاڤەی قورئانی پیرۆز بەهەواو ئارەزوی خەڵکی ناکرێت وەهەر کەسێك بەهەواو ئارەزوی خۆی ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بکات تەنها بەبۆچونی خۆی ئەوا باشوێنی لە ئاگری دۆزەخ خۆشکات هەروەکوو لەم ڕیوایەتەدا هاتووە ﴿ حدثنا وكيع قال سفيان عن الاعلى الثعلبي عن سعيد بن جبير عن ابن عباس قال:﴿قَالَ رسول الله «صلى الله عليه وسلم»مَنْ قَالَ فِي الْقُرانِ بِغَيرِ عِلْمٍ فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ﴾[5]

واتە:﴿ هەرکەسێك لەقورئان بدوێت بەبێ زانست و زانیاری ئەوا باشوێنی خۆی لە ئاگر دانێت﴾

بۆیە پێم باش بوو پێش ئەوەی بچینە خزمەتی ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کەدەلیل و بەڵگەن لەسەر حەڕامی مۆسیقاو گۆرانی..........هتد ، بچینە خزمەتی چەند زانیاریەك سەبارەت بە پێشەکی و بنچینەی تەفسیر تا بزانین تەفسیر چۆن دەکرێت وچەند پلەوپایەی هەیە

---

5 _أخرجه الترمذي (٢٩٥٠) وقال حسن صحيح والنسائي في الكبرى (٨٠٨٥) من حديث ابن عباس ، واخرجه ابوداود برواية بن العبد كما في التحفة ٤|٤٢٣~ من حديث مسدد عن ابن عوانة وصححه ابن القطان كما في النكت الظرف ٤٢٣٤.

ئــەوەش لەڕوانگــەی کتێبــی﴿ شــرح مقدمــة في اصــول التفــسير ﴾چێژوەردەگرین کەچەند پلەیەك باس دەکات لەچۆنێتی ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز، سەرەتا لە پلەی یەکەمی تەفسیرو ڕاڤەی قورئانی پیرۆز دەست پێ دەکەین کەبریتیە لە:

﴿كَلاَمُ الله فَيُفَسرُ القرانَ بالقرانِ لأنَّ الله تَعَالى هُوَ الَّذي انْزَلَهُ وَهُوَ اعلم بِمَا أرادَ الله﴾

واتە:﴿ فەرموودەی خوای تعالی ﴿جل جلاله ﴾ هەر بەفەرموودەی خوای تعالی﴿جل جلاله ﴾ واتە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بە قورئانی پیرۆز لەبەر ئەوەی کەخوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ خۆی ناردویەتیە خوارەوەو هەرخۆی دەزانێت مەبەستی پێ ی چیە ، وەئەم ڕاڤەکردنە بەرزترین مەرتەبەو پلەی ڕاڤەیە کە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بە قورئانی پیرۆز بکرێت بۆ نمونە: خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ دەفەرموویێت:﴿الاَ إنَّ اوْلِيَآءَ الله لاَخَوْفٌ عَلَيْهِم وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ﴾[6]

دەی دەپرسرێ ﴿ فمن اولياء الله﴾ واتە دۆستانی خوای تعالی ﴿جل جلاله ﴾کێن خوای تعالی ﴿جل جلاله ﴾خۆی تەفسیری دەکات و دەفەرموویێت :﴿ الَّذِينَ ءَامَنُواْ وَ كَانُواْ يَتَّقُونَ﴾ [7]

واتە:﴿ ئەوانەی کەئیماندارن و خۆپارێزن ﴾

بۆیە شیخ الاسلام دەفەرمووێ:﴿مَنْ كَانَ مُؤمِناً تَقِياً كَانَ لله وَلِياً﴾[8]

واتە﴿هەرکەسێك ئیمانداری ڕاستی و خۆپارێز بێت ئەوە دۆست و وەلی خوای تعالی یە ﴿جل جلاله﴾ .﴾ نموونەی تر سەبارەت بەڕاڤەی قورئانی

---

6 _﴿ يونس﴾ الاية ٦٢

7 _﴿يونس﴾الايه٦٣

8 _﴿الفتاوى﴾ (٢٥|٣١٦) و(٢٨|٥٧٠)

پیرۆز بەقورئانی پیرۆز خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾دەفەرموویت:﴿ وَمَآ اَدْراكَ مَا الطّارِقُ﴾[9]

ئەگەر پرسیار بکرێت ﴿ والسَّمَاءِوالطّارِقِ﴾چی یە؟

دەڵێن مانای (طارق) واتە : يطرق ليلا!!!!!بەڵام لێرەدا وانیە مەبەست بە(الطارق) خوای تعالی خۆی ڕاڤەی دەکات و دەفەرمووێ:﴿النَّجْمُ الثَّاقِبُ﴾~١٠~ واتە:﴿بەمانای ئەستێرەی درەخشاوەی کونکەرە﴾.[10]

وەلەئایەتێکی پیرۆزی تردادەفەرموێت:﴿وَالأَرْض بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَآ﴾[11]

دەی خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ خۆی ڕاڤەی دەکات و دەفەرمووێ:﴿أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَاهَا*وَالْجِبَالَ اَرْسَاهَا﴾[12]

کەواتە ئەمە جۆری یەکەمە لە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز وەیەکەم مەرتەبەو پلەی ڕاڤەی قورئانی پیرۆزە.

مەرتەبەو پلەی دووەم:﴿ كَلاَمُ رسول الله ﴿صلی الله عليه وسلم ﴾ فَيُفسر القرآن بالسُنَّة،لأنَّ رسول الله ﴿صلی الله عليه وسلم ﴾مُبَلِغٌ عَنِ الله تعالى ، فَهُوَ أعْلَمُ النَّاسِ بِمُرَادِ الله تعالى بِكَلاَمِهِ﴾

واتە:﴿بەفەرمودەی پێغەمبەری خوا ﴿صلی الله عليه وسلم﴾ قورئانی پیرۆز ڕاڤە دەکرێت چونکە پێغەمبەری خوا﴿ صلی الله عليه وسلم ﴾ ڕاگەیەنراوی خوای تعالی یە وە زاناترین کەسە ﴿صلی الله عليه وسلم ﴾ بەمەبەست و واتای قورئانی پیرۆز وەبێ گومان هیچ بەربەرەکانێیەك

---

9 _﴿الطّارِق﴾ الاية ٢

10 _﴿الطارق﴾الاية ٣.

11 _﴿النازعات﴾الاية ٣٠.

12 _﴿النازعات﴾ الاية ٣١~ ٣٢.

لەمەدانیە کەمەرتەبەو پلەی دووەمی تەفسیری قورئانی پیرۆز بە سوننەتی پێغەمبەرە ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ وە لە نمونەی تەفسیری قورئانی پیرۆز بە فەرموودەو سوننەتی پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ بۆنمونە: خوای تعالى ﴿جل جلاله﴾ دەفەرموێت ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾ [١٣]

واتە:﴿بۆئەوانەی چاکەیان کردووە پاداشتی چاکترە~بەهەشت~ وەزیاتریشیان هەیە کەبینینی خوای تعالى یە ﴿جل جلاله﴾ ﴾ خوای تعالى ﴿جل جلاله﴾ ئێمەش و ئێوەش بێ بەش نەکات ، دەی ئەگەربلێین ﴿مَاهي الزِيَادة﴾؟ زیادە بەشتێکی زیاد دەڵێن بەڵام ئەو شتە زیادەیە چیە؟ پێغەمبەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ڕاڤەی دەکات بە بینینی خوای تعالى ﴿جل جلاله﴾ وەکو لەم ڕیوایەتەداهاتووە:﴿ عَنْ صُهَيب بن سينان عن النبي ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ في حديث قال في﴿فَيُكْشَفُ الْحِجَابُ ،فماأُعطوا شَيئاً احبَّ إِلِيهِم مِن النَظَرِ الى ربِهِم عَزوجل، ثمَّ تَلا هذهِ الاية ﴿ لِلَّذِينَ احْسَنُوا الحُسْنى وَزِيَادَةٌ﴾ [١٤]

وەهەروەها خوای تعالى ﴿جل جلاله﴾ دەفەرموێت : ﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّااسْتَطَعْتُم مِنْ قُوَّةٍ﴾ [١٥]

پێغەمبەری خوا ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ڕاڤەی ﴿القوة﴾ ی کردوە بە ﴿الرمی﴾ وەکو لەم ڕیوایەتانەدا هاتوە: (عن عُقْبَةَ بن عَامِرِ ﴿رضى الله عنه﴾ قَالَ :﴿سمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: ﴿

---

13 _﴿يونس﴾ الاية ٢٦.

14 _صحيح مسلم (١٨١)واحمد ٤~٣٣٢.

١٥_ ﴿ الانفال﴾ الاية ٦٠

وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَّااسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ﴾ الاَ إنَّ القُوَّةَ الرَّمْيُ، الاَ إنَّ القُوَّةَ الرَّمْيُ، الاَ إنَّ القُوَّةَ الرَّميُ﴾(قالها ثلاثا) [16]

واته: (عقبه)ی كوڕی (عامر)﴿رضی الله عنه﴾ دەفەرموێ: ﴿لەكاتێكدا پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾لەسەر مینبەر بوو گوێم لێ بوو دەیفەرموو:﴿چەند دەتوانن هێزیان بۆ ئامادە بكەن﴾بزانن هێز بریتیە لە تیر ئەندازی ، بزانن هێز بریتیە لە تیر ئەندازی ، بزانن هێز بریتیە لە تیر ئەندازی ﴾ سێ جار دووبارەی كردەوە .

كەواتە مەرتەبەو پلەی دووەم لە ڕافەی قورئانی پیرۆز ڕافەی قورئانی پیرۆزە بە سوننەتی پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾.

مەرتەبەو پلەی سێ یەم لە ڕافەی قورئانی پیرۆز :

﴿ كلام الصَّحابة ﴿رضی الله عنهم﴾ لاسِيَمَا ذوو العِلمِ مِنْهُمْ وَالعِنَايَةِ بالتَّفْسِيرِ لإنَّ القُرآنَ نَزَلَ بِلُغَتِهِمْ وفِي عَصْرِهِمْ ،ولأنَهُم بَعْدَ الانْبِيَاءِ أصْدَقَ النَّاسِ فِي طَلَبِ الحَقِّ وَاسْلَمهم مِنَ الاهْوَاءِ وأَطْهَرُهُمْ مِنَ المُخَالَفَات التي تَحُولُ بَيْنَ المرءِ وَبَيْنَ التَّوْفيقِ لِلْصَوابِ﴾

واته:﴿ ووتەو فەرموودەی هاوەڵانی پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ بەتايبەتی ئەوانەی كەخاوەنی زانست وزانيارين ومرەچاو چاودێری ڕافە دەكەن بەوردی لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز دابەزیوە بە زوبان و لوغەی ئەوان وەلە سەردەمی ئەواندا دابەزیوە وەبێ گومان لەدوای پێغەمبەران ﴿ عليهم الصلاة والسلام ﴾ ڕاستگۆترينی خەڵكن لەداواكاری حەق وڕاستی وە سەلامەت ترن لە خەڵكانی ترلە هەواو ئارەزوبازی وە پاكترن لە خەڵكانی ترلە سەرپێچی سەرپێچیەك كەدەبێتە ڕێگر لەبەينی گەیشتن بە صەواب و ڕاستی واتە ڕێگرە لەپێكان و ڕاستی.

---

16 _صحيح مسلم .

ابن تيمية ڕەحمەتی خوای لێبێت سێ سیفەتیان باس دەكات :
یەكەمیان دەفەرموێت:﴿ ڕاستگۆترینی خەڵكن لە دوای پێغەمبەران ﴿علیهم الصلاة والسلام﴾ لەوەرگرتنی حەق و ڕاستی ، بێگومان ئەم شاهید یە بەربەرەكانی تێدا نیە چونكە خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ شاهدیان بۆدەدات ودەفەرمووێ:﴿ لِلْفُقَرَآءِ المُهَاجِرِيْنَ الَّذِينَ أُخْرِجُواْ مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِنَّ اللهِ ورِضْوَاناً وَيَنْصُرُونَ اللهَ وَرَسُلَهُ~ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ [17]
واتە:﴿ ئەو دەستكەوتەی لەبەنی نەضیر گیرا بۆ نەدارانی كۆچ كەرانە ئەوانەی كەدەركران لە ماڵ و سامانیان هەوڵی بەهرەی خواو ڕەزامەندی ئەو دەدەن وەیارمەتی ئاینی خواو پێغەمبەری خوا دەدەن ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ هەرئەوان لەڕاستگۆیانن.
وەسیفەتی دووەمیان دەفەرموێت:
﴿سەلامەت ترن لە خەڵكانی ترلە هەواو ئارەزوكاری بێ گومان لەدوای هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ئوممەتی ئیسلامی پەرشوو بڵاو بوو فراوان بوو هەواو ئارەزووكاری زۆربون بەڵام لە سەردەمی هاوەڵانی بەڕێز زۆر كەم بووە ئەگەر نەڵێین هەر نەبووە ، خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ لێیان ڕازی بووە لەبەر ئەوەی ئەوان شوێن هەواو ئارەزوكاری نەكەوتن وەكو خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ دەفەرمووێ:
﴿وَالسَّابِقُونَ الأوَّلُونَ مِنَ المُهَاجِرِينَ وَالأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإحْسَانٍ رَّضِيَ اللهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الانهَارُخَالِدِينَ فِيْهَآ أَبَداً ذَالِكَ الفَوْزُ العَظِيمُ ﴾ [18]

---

17 _﴿الحشر﴾ الاية ٨

18 _﴿ التوبة﴾الاية ١٠٠

واتــه:﴿وه پـێش كـەوتووه يەكەمــەكان لـەكۆچ كـەران و ياريـدەدەران ئەوانەش زۆر بە چاكی پەيڕەوی ئەوانيان كردووە و شوێنيان كەوتوون خوا لێيان ڕازيەو ئەوانيش لە پاداشتی خوای تعالى ﴿جل جلاله﴾ ڕازين وە خوای تعـالى﴿جل جلاله﴾بەهەشـتانێكی بـۆ ئامـادەكردون كـە ڕووبارەكـان دێن و دەچن بە ژێر ياندا تيايدا دەمێننەوە بەبێ بڕانـەوە وە ئائەوەيـە گەيشتن بە ئامانجی گەورە﴾.

سێ يەم دەفەرمووێ:

﴿پاكترن لە موخالـەفات وسەرپێـچی كەدەبێتـە هۆكارێ بـۆ ڕێگـری لـە بەينی مرۆڤ و پێكان و حەق و ڕاستی﴾

پاكترن لە سەرپێچی و موخالەفات لەسەر پێچی كێ؟؟

سەرپێـچی خـوای تعـالى﴿جل جلاله﴾ لەبـەر ئـەوەی سەرپێـچی فـەرمانی خوای تعالى ﴿ جل جلاله﴾ وەگونـاهو تـاوان دەبێتـە ڕێگـر لـە دۆزينـەوەی حـەق و ڕاسـتی ، چـەندەها كـەس بـەهۆی گونـاهو سەرپێـچی بـێ بـەش بـوون لـە گەيـشتن بەصـەواب و ڕاسـتی چـەندەها جـار مووسـڵمانان بـێ بـەش بـوون لـە سـەركەوتن بـەهۆی گونـاهو سەرپێـچی وەگومـان نيـە لەوەدا كەسەرپێچی و گونـاه دەبێتـە هـۆی ڕێگـری لـە پێكـان وڕاسـتی ، خوای تعالى ﴿جل جلاله﴾ دەفەرمووێت :

﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدىً وَءَاتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ﴾[١٩]

واته:﴿ئەو كەسانەی هيدايەت و ڕێنمونيان وەرگرتوە خوای تعـالى ﴿جل جلاله﴾ شـارەزاييان زيـاد دەكـات و تـەقواو پارێزگاريـان پـێ دەبەخـشێت كەواتە هـەر كەسێك هيدايـەت وەربگـرێ بـەوەی كـە خـوای تعـالى ﴿جل جلاله﴾ ناردوێتيەخوارەوە ئەوا خوای تعالى ﴿ جل جلاله﴾ بۆی زيـاد دەكـات

19 _﴿محمد﴾ الايه ١٧

وههەرکەسێ هیدایەت وەرنەگرێت خوای تعالی﴿ جل جلاله﴾ بۆی زیاد ناکات بەڵکو کەم دەبێتەوە وەکو دەفەرمووێت :﴿فَبِمَانَقْضِهِمْ مِّيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً.....﴾[20]

واتە: ﴿ئینجا بەهۆی هەڵوەشاندنەوەیان بۆ پەیمانەکەیان نەفرەتمان لێکردن و دڵە کانیانمان گێڕا بە دڵێکی ڕەق و ووشك واتە نەرم نابێ بۆ حەق و ڕاستی کەواتە پێویستە لەدوای ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بە قورئانی پیرۆز وە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بە فەرموودە وە پاشان بگەڕیینەوە بۆ فەرموودەی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ وەپاش ئەوانیش بۆ لای فەرموودەی تابیعین بەلآم بێ گومان دەبێت ووریا بین زۆر جار لەبەر هەواو ئارەزوو یان حیزب و بەرژەوەندی یان بەناوی دەعوە و بانگەواز یان ....هتد واز لە ئایەتی قورئانی پیرۆز دێنێت و چەندین تەئویلی بۆ دەکات یان واز لە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾دێنێت یان واز لەفەرموودەی هاوەڵان دێنێت و باز دەدات ودەڵێت فلاَن تابیعی یان فلاَن زانا یان فلاَن خوێنەر وادەڵێ!!!!!!!!!

بۆیە ئەوە هەڵەیەو نەپێکانە خاوەنەکەی بەرەو هەڵدێر دەبات،

هەربۆیە شوعبەی کوڕی حەجاج دەفەرمووێت : ﴿ اقْوَال التَّابعين فِي الفُرُعِ لَيْست حُجة، فَكَيْفَ تَكُون حُجةً فِي التَّفسِيرِ؟ يَعْنِي: أنَهَا لاتَكُون حُجةً عَلَى غَيْرِهِمْ مِمَنْ خَالفهُم وَهَذا صَحِيح ، أمَّا إذا إجْتَمَعوُا عَلَى الشيء فَلاَ يُرْتَاب فِي كَونه حُجَة، فإنْ إخْتَلَفوا فَلاَ يَكُون قَولُ بَعضَهم حُجَة عَلَى بَعضِ ، وَلاَ عَلَى مَن بَعْدِهِمْ ، وَيُرجِع

---

20 _﴿المائدة﴾الاية ١٣

فِـي ذلِـكَ إلى لُغـةِ القُـرآنِ او الـسُنَّة أو عُمـومِ لُغـةِ العَـرَبِ ، اواقْـوَال الصَّحَابة في ذَلكَ﴾[21]

واته:﴿ووتـەی تـابعین لـە لق و پـۆدا نابێتـە بەڵگە ئـیتر چۆن دەبێتـە بەڵگە لە تەفسیردا ؟!! واتە نابێتە بەڵگەلەسەر غـەیری ئـەوان لەوانـەی کە پێچەوانەیانن ئەما ئەگەر هـەموویان کۆبن لەسـەری ئـەوە گومـانی تیادانیە کە دەبێتە بەڵگە وەئەگەر ڕاجیای هەبوو هیچیان نابنە بەڵگـە لەسـەر ئـەوی تریـان وە هـەروەها نابێتـە بەڵگـە لەسـەر ئەوانـەی دوای ئـەوان لـەو حاڵەدا ئەگەڕێتـەوە بـۆ زوبـانی قورئـانی پیرۆز وسـوننەتی پێغەمبەروو﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ووتـەی هـاوەڵانی بـەرزی پێغەمبـەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ پێویستە مووسڵمانان بزانن کە هاوەڵانی بەرزی پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ کۆمەڵی بەناوبانگن لەتەفسیردا وە لـەدوای ئـەوانیش تابعین بۆیە السیوطی یەکەم جار باسی هەر چوارخەلیفە بەڕێزەکـەی پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەکات کەبەناو بـانگن ومەشهورن وەپاشـان باسی عبد الله کوڕی عـەباس و عبـد اللـە کـوڕی مەسعود دەکرێ ڕەزاو ڕەحمەتی خوای تعالى لەهەمویان بێت .

بۆیـــە شـــێخ عثـــیمین ڕەحمـــەتی خـــوای لێبێـــت لەڕافەیـــدا دەفـــەرمووێ﴿لاَشَـكَ انَّ الـصَّحابة رضـيِ الله عَـنْهُمْ اعْلَـمُ النَّـاسِ كَالخُلَفاء الأربَعـة أَبي بكر وعمر وعثمـان وعلـي ، ولَكِـنَ النَقْلُ عَنِ الثَلاثـةِ الأوَلِين قَلِيل ، لأنَهُـمْ مُشْتَغِلُونَ بالخِلافَةِ وَلأن النَّـاس لَـيْس

---

21 _﴿اصول التفسير﴾لشيخ الاسلام ابن تيمية بشرح الشيخ العلامة ﴿محمد بن صالح العثيمين﴾

عِنْدَهُم جَهل كَثِير بِمعَانِي القُرآن فَلَيسُوا بِحَاجَةٍ إلى انْ يُفَسِرُوه ، ومِنَ المُشْتَهِرِين أيْضاً عبد الله بن مَسعود وعَبدالله بن عباس .﴾[22]

﴿ بێگومان هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ زیرەکترینی خەڵکن بەڕافەی قورئانی پیرۆز بەڵام کۆمەڵێك لەناویاندا بەناوبانگن وەکو چوار خەلیفەکە ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت بەڵام لەسێ خەلیفەی ئەوەڵ واتە : ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت کەمتر تەفسیریان لێوە وەرگیراوە بەهۆی سەرقاڵیان بە ئیشی خەلافەتەوە خەڵکی لە و سەردەمەدا شارەزابوون لەڕافەکردن و زۆر پێویستیان پێ ی نەبوە بەڵام علی کوڕی ابی طالب ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبیت زیاتری لێوە وەرگیراوە و نقلْ کراوە پاشان دوای ئەم خەلیفە بەڕێزانە بەناو بانگەکان عبد اللە ی کوڕی مەسعود ، و عبدالله ی کوڕی عەباسە ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت ﴾

وەبێگومان تابعینیش زۆرن کە بەناو بانگن لەوانە:

﴿ئەهلی مەککە کە شوین کەوتەی ابن عباسن وەکو:(مُجاهِد، وَعِكْرِمة، ،وعَطَاء ابي رَبَاح﴾

﴿وەئەهلی مەدینە کە ئەتباعی أُبيّ بن كَعْب وەکو:(زَيْد بن أسْلَم، وَأَبي العالية ، وَمحمد بن كعب القُرَظي)

وەئەهلی کوفە : کە ئەتباعی ابن مسعودن وەکو:(قَتَادة، وَعَلْقَمة ، و الشَّعبي)

وەبێگومان لەدوای چوار خەلیفەکە ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت عبد الله کوڕی مەسعود و عبد اللە کوڕی عباس ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت فەزلێکی تایبەتیان هەیە لە ڕافەی قورئانی پیرۆزدا، ابن عباس

---

22 _﴿شرح مقدمة في اصول التفسير﴾ لشيخ الاسلام ابن تيمية ص:٢٢٦

ڕەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بێت پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ نای بەسنگی پیرۆزی و فەرمووی :﴿ اللَّهُمَّ عَلِّمْهُ الحِكْمَةَ﴾[23]
وەلەریوایەتێکی تردا ﴿ الكتاب﴾ [24]
هەتا ابو وائل دەفەرموێت :
﴿ خطبنا ابن عباس وهو على الموسم (أي والٍ علَى موسم الحج من عثمان ﴿رضى الله عنه﴾ ، فافتتح سُورَةَ (النور) فَجَعل يَقْرا ويُفسر ، فَجَعلتُ اقولُ : ما رأيتُ ولاَ سمعتُ كَلامُ رَجُلٍ مِثْلَهُ ولو سمعَتْهُ فَارس والرُّومُ والتُرْكُ لأسلمت﴾[25]
واتە: ﴿ ابن عباس (رضي الله عنهما﴾ ووتارى بۆ داین لە وەرزى حەجدا دەفەرموێت : لەسەرەتای سورەتی(النور)دەستی پێ کرد بە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی هەتا ووتم نەمبینیوە و نەم بیستوە نەگوێم لەڕاڤەی وابوە بەو شێوەی کەئەو ڕاڤەی دەکرد دەفەرموێ ئەگەرفارس و ڕۆم و تورك گوێیان لێبوایە مووسڵمان ئەبوون ﴾
وەلەبارەی عبدالله کوری مەسعودەوە ئەوەندە بەسە کە پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾پێ ی فەرموو:﴿ إنَّكَ لَغُلام مُعَلَّم﴾[26]
وەلە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت:﴿ مَنْ أحَب أن يَقْرَأ القُران غضا كما انزل فَلْيَقْرأه عَلى قِرَاة أم عبدٍ﴾[27]

---

23 _﴿ البخاري﴾ (٣٧٥٦)
24 _﴿متفق عليه﴾ البخاري (١٤٣) ومسلم (٢٤٧٧).
٢٥_ ﴿اصول التفسير﴾ لشيخ الاسلام ابن تيمية .
26 _﴿إسنادجيد ﴾ المسند (١|٣٧٩).
27 _﴿صحيح. اخرجه احمد (١|٤٤٥|٤٥٤). واسناده حسن ، وعند الحاكم (٣|٣١٧)عن علي ، وعند احمد (١|٢٥|٢٦) عن عمر ، وانظر النبلاء(١|٤٧٦).

واتە:﴿ هەرکەس پێ ی خۆشە قورئان بخوێنێ بەجوانی و ڕێك و پێکی وبیرلێ کردنەوە وەکو چۆن دابەزیوە ئەوا بابخوێنێ لەسەر خوێنـدنی إم عبد واتا ابن مسعود﴾

وەهە روەها لەرپوایەتێکدا ﴿ عَنْ عبدالله بن مسعود ﴿رضی الله عنه﴾ أنَّهُ قَالَ: ﴿ وَمَنْ يَغْلُلْ يَاتِ بِمَا غَلَّ يومَ القيامَةِ﴾(ال عمران) : ١٦١ ثُمَّ قَالَ: عَلَى قِراءةِ مَنْ تَامُرُني انْ اقرَأ؟ فَلَقَدْ قَرَاتُ عَلَى رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ بِضْعاً وَسَبْعِينَ سُورةً ، وَلَقَدْ عَلِمَ أصْحَابُ رَسول الله ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ أنِّي أعْلَمهُمْ بِكِتَابِ الله ﴿عزوجل﴾ وَلَو أعْلَمُ أنَّ أحَداً أعْلَمُ مِنِّي لَرَحَلْتُ إلَيْهِ﴾ قَالَ: شَقِيقٌ : فَجَلَستُ في حَلَقِ أصْحَابِ محمدٍ ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ فَمَا سمعْتُ احداًيَرُدُّ ذلكَ عَلَيْه وَلاَيَعِيبُهُ﴾ [٢٨]

واتە:﴿لە عبدالله ی کوڕی مەسعودەوە ﴿رضی الله عنه﴾کەدەفەرموێ:﴿ومَنْ يَغْلُلْ يَاتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ القِيامَةِ﴾ لەپاشدا فەرمووی لەسەر (قراءة) ی کێ فەرمانم پێدەکەن بخوێنم بەڕاستی من حەفتاو ئەوەندە سوڕەتم لەخزمەت پێغەمبەردا ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ خوێندوە ، هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ دەزانن من لە هەمویان زاناترم بەپەیامی خوایگەورە﴿جل جلاله﴾ ئەگەر بمزانیایە کەسێ تر هەیە زاناتر لەمن بارگەم دەبەست بۆلای ،(شقیق) دەڵێ:﴿دانیشتوم لەئەڵقەکانی هاوەڵانی محمد﴿صلى الله عليه وسلم﴾ نەمبیستوە کەسێك بەرپەچی ئەم قسەیەی بداتەوە ، یان نا تەواوی تیا بدۆزێتەوە﴾

---

28 _﴿صحیح مسلم﴾ ١٦٢١~﴿بخاری| فضائل القرآن ~٤٧١٤.

وەهــەروەها لەڕیوایــەتێکی تردادەفــەرمووێ:﴿وَالَّــذِي لَاالــه الا غَيْــرهُ مَانَزِلَـتْ آيـة مِنْ كِتَـابِ الله إلاَّ وانَـا اعْلَمُ فِيمَـا نَزَلَـتْ وايـنَ نَزَلَـتْ وَلَـوْ اعْلَمُ مَكانَ احدٍ اعلمَ بكِتابِ الله مِنى تنالُهُ المَطَايَا لأتيتُهُ﴾

ســویند دەخــوات ودەفــەرمویٚ:﴿ ســوێند بــەو خوایــەی جگــە لــەو پەرستراوی بەحەق نیە هیچ ئایەتێك لەقورئانەکەی خوا ﴿جل جلاله﴾ دانەبــەزیوە تــەنها زانیومــە لــە سەرچــی دابــەزیوەو لــەکوێ دابــەزیوە وەئەگەر بــزانم کەسیٚ هەیــە لەشــوێنیٚ شــارەزاترە بــەقورئانی خــوا﴿جل جلاله﴾ لەمن ئەوا ووشتر بیگاتیٚ ئەیگەمیٚ ﴾

بێگومان ئەم هاوەڵانە زۆر دورن لەوەی تەزکیەی نەفسی خۆیــان بکــەن بــەڵکو مەبەســتی ئەوەیــە کــەزانیاری و زانــستی لایــەو خــەڵکی شــتی لیٚ وەربگرن و لێی سودمەند بن والله اعلم.

﴿قەدەغە کردنی گۆرانیی و مۆسیقا لەژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزدا﴾

بەپــشتیوانی خــوای تعــالی﴿جل جلالــه﴾ بــۆ هــەموو مووســڵمانێکی بەڕێزو خوێنەریٚ دەنوسم کەسەرەتا دەبێت بزانین و بیروڕامان دەبێـت وابێــت کەهەرشــتیٚ خــوای تعــالی ﴿جل جلالــه﴾ کردبێتیــە شــەرع بــۆ بەندەکانی هەر لەفەرمان کــردن و ڕێگــرتن و بــەرەوا دانــانی حیکمــەتی گەورەی تێدایە جاحەڵاڵ کردنی بێت یان حەڕام کردنی وەهــیچ شــتێك بــیٚ حیکمــەت نیــە جــا ئەوانــەی ڕۆشــنە لامــان دەزانــریٚ و دەیــزانین وەئەوەی ڕۆشن نیە لامان و نایزانین ئەوا نایزانین وەلای هەندیٚ هەیــە ئاشــکراو ڕوونــە وەلای هەنــدێکی تــر شــاراوەو وونــە ، بۆیــە پێویــستە لەســەر هــەموو مووســڵمانێك کــە بەتــەواوی گــویٚ ڕایــەڵی خــوای

پەروەردگار بێت وەمل کەچی فەرمانەکان و نەهیەکانی بێت هەروەکو دەفەرموێ:﴿ فَلا وَرَبِّك لايُؤمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لايَجِدُواْ فِي أنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً﴾ [٢٩]
واتە:﴿ نەخێر وانیە کەخۆیان بەباوەڕدار نیشان دەدەن سوێند بە پەروەردگارت بڕوادار نین تا تۆ نەکەنە دادوەر لەهەر ئاژاوەو دووبەرەکیەکی نێوانیاندا لەپاشان هەست نەکەن لە دەرونیاندا بەهیچ بێزاریەك لەو بڕیارەی تۆ داوتە وەمل کەچ نەکەن بەملکەچی یەکی تەواو﴾
پاشانیش لەسەر مووسڵمانانیش پێویستە بەگوێرەی توانای خۆیان بگەڕێن بەدوای حیکمەت یان عیلەت وەپاڵ نەدەنەوە لەقەلەقی و بێزاریدا بژین بۆیە ئەگەر پرسیار کەرێك بپرسێ و بەو زانا بەرێزانە بڵێ کە مۆسیقاو گۆرانی و دەهۆڵ و زووڕنا ....هتد بە حەلاڵ دەزانن حیکمەت لە حەلاڵ کردنی مۆسیقاو گۆرانی چیە؟؟؟؟!!!!!
بێگومان ناتوانرێ وەڵامێکی وا بدرێتەوە کەدڵ ئارام بکات و قەناعەت بە مووسڵمانی بە ویژدان بکات "
پاشان ئەگەر کەسێ بڵێ باشە ئەی حیکمەت لە حەرام کردنی مۆسیقاو گۆرانی چی یە؟
بەپشتیوانی خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ ئێمە دەڵێین بەڵێ هەم بەدەقی قورئانی پیرۆز هەم بەفەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ وەهەم بەفەرموودەی تابیعین و زانایان ، وە حیکمەت لەحەرام بوونی مۆسیقاو گۆرانی ئەوەیە کەمووسڵمانان دوور ئەخاتەوە لە زیکری خوا ﴿جل جلاله﴾ وە دوور کەوتنەوەیە لە واجبە شەرعیەکان

29 _﴿ النساء﴾الاية ٦٥

بێگومان دڵێ وەرگری مۆسیقاو گۆرانی بێت چۆن قورئانی تیادا جێ دەبێتەوە؟!!
شیخ الالبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ:﴿قد كنت في المسجد يوم الجمعة أستمع الى الخطبة وبجانبي شاب في نحو ثلاثين من العمر وقد جلس متربعا وهو يطقطق بأصابعه على الارض كما لو كان يسمع اغنية فهو يرقص أصابعه معها وأشرت اليه بالإمتناع والاستماع للخطبة﴾[30]
واتە:﴿دەفەرمووێ لەمزگەوت بووم ڕۆژی هەینی گوێم لە ووتار دەگرت وەگەنجێ لەپەناما بوو تەمەنی لەدەوری سی ساڵان دەبوو چوار مشقی دانیشتبوو پەنجەکانی یەك لەدوای یەك دەدا بەزەوی دا وەکو ئەوەی کە گوێ ی لە گۆرانی گرتووە پەنجەکانی دەجوڵاند لەگەڵیدا !!! دەفەرمووێ منیش ئیشارەتم بۆ کرد کەوا نەکات و گوێ لە ووتارەکە بگرێت﴾
شیخ الالبانی دەفەرمووێ:﴿ووتم بەڕاستی إبن القیم ڕەحمەتی خوای لێبێت ڕاست دەکات کەدەفەرمووێ کاریگەری و بەرهەمی ئەوانەی کەئالودەی مۆسیقاو گۆرانی و.....هتد بون تیایاندا دەر دەکەوێت بە ڕواڵەت و بینین واتە کاریگەری و شوێنەواری لەسەر ئەوانە دیاریە بۆیە دەفەرمووێ ئا ئەوانەش و نموونەی ئەوانەش بەڵگەن لەسەرئەوەی کەڕێگری مرۆڤ دەکەن لەزیکرو یادی خوا﴿جل جلاله﴾ وە ڕاستی ڕاڤەی لهو الحديث دەردەخەن.

30 _﴿تحريم الات الطرب﴾لشيخ محمد ناصر الدين الالباني.

خوێنـەری بـەڕێز:﴿ابـن القـیم ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت چـەند ئـاوازو بیـــستنێکی شــەیتانی بــاس دەکــات و ناوەکانیــان دیــاری دەکــات و دەفەرمووێ:

﴿اللـهو~ اللغـو~ الـزور~ المكـاء~ التـصدية~ رقيـة الزنـا~ منبـت النفـاق في القلـب~ الـصوت الاحمـق~ الـصوت الفـاجر~ صـوت الشيطان~ مزمار الشيطان~ السمود﴾[31]

بێگومان هەر ناوەکانیـان دەلالـەت دەکات لەسـەر وەصفیان و خراپیـان وەکوو دەفەرمووێ:

أسماؤه دلَتْ على أوصافه   تبًا لذي الاسْمَاءِ والاوصَاف

کەواتە بابچینە خزمەت قورئانی پیرۆز تا بزانین چۆن باسی حەڕامی مۆسیقا وگۆرانیمان بۆ دەکات"

سەرەتا بە پشتیوانی خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ نـاوی ﴿لهـو الحـدیث﴾باس دەکـەین و ڕاڤـەی دەکـەین ، لـەقورئانی پـیرۆزدا ، خـوای تعـالی ﴿جـل جلاله﴾دەفەرمووێ:

﴿ومنَ النَّـاسِ منْ يَشْتَرِي لَهُـو الحديثِ لِيُضِلَّ عَنْ سبيلِ الله بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخذَهَا هُزُواً أُوْلَآئِك لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾[32]

واتە:﴿هەندێ لە خەڵکی هەیە قسەو باسی بێهودە دەکات بۆ ئەوەی بـە نەزانی خەڵك لە ڕێگەی خوا ﴿جل جلاله﴾ گومڕا بکات وەڕێگەی خـوا ﴿ جـل جلالـه﴾ دەکاتــە جێگــەی گاڵتــەو لاقرتــێ ، ئـا ئەوانــە ســزای ڕیسواکەریان بۆ هەیە﴾

---

31 _﴿إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان﴾ابن القيم

32 ـ﴿سوره لقمان﴾ الايه ٦

ئەو بەڵگانەی کە ﴿لهو الحديث﴾لەئایەتەکەدا بە گۆرانی و هاوشێوەی دەزانن تەرجومانی قورئان (عبد الله کوڕی عباس)ە ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بێت دەفەرمووێ: ﴿نَزَلَتْ فِي الغِنَاءِ وَاشْبَاهِهِ﴾[٣٣]
واتە: ﴿دابەزیوە لەسەر گۆرانی و هاوشێوەکانی وەکو مۆسیقاو........هتد﴾

وەدووەمیان : عبد الله کوڕی مسعود ﴿رضی الله عنه﴾ پرسیاریان لێکرد سەبارەت بەو ئایەتە پیرۆزە فەرمووی:﴿ هُو الغِنَاء وَالَّذي لاَ الَهَ إلاَ هُوْ يُرَدِدُهَا ثَلاَثَ مَرَات﴾[٣٤]
واتە:﴿ سێ جار سوێندی خوارد کەمەبەست بە گۆرانیە﴾

وەسێیەمیان:(عکرمە﴾ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت :﴿ قال شُعَيب بن يَسار سَألتُ عِكْرِمَة عَن لَهو الحدِيثِ؟قال:﴿هُو الغِنَاء﴾[٣٥]
واتە:﴿شوعەیبی کوڕی یەسار دەفەرموێت : پرسیارم لە عکرمە کرد لە ﴿لهو الحديث﴾ فەرمووی ﴿ئەوە گۆرانیە﴾

---

33 _اخرجه البخاري في الادب المفرد١٢٦٥، وابن ابي شيبة ٦/٣١٠ ، وابن جرير في التفسير ٢١/٤٠، وابن ابى الدنيا في ذم الملاهي ، والبيهقي في السنن ١٠/ ٢٢١/ ٢٢٣ من طريقة عنه.

34 _اخرجه ابن أبي شيبة ، وابن جرير ، وابن ابي دنيا ، والحاكم ٢/ ٤١١ ، والبيهقي في الشعب الايمان ٤/٢٧٨/٥٠٩٦، وابن الجوزي في تلبيس ابليس ص/٤٦، وقال الحاكم صحيح الاسناد ووافقه الذهبي وصححه ابن القيم.

35 _اخرجه البخاري في التاريخ ٢/ ٢١٧) ، وابن جرير ايضاً ، وابن ابي شيبة وَابن ابي الدنيا وللفظ له~ ومن طريقة البيهقي ورجاله ثقات ، وابن حبان ٤/ ٣٥٥) فهو حسن الاسناد ولاسيما وقد تابعه اسامة بن زيد وهو ﴿الليث﴾ هنا وهو حسن الحديث فبهذه المتابعة القوية صح الاثر والحمد لله

وەلەڕیوایەتێکـــــدا ابـــــن جریـــــر لەڕێگـــــەی مجاهـــــد دەفەرمووێ:﴿اللهو﴾:﴿الطبل﴾[٣٦]

وەهــەروەها شـێخ حەســەنی بەصــری وە ســعیدی کــوڕی جوبــەیر وەسەعیدی کوڕی موسەیەب .... وەچەند تابیعیەکی تریش﴾

بۆیــە ﴿الواحــدی﴾دەفــەرمووێ:﴿اکثـر المفـسِّرِينَ عَلَـى أنَّ المُـرَادَ ب (لَهْوَ الَحديث)الغِنَاء﴾ وقَالَ اهْل المَعَاني :﴿ ويَـدْخُلُ فِي هَـذا كُلْ مَـنْ اخْتَار اللَهْوَ وَالغِناء وَالمَزامِيروالمعَازِف عَلَى القُرآن﴾[٣٧]

﴿زۆرینەی ڕاڤە کەرانی قورئانی پـیرۆز لەسـەر ئـەوەن کـە لهوالحـدیث مانای گۆرانیە﴾وە ئەهلی مەعانیش دەڵێن دەچێتە ئەو بابـەوە هـەموو ئەوانەی کەهەڵگری اللهون وەکو شمشاڵ و زووڕناو کەمان و .....هتد﴾

پاشان ئەگەر ورد ببینەوە لـە ووشـەی الاشتراء بـە مانـای (الاسـتبدال والاختیـار)ە وەلەگەڵ تێبینیـەکی گرنگ لەسـەر لامـی ~لیضل~ ئـەم لامە لامـی العاقبەیـە نـەك لامـی تعلیـل وەکـو لـە تەفسیری الواحـدی دا هـاتوە بـەمانای ﴿لیـصیر امره الی الـضلال﴾ هـەروەکو ابـن جـوزی لـە (زاد) دەفەرمووێ (٦/٣١٧)واتەهەرچی ئەو کـارە بکـات سـەرئەنجامەکەی گومڕابوون و سـەر لێشێواویە ، لێـرەدا هەنـدێ گرفـت دێنـە پـێش لـەم ئایەتەدا کەبێگومان گرفتی تێدانیە بەڵکو گرفتەکە لەو کەسانەدایە کە بـوێری دەنـوێنن و حـوکمی ئایەتەکـە لادەدەن لـە ڕاڕەوی خـۆی بـە تەئویل و نەزانین !!

---

36 _(رجاله كلهم ثقات فهو صحيح ان كان ابن جرير سمعه من مجاهد) قال شيخ الالباني في تحريم الات والطرب ص ١٤٤.

37 _تفسير (الوسيط) للواحدیّ ٣/ ٤٤١.

بێگومـان ئەمـەش لەبـەر خـاتری سەرخـستنی بۆچـونی هەنـدێ کـەس بـەلاّم والله تـێ نەگەیـشتنیان لـە ئایـەتی خـوای تعـالی ﴿جـل جلالـه﴾ دەردەخات بەلاّم هەرکەسێ کە دڵی مردبێ فیتنـەی شـەهەوات لەدڵیـدا گەورە بوبێ بێگومان ڕێگری لێ دەکرێ بۆ وەر گرتنـی حـەق و ڕاسـتی ﴿وَمَنْ يُرِدِ اللهُ فِتْنَةً فَلَنْ تَمْلِكَ لَـهُ مِنَ اللهِ شَيْئاً أُولَئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُـرِدِ اللهُ أنْ يُطَهِّـرَ قُلُـوبَهُمْ لَهُـمْ فِي الـدُّنيَا خِـزْيٌ وَلَهُـم فِي الأَخِـرَةِ عَـذَابٌ عَظِيمٌ﴾[38]

جا سێ خاڵ باس دەکەن بۆ لادان لەو حوکمەی کەلە ئایەتە پیرۆزەکەدا هاتوە:

١-﴿ انَّه لاَ حُجةَ لأحدٍ دُونَ رَسُول الله ﴿صلى الله عليه وسلم﴾.

2_﴿انه قَدْ خَالَف غَيْرُهُم مِنَ الصَّحابَةِ والتَّابعين﴾

٣-﴿انَ نَص الايَة يُبْطِل احْتِجَاجِهم بِهَا ؟ لأن فِيهَا ﴿ ومـن النـاس مـن يـشترى لهـو الحـديث ليضل عـن سـبيل الله بغير علـم ويتخـذها هزوا اولئك لهم عذاب مهين﴾وهَذِه صِفَة مَنْ فَعَلَهَا كَانَ كَافِراً بِلاَ خِلاَف اذا اتَّخَذَ سَبِيلِ الله تعالى هُزوا...﴾

لەوەلاّمدا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو بۆ چونە هەڵەیە دەڵێین :

١- کاتێ دەڵێ هیچ کەس نابێتە بەڵگە جگە لە پێغەمبەری خوا ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەڵـێین ﴿کلمـة حـق اريـد بهـا باطـل﴾لەبـەر ئـەوەی بـە بۆچوونی خۆی وا دەزانێ ئەم ئایەتە پیرۆزە پێچەوانەی ئـەو ڕافەیەیـە کەلەپێغەمبەری خواوە ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ هاتووە کە هـەرگیز شـتی وا نەبووە و نابێ !!!!!ئەگینا چۆن عبدالله ی کوڕی مسعود سێ جار سوێند دەخوات !!!!

---

38 _﴿ سورة المائدة ﴾ الاية ٤١.

وەهیچ هاوەڵێکیش دژایەتی لەگەڵ ئەم ڕافەیەدا نەبووە بەس تەنها پێچەوانەی ئەو ڕافە ووشکەیە کە ابن حزم و هاوڕاکانی دەیکەن بۆیە هەڵەو نەپێکانی ابن وحزم و هاوڕاکانی زۆر بەڕۆشنی دیارە ..
وەبێگومان بۆچون و ڕافەی هاوەڵان لە لایەکەو ابن حزم و هاوڕاکانی لە لایەکی تر .

٢_کە دەڵێن پێچەوانەی ئەو ڕافەیەن چ لەهاوەڵان و چ لە تابعین !!-
دەڵێین باشە ئەگەر پێچەوانەی هاوەڵان هەیە لەسەر ئەو ڕافەیە ناوی دووهاوەڵی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾بێنن کە فەرموویێتیان مەبەست گۆرانی و مۆسیقا نیە ؟؟!!بێگومان هیچ هاوەڵێك شتی وای نەوتووە وەزۆرێ لە تابیعینیش هەر ئەو بۆچونەیان هەیە وە ئەگەر کەمێ لەتابیعین هەبن ئەوا فەرموودەی هاوەڵان پێش دەخرێت وەکو پێشتر ڕوونم کردەوە لە باسی پێش چوونە ناو ڕافەی قورئانی پیرۆز ، پاشان ئەگەر کۆمەڵێ لە تابیعین بۆچونیان وابێت کە مەبەست گۆرانی و مۆسیقا نییە ئەوا قسەی هاوەڵان پێش دەخرێت بەتایبەت ﴿عبد الله ی کوڕی مسعود ﴾و ﴿ ابن عباس ﴾ وە لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێ لە تابیعینیش بۆ چونیان وایە کەمەبەست گۆرانی و مۆسیقایە دەی بۆ هەمیشە ڕای پەسەند و ڕاجح وەرنەگرین کەبێگومان باشترە وە لەگەڵ ئەوەشدا کە فەرموودەی هاوەڵان پێش دەخرێت لە ﴿تەفسیر و حدیث و فقهدا﴾.

کە دەڵێ :﴿أن النص الاية.........﴾

٣-دەڵێت دەقی ئایەتە کە خۆی ئەو بەڵگا نە بەتاڵ دەکاتەوە چونکە لە ئایەتەکەدا هاتووە ﴿ومن الناس........﴾ کە ئەمە سیفەتێکە هەرچی بیکات کافرە بەبێ جیاوازی ئەگەر دینی خوای گەورە بەلاقرتێ بگرێ

دەڵێین ابن القیم (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت ﴿ئایا نابینن کەهەندێ کەس لە مووسڵمانان لەم سەردەمەدا لهو دەکەن لە دانیشتنیان لە ئاهەنگەکانیان بەقسەی دونیایی وەجگەرە کێشان و تاوڵەو قومار ....﴾ لەکاتێکدا دەبیستین کەخوای گەورە ﴿جل جلاله﴾ دەفەرمووێ ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءامَنُوا إِنَّمَا الخَمْرُ وَالمَيْسِرُ وَالأنْصَابِ وَالأزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوُه لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾[٣٩] دەی لە کاتێکدا کەگوێ بیستی ئەو ئایەتەو چەند ئایەتێکی پیرۆزی تر دەبن کەچی ئەوان هەر لەسەر قسەی لهو و سەرسامی خۆیانن هەروەکو ئەوەی کە گوێیان خنرابێت وگیرابێ ئایا ئەوانە کافرن ؟؟ ئەی ابن حزم وهاوڕاکانی !!! بەڵکو ئەو مەوقیفە کەبەو جۆرەیە قەولی ابن عەباسمان ﴿رضی الله عنهما﴾بیر دەخاتەوە کە دەفەرمووێ:﴿کفر دون کفر﴾ خۆهەموو کفرێ خاوەنەکەی لە میلە دەرناکات بۆیە هەموو نموونەی ئەوانە بەشێکیان هەیە پشکێکیان هەیە لەو زەم و سزایەدا جاهەرکەس بە ئەندازەی خۆی بەردەکەوێ هەروەها ابن العطیة دەفەرموێ:﴿ والایة باقیة المعنی في امة محمد ﴿صلی الله علیه وسلم﴾ولکن لیضلوا عن سبیل الله بکفر ولا یتخذوا الآیات هزوا، ولا علیهم هذا الوعید بل لیعطل عبادة ویقطع زمانا بمکروه ولیکون من جملة العصاة والنفوس الناقصة﴾[٤٠] کەواتە ئەوانەی شارەزای بواری تەفسیرن بۆچونیان وایە کە لهو الحدیث لە ئایە تە کەدا مەبەست گۆرانی و مۆسیقایە ....دەی کەواتە بۆچی ئێمە ڕای پەسەندو چاك وەرنەگرین لە ووتەی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﴿صلی

39 _﴿ المائدة﴾ الایة ٩٠

40 _﴿ تفسیر (المحرر الوجیز) لعلامة ابن عطیة الأندلسیّ (١٣/ ٩).

الله عليه وسلم ﴾ ؟!!!!!! بۆچی تەئویلات و پینەو پەڕۆ بێنینەوەو وەرگرتنی لەسەر دڵمان قورس بێت لە کاتێکدا کەپینەو پەڕۆکردنی ڕاو بۆچونەکان سوود و قازانجی تیادا نیە نەلەبواری دەعوەو بانگەواز نەلەبواری لایەنی ڕۆحی !!! بەڵکو گومان نی یە لەوەدا کە گۆرانی و مۆسیقا ڕێگرە لەبەردەم تێگەیشتنی مرۆڤ لە قورئانی پیرۆزو ئیش پێکردنی بۆیە دەڵێم شارەزای بواری خۆی ڕاستی ووتوە کەدەڵێ:

أتَذكُرُ لَيْلَةً وَقَدْ إجْتَمَعْنَا عَلَى طِيبِ السَّمَاعِ إلى الصَّبَاحِ
وَدَارَتْ بَيْنَنَا كَأسُ الاغَانِي فَأسْكَرَتِ النُّفُوس بِغَيرِ رَاحِ
فَلَمْ تَرَى فِيهِمِ إلا نَشَاوَى سُرُوراً وَالسُّرُورُ هُنَاك صَاحِي
إذاَ نَادَى أخُو اللَّذَاتِ فِيه أجَاب اللَّهوَ:حَيَّ عَلَى السَمَاح

ئایەتی دووەم : خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ دەفەرموێت :﴿وَقُلْ جَاءَ الحَقُّ وَزَهَقَ البَاطِلُ إنَّ البَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾[٤١]

واتە:﴿ وەبڵێ ئاینی ڕاست و هەق هات وە ئاینی ناهەق و بەتاڵ نەماو ڕۆیشت بە ڕاستی بەتاڵ هەمیشە لە ناو چووە﴾ جا ابن القیم دەفەرموێ:﴿ بەتاڵ بەمانای هەر بوونی نیە ، یان بوونی هەیە بەلام هیچ سوودی نیە جا بەتاڵ وەسف دەکات بە مانای ﴿الكفر~ الفسوق~ العصيان~ السحر~الغناء~ استماع الملاهي﴾[٤٢]، بۆیە پیاوێك لە ابن عباس ی پرسی ﴿رض الله عنهما﴾ ﴿ مَاتَقول فِي الغِنَاءِ " حَلَالٌ هُو أمْ حَرَام" فَقَالَ : لاأقُولُ حَراماً إلامَافِي كِتَابِ الله ، فَقَالَ أفحَلالٌ هُو؟ فَقَالَ وَلاَ أقُولُ ذَلِك ،ثُمَّ قَالَ لَهُ أرَأيْتَ الحَقَ وَالبَاطِلَ إذَا جَاءَ يَومَ

41.﴿الاسراء﴾الاية ٨٠ ~٨١ .
42.﴿اغاثة اللهفان من مصايد الشيطان﴾ ابن القيم .

القِيَامَـة فأيْنَ يَكُونُ الغِنَـاء ؟ فَقَالَ الرَّجُل يَكُون مَعَ البَاطِل ، فَقَالَ إذهَبْ فَقَدْ افْتَيت نَفسَك﴾

واته: ﴿ پیاویك پرسیاری كرد له ابن عباس و فەرمووی چی دەڵێی دەربارەی گۆرانی ؟! ئایا حەلاڵە یان حەرامە ؟ فەرمووی ناڵێم حەرامە تەنها مەگەر له قورئانی خوای گەورەدا بێت كابرا ووتی ئەی ئایا حەلاڵە ؟ فەرمووی شتی واش ناڵێم ، پاشان ابن عباس پێی فەرموو دەبینی كەحەق و ڕاستی وە باتڵ و ناڕاست كاتێ دێ لەڕۆژی قیامەتدا گۆرانی له كوێیاندایه واته له حەق یان بەتاڵ؟ كابرا ووتی لەگەڵ بەتاڵدایه ابن عباس فەرمووی : كەواته بڕۆ خۆت فەتوات بۆ خۆت دا.

ئەوه وەلامی ابن عباس ڕەزاو ڕەحمەتی خوا له خۆی و باوكی بێت كه بێگومان لەو سەردەمەدا ئەو گۆرانیەی كه ئەوان پرسیاریان لێكردوه پیا هەڵدانی تێدا نەبوه بەسەر ﴿شەراب و ئافره ت و ....هتد﴾ وه ئەم ئاله تانەی كەدڵی مرۆڤ ئەخاته ڕەقس و سەما لەو سەردەمەدا بەم ئەندازەی ئێستا نەبووه بۆیه ئەگەر ابن عباس ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لەخۆی و باوكی بێت لەم سەردەمەدا بوایه چی دەوت ؟؟!!!

ئایەتی سێ یەم: لەسەر بەڵگەی حەرام بوونی مۆسیقاو گۆرانی......هتد.

خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾دەفەرمووێت:﴿ وَالَّذِينَ لايَشْهَدُونَ الزُّور وَإذَا مَرُّواْ بِاللَّغْوِ مَرُّواْ كِرَاماً ﴾[٤٣]

واته:﴿ بەندەكانی خوا﴿جل جلاله﴾كەسانێكن كه شایەتی درۆ نادەن وه كاتێ تێپەڕ دەبن بە لای شتی بێ كەڵك و بێ سوودا واته ئەنجام

43ـ﴿الفرقان ﴾ الاية ٧٢

بـدرێت لەلایـەن موشـریکەکان ونەفامەکانـەوە تێپـەڕ دەکـەن و دەڕۆن بەڕێزەوە بێ گوێ دانە ئەو نەفامانە﴾.
محمدی کوڕی الحنیفـە دەفـەرموێ : الـزور هنـا :الغنـاء واتـە مەبەست گۆرانیــە ﴾ دەفــەرموێت ﴿لایحــضرون مجـالس الباطـل﴾.واتـــە:﴿ ئامـــــادەی کـــــۆڕو کۆبونـــــەوەکانی باتـــــڵ نـــــابن﴾ وەووشەی اللغو لە زمانەوانیدا واتـای ﴿کل مـایلغی ویطـرح﴾وە مانـای﴿ لایحضرون مجالس الباطـل ﴾ واتـە: ئامـادەی کـۆڕە بـە تاڵـەکان نـابن کـاتێ کەبەلایانـدا تێدەپـەڕن وە ڕێـزی خۆیـان دەگـرن لـەوەی لـەلایان بوەسـتن واتـە ناوەسـتن و دڵیـان بەلایانـدا لێ نـادات دیـارە موشـریك و نەفامـەکان لـە جەژنەکانیانـدا گاڵـەو گـاڵ و بـەزم و ڕەزم و گـۆرانی و مۆسیقا .....هتد ﴾ تێدابوە هەروەکو سەلەف ڕەحمەتی خوایـان لێبێت ڕاڤـەیان کـردوە دەی ئەمانـە بـەڕێزەوە بەلایانـدا تێپـەڕیون و لایـان لێنەکردونەتەوە ﴿الزجاج﴾ دەفەرمووێ﴿ لایجالسون أهل المعاصی ، ولایمالئونهم علیها ، ومروا مر الکرام الذین لایرضون باللغو،لأنهم یکرمون أنفسهم عن الدخول فیـه وَالاختلاط باهلـه﴾واتـە:﴿دانانیـشن لای خەڵکی گوناهکار وەدڵ و حەزیان لێنادات بۆیان ، وە تێدەپـەڕن بـە تێپەڕبوونێکی بەڕێز تێپەڕبوونێ کەڕازی نابێ بـە اللغـو لەبـەر ئـەوەی ئەوان ڕێزی خۆیان ئەگرن لە چونە ناویان و تێکەڵ بوونیان﴾..
وە خوای گەورە ﴿جل جلالە﴾ وەسف و سەنای ئەوانـە دەکـات کەپشت لـە لغو دەکەن کـاتێ گوێیـان لێ دەبێـت وەکـوو دەفـەرمووێ:﴿ وَإِذَا سَمِعُواْ اللَّغْوَ اعْرَضُواْ عَنْهُ وَقَالُواْ لَنَا اعْمَالُنَا وَلَكُمْ اعْمَالُكُمْ سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ لانَبْتَغِي الجَاهِلِينَ ﴾[44]

---

44 _ ﴿القصص﴾ الایة ٥٥

واتـه : ﴿ كـاتێ قـسەی ناپەسـەندو هـیچ دەبیـستن پـشتی تێدەكـەن و دەڵـێن بـە نـە فامـان ئـەنجامی كردەوەكانمـان بـۆ خۆمانـەو ئـەنجامی كردەوەكانی ئێـوەش بـۆ خۆتانـە سـەلامی جیابوونـەوەتان لێبێـت ئێمـە هاوڕێیەتی و تێكەڵی نەفامانمان ناوێ﴾...

جاهەر چەندە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە تایبەتـە ،بـەڵام مانـای گشتیە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە كە خۆیان لە لهو ولغو بەدوور دەگرن ودەڵێن ﴿ لنا اعمالناولكم اعمالكم﴾

جائەگەر وورد ببینەوە لەو ئایەتـە پیرۆزەی خـوای گـەورە ﴿جل جلالـه﴾ كە دەفەرمووێ:﴿ لایشهدون الـزور﴾ نـەی فـەرمووە ﴿بـالزور﴾لەبـەر ئەوەی ﴿یشهدون﴾ بـەمانای ﴿یحـضرون﴾جـا خـوای گـەورە وەسـفیان دەكـات بـەوەی كـە ئامـادەی دانیـشتن و مـەجلیـسی ﴿الـزور﴾نـابن وە بێگومـان ئەگـەر لـە كـەلام و قـسەو كاریـان بەشـدار بـێ توشـی گونـاه و تاوان دەبێ خۆ گوناه و تاوانبار بونیش بۆ شتی حەڕامە واتە لە شـتی حەڕامدایـە ، وەگومـان نییـە لـەوەدا كـە مۆسـیقا و گـۆرانی گـەورەترین ﴿الزور﴾ن.

بۆیـە ئـەو كەسانەی كـە بیرو بـۆ چـونیان وایـە كـە مۆسـیقا و گـۆرانی حەڵاڵـە بالـە ئایـەتی خـوای گـەورە ﴿جـل جلالـه﴾ وورد ببنـەوە وە لـە فـەرموودەی صـەحیحی پێغەمبـەر ﴿صـلی اللـه علیـه وسـلم ﴾ ووردببنـەوە چونكە ڕۆژێ لەپێشماندایە كەهەموومان بەرەو ڕوی دەڕۆین و تۆمـاری قسەو كارو نووسین و.......هتد مان لای خوای تعالی ﴿جل جلاله ﴾تۆمـارە وەدەبـێ ئـەوەش بـزانین ئـەم دینـە ئەمانەتـە نـابێ بـە بـێ زانیـاری بیـشێوێنین ، وە بـۆ دەبێـت دەهـۆڵ و زووڕنـا شمـشاڵ و ...هتـد بـۆ نـا مووسڵمان حەڕام بێت بەڵام بۆ حیزبە ئیسلامیەكان حـەڵاڵ بێـت؟!!!!! فەرق و جیاوازی ئەو ئامێرانەی نا مووسـڵمان بـەكاری دێنێـت لـە گـەڵ

ئەو ئامێرانەی مووسڵمانان بەکاری دێنن چیە؟!!!!!بێگومان چۆن ئەو ئامێرانەی دڵ و هەستی مرۆڤ دەهەژێنێت کە کەسێکی نامووسڵمان بەکاری دێنێت ئاوەهاش مرۆڤ لە فیترەتی پاکی دەردەچێت ئەگەر گوێبیستی بێ با حیزبی ئیسلامیش لێی بدات و بەکاری بهێنێ!!!!!! چۆن شێخ البانی رەحمەتی خوای لێبێت باسی ئەو گەنجەی کرد وەالله منیش لە مزگەوتێ لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی دانیشتبووم کۆمەڵێ گەنج هاتن سروودیان دەوت یەکێك لەو برایانەی سروودەکەی دەووت لە پێشی ئەوانی ترەوە بوو ئەوانی تر لەدوایەوە ئەیان ووتەوە دەفێکی بەدەستەوە بوو لێی دەدا برادەرێکم لە تەنیشتم بوو پێی ووتم (سەیری قاچی کە چی لێدەکات ﴾والله سەیری قاچیم کرد خێرا خێرا ئەیدا بە زەویدا هەروەکوو ئەوەی گۆرانی بڵێ بە حسابی خۆی سروودی ئیسلامی دەووت!!!...

واحذر مناقشة الحساب فإنه	لابد يحصى ما جنيت ويكتب
لم ينسه الملكان حين نسيته	بل اثبتاه وانت لاه تلعب

ئایەتی چوارەم: لەسەر بەڵگەی حەرام بوونی مۆسیقاو گۆرانی خوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ دەفەرمووێ:﴿أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ* وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ * وَأَنْتُمْ سَامِدُونَ ﴾[45]

واتە: ﴿جا ئێوە لەم ووتەیە کە قورئانی پیرۆزە سەرتان سوڕدەمێنێ؟!وە پێدەکەنن و ناگرین !! وەئێوە سەرسام و سەرگەرم و بێ ئاگان﴾

---

45 ﴿ النجم ﴾ الایه ٥٩ ~٦١

ابـن عبـاس ﴿رضـى الله عنهما﴾دهفـهرموويّت : ﴿ أنـتم سـامدون﴾ : ﴿هـو الغناء وهي يمانية : يقولون :اسمد لنـا : تغنّ لنـا ﴾وفي الروايـة عن ابـن عبـاس ﴿ رضى الله عنهما ﴾ قـال ﴿الـسـامدون : المغنـون بلحميريـة ﴾وقال عكرمة والضحاك :﴿ السمود: اللهو واللعب ﴾[٤٦]

واته: ﴿بريتيه له گۆرانی به يهمانی وهدهڵێن اسمد لنـا واتـه گۆرانيمـان بۆبڵێ ﴾

وه له ڕيوايهتێكی تردا ﴿ السامدون واتـه : گـۆرانی بـه حومـهيری﴾ وه عكرمـهو ضـحاك دهڵێن :﴿ السمود: واتـه:﴿ اللهو واللعب﴾واتـه گاڵتـهو گهپ و شتێ بێسوود كه مرۆڤ سهرقاڵكات به بێ سوود﴾

وهعكرمه دهفـهرموێت :﴿كـانوا اذا سمعوا القرآن تغنـوا فنزلـت هـذه الاية ﴾

واته:﴿كاتێ گوێيان له قورئان دهبوو گۆرانيان دهووت بۆيه ئـهم ئايهتـه دابهزی﴾

وه ابو زيد دهڵێ:

وكان العزيف فيها غناء　　　للندامى من شارب مسمود

جا ههندێ لێرهدا دهڵێن ئهگهر بـهمانای گـۆرانی ووتـنيش بێـت دهبێـت مهبهست لهو گۆرانی ووتنه گـۆرانی كافران بێـت كهدژايـهتی قورئـان و دينی ئيسلامی پێدهكرێت !!!

ئێمهش لـه وهڵامـی ئـهو بۆچـونانهدا دهڵـێين : ﴿ مهبهسـت بـه گـۆرانی بهشێوهيهكی گشتی يه ناتوانرێ تايبهت بكرێ بـه گـۆرانی دژی ئـايينی ئيسلام و قورئانی پيرۆز چونكه خۆ ههموو گۆرانی كافرانيش ههمووی ههر دژايهتی دينی ئيسلام نهبووه به دهليلی ئـهوهی گـۆرانی و مۆسـيقا

---

46 ـ﴿جامع البيان﴾٢٢/٥٦٠ ~٥٦١ باسانيد المتصله ، وانظر تفسير القرآن العظيم لابن كثير.

له پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش هەر هە بووە وەنەفامەکان ووتویانە ، وەئەو کاتەش شتێ نەبووە بە ناوی قورئانی پیرۆزەوە وەیان دینی ئیسلام تا دژایەتی بکەن!!

وەزۆر جار گۆرانیەکانی پێش ئیسلامیان وتووە و هیچ دژایەتیەکی تێدا نەبووە ، بەڵکو ئەوانیش لە ناویاندا باو بووە وەکو هونەرێ ، بەلأم ئەوان ئەوەیان لێدێتەدی کاتێ قورئانی پیرۆز بخوێندرایە ئەمان هەلگری گۆرانی و مۆسیقا دەبوون وە بێگومان ئەو لۆمەیەش کە خوای تعالی ﴿ جل جلاله﴾ دەیان کات حیکمەتی گەورەی تیادایە ، حیکمەتەکەش ئەوەیە کەکاتێ قورئانی پیرۆز هەبێت پێویستت بە گۆرانی و مۆسیقا نییە چ بۆ ئارامی دڵ وەچ بۆ چێژو لەزەت وەرگرتن ئایا هەیە لە قورئان ئارام بەخش و چێژ وەرگرتر؟!!!!بێگومان لە شوێنی خۆیدا انشاء الله روونی دەکەینەوە کە سروود و نەشیدە بێ ئامێرەکان دروستن وە لەکاتی بۆنەو ئاهەنگەکاندا کەتایبەت بوون دەفیش بەکار هاتووە وەبێگومان ئیسلام میانرەوە هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی لەبیر نەکردووە بەلأم شتێکیشی بەرەوا داناوە کە لەگەڵ کات و شوێن و سروشتی پاکی مرۆڤدا بگونجێ﴾

ئایەتی پێنجەم: لەسەر حەرام بوونی مۆسیقاو گۆرانی: خوای تعالی ﴿ جل جلاله﴾دەفەرموویێت:﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِك وَأَجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ ورجلك وَشَارِكْهُمْ فِي الأَمْوَالِ وَالأَوْلاَدِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُورًا﴾[٤٧]

واتە:﴿هەرکەس لەوانەی کەدەتوانی گومرای بکە بەدەنگت بەگۆرانیت وەبدە بە سەریاندا و تێیان خورە بەسوارو پیادەی سوپاکەتەوە

47 ـ﴿الاسراء﴾ الاية ٦٤

وەهاوبەشیان بكە لە ماڵ و سامان و منداڵیاندا بەڵێنیشیان پێ بدە بەڵام شه یتان بەڵێنیان پێنادات تەنها خەڵەتاندن نەبێت ﴾
قال ابن ابي حاتم في تفسيره حدثنا أبي اخبرنا أبو صالح: ﴿كاتب الليث﴾ حدثنا معاوية ابن صالح عن علي بن أبي طلحةعن ابن عباس :﴿واستفزز من استطعت منهم بصوتك﴾ قال :﴿كلُّ داعٍ دعى الى معصية الله ﴾
واته:﴿ دەنگی شەیتان هەر بانگەوازكارێكە كەبەرەو سەرپێچی خوای گەورە ﴿جل جلاله﴾ بانگەشە دەكات﴾
دەی بێگومان مۆسیقاو گۆرانی گەورەترین بانگەواز كارە بۆ سەرپێچی خوای گەورە﴿ جل جلاله﴾لەبەر ئاەوەیە تەفسیر كراوەبە (صوت الشيطان)..
ابن ابي حاتم دەفەرموێت :﴿ حدثنا ابي اخبرنا يحي بن المغيرة اخبرنا جر ير عن الليث عن مجاهد ﴿ واستفزز من استطعت منهم بصوتك ﴾قال الغناء والطبل.....مجاهد دەفەرمووێت:﴿مەبەست گۆرانی وشتی پڕپوچە﴾.

﴿قەدەغە كردنی گۆرانی و مۆسیقا لەژێر ڕۆشنایی فەرموودەی صەحیحدا﴾

بێ گومان هەرکەسێ زانست و زانیاری شاز لەناو زانایان و فەتوای فەرموودەناساندا هەڵبگرێ وەهەرچی بیرو بۆچوونی ڕوخسەتی و ڕێپێدانی تاکە تاکەی زانایان هەڵبگرێ و وورد بوونەوەی نەبێ لەسەر زانایانی تر و وەڵام دانەوەیان بێگومان وەکو ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم دەفەرموێت:﴿مَنْ حَمَلَ شَاذ العِلم حَمل شَراً كَبيرًا﴾[48]

واتە:﴿هەرکەسێ ناوازەو نامۆو شازی زانست هەڵبگرێ ئەوا خراپەو شەڕێکی گەورەی هەڵگرتووە﴾

یان سلیمانی تمیمی دەفەرموێت :﴿ إنْ أخَذتَ بِرُخْصَة كُل عَالِم إجْتَمَعَ فِيكَ الَشر كُله﴾

واتە:﴿ ئەگەر تۆ ڕێپێدانی هەموو زانایەك وەرگری ئەوا هەموو شەڕێکت تیادا کۆ دەبێتەوە﴾

بۆیە هەر زانایەك هەر ناودارێك لەزانایانی ئیسلام بێ کەم و کورتی نیە ، بەڵام کەم و کورتی گەورەی خەڵکی سەردەمی ئێمە لەوەدایە ئەو کەلێن و نە پێکانەی زانایانی زوو لەسەردەمی خۆیاندا نەیان پێکاوەو کەوتونەتە هەڵەوە خەڵکی سەردەمی ئێمە هەڵدەستن بە بەیان کردنی و پینەو پەرۆکردنی بۆچوونەکانیان بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو زانایانەی کەلەسەردەمانی خۆیاندا وەڵامیان داونەوەو ڕەخنەیان لێ گرتوون و ڕاستی وحەقیقەتیان بۆ خەڵك ڕوون کردۆتەوە !!!بێگومان لێرەدا دەمەوێ مووسڵمانان لەوە تێبگەن کە هەلگرتنی زانست و

48-﴿رواه ابوبكرالخلال في الامر با لمعروف﴾ص ٣٢بسند صحيح.

زانیاری بە هەواو ئارەزووکاری نابێت و پێویستە لەهەر شتێ گومان و دوو دڵیمان هەبوو بگەڕێینەوە بۆ لای زانایانی شارەزا لەو بوارەدا ، بێگومان هەر زانایەك لە زانایانی ئیسلام دەریایەك لە عیلمن بەڵام لە هەموو بوارێکدا لەزانست و زانیاری خوادا﴿جل جلاله﴾هیچ زانایەك هەموو عیلمەکانی لەلا وەکو یەك نەبووە واتە هەیە لەبواری تەفسیردا سەرقاڵ بووە هەیە لەبواری فەرموودەدا وەهەیانە لە بواری فیقهدا...هتد وە بێگومان لە سەردەمی ئێمەدا زانست و زانیاری بەرەو کەمی دەڕوات بۆیە دەبێ زۆر وریا بین و بزانین زانست و زانیاری لە کێ وەردەگرین ، بە داخەوە پێویستە ئوممەتی ئیسلامی سەرەخۆشی لێبکرێت لەوەی کە ئەو هەموو زانا بەڕێزانەی پێشوو کەدەڕۆن زۆر بەکەمی بتوانرێ جێ ی بگیرێتەوە ، بەڵام هەر چۆنێك بێ ئەم ئیسلامە زانای دڵسۆزوو بە ویژدانی تیادا ماوە ، کۆمەڵێ ماون کەپارێزگاری لە ئیسلام و بەرنامە پاکەکەی دەکەن بەقەڵەم و ووتارو نووسراو ، بەڵام کەسانێ هەبوون لەسەردەمانی پێشوو ئێستاشدا لە غەیری زیان هیچیان بۆ ئەم ئوممەتە سەوز نەکردووە ،بۆیە پێویستە لەسەر مووسڵمانان کەوەرگرتنی زانست و زانیاریان دیاری بێت بزانن کێ هەڵگری حەقیقەت و ڕاستیە و کێ لەسەنگەری بەتاڵ و دژایەتیە ، چونکە پێغەمبەری خوا﴿ صلی الله علیه وسلم﴾زانیاری جوانی داوە لەبارەی زانست و زانیاریەوە دەفەرمووێ:﴿عن عبدالله بن عمرو بن العاص ﴿رضی الله عنه ﴾قال سمعت رسول الله ﴿ صلی الله علیه وسلم﴾یقول:﴿إنَّ اللهَ لایَقْبِضُ العِلْمَ انْتِزاعاًیَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبَادِ ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ

العُلَمَـاءِ ، حَتَّـى إذَا لَـمْ يُبْـقِ عَالِمـاً ، اتَّخَـذَ النَّـاسُ رُؤُسـاً جُهَّالاً ، فَسُئِلُوا ، فَأفْتَوا بِغَيْرِ عِلْمٍ ، فَضَلُّوا و أضَلُّوا﴾[49]

واتـه:﴿ بيستومه لـه پێغەمبـەری خـوا﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ دەيفـەرموو بەڕاسـتی خـوای تعـالی ﴿جـل جلالـه﴾زانـست و زانيـاری لــه خــەڵكی وەرناگرێتەوە بە وەرگرتنـەوە ،بـەڵكو زانـست و زانيـاری وەردەگرێتـەوە بـەمردنی زانايـان هـەتا زانـا نـامێنیٚ ئەگـەر زانـا نـەما ئـەوا خـەڵكی چەندكەسانێكی نـەزان هەڵدەبـژێرن بـۆ خۆيـان پرسـياريان لیٚ دەكـەن ئـەوانيش فـەتوا دەدەن بـەبیٚ زانـست ، خۆيـان گـومڕا دەبـن خـەڵكيش گومڕادەكەن﴾

خوێنەری بەڕێز

﴿بـە پـشتيوانی خـوای گـەورە ﴿ جـل جلالـه﴾ باسـی ئـەو فـەرموودە صەحيحانە دەكەين كە قەدەغەی مۆسيقاو گۆرانی دەكـەن وە انـشاءالله ئـەو شـوبهانە ئەڕەوێنينـەوە و نـايهێڵين كـە لەسـەر ئـەم فەرموودانـە دروستيان كردووە دەقی يەكەم لـەو فەرموودانـەی كەبەڵگـەن لەسـەر حەڕامی مۆسيقا و گۆرانی ، يەكـەم :﴿عـن عبـ الرحمن بن غنم قال حدثنی أبو مَالِكٍ الأشْعَرِيُّ﴿ رضی الله عنه﴾ وَاللهِ مَا كَذَبَنِيّ : سَمِعَ النبيَّ ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ يقول﴿ لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أقْوَامٌ يَسْتَحِلُونَ الحِرَ، والحَرِير ، وَالمَعَازِفَ، وَلَيَنْزِلَنَّ أقْوامٌ إلى جَنْبِ عَلَمٍ، يَرُوحُ عَلَيْهِمْ بِسَارِحَةٍ لَهُمْ يَأتِيهِمْ _ يَعْني الفَقِير _ لِحَاجَةٍ،

49 صحيح مسلم وفی البخاری باب كيف يقبض العلم .

فَيَقُولُونَ:ارْجِعْ إِلَيْنَا غَداً فَيُبَيِّتُهُم_ الله ، وَيَضَعُ العَلَمَ، وَيَمْسَخُ آخَرِينَ قِرَدَةً وَخَنَازِير إلى يَوْمِ القِيَامَةِ﴾ [50]

واته:﴿ لەناو ئوممەتەکەم چەند کۆمەڵێك پەیدا دەبن زیناو ئاوریشم و شەراب و ئامێرەکانی مۆسیقا حەلاڵ دەکەن ، وەچەند کۆمەڵێکیش لە تەنیشتی شاخێك دادەبەزن پیاوی هەژارو نەدارسەردانیان دەکەن بۆ پێویستی ، ئەوانیش دەڵێن بڕۆن بە یانی وەرنەوە ، ئیتر ئەو شەوە خوای تعالی ﴿جل جلاله ﴾ شاخەکە دەڕمێنێ بەسەریانداو کۆمەڵێکیش دەکاتە سەر شێوەی مەیمون و بەراز هەتا ڕۆژی دوایی﴾.

شیخ الاسلام ابن تیمیة دەفەرمووێ:﴿والآلات الملهية قد صحَ فيها مارواه البخاري في صحيحه تعليقا مجزوما به داخلا في شرطه﴾ [51]

سەرەتا دەمەوێ خوێنەری بەڕێز لەوە تێ بگات کەئەم فەرموودەیە صحیحە بەلاَم ابن حزم و هاوڕاکانی ڕەتیان کردۆتەوە بەلاَم بە پشتیوانی خوای گەورە ﴿ جل جلاله﴾ ڕوونی دەکەینەوە تائەو دوو دڵیە نەمێنێ:

سەرەتا ئەو زانایانەی ئەم فەرموودەیە بە صحیح دا دەنێن :

١.البخاري ٢.ابن حبان ٣. الاسماعيلي

٤.إبن صلاح ٥.النووی ٦.إبن تيمية

---

50 _البخاری معلقا مجزوماً به ، كتاب الاشربة، باب ماجاء فيمن يستحل الخمر ويسمه بغير اسمه ، برقم ٥٥٩٠، وهو في سنن أبي داود، كتاب اللباس ، باب ماجاء في الخز ، برقم ٤٠٣٩ ، وابن حبان ١٥٤/١٥ ، برقم ٦٧٥٤ ، والطبرانی في الكبير ٢٨٢/٣، ، برقم ٣٤١٧ ، والبيهقي في السنن الكبرى ٢٧٢/٣ ،وصححه الالباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة ١/ ١٣٩

51 _ ﴿ الاستقامة﴾١/ ٢٩٤

٧.ابن القيم ٨.ابن كثير ٩.العسقلاني
١٠. ابن الوزير الصنعانى ١١.السخاوى ١٢.الاميرالصنعاني
وەچەند زانايەكى تر ....

وەلەسەنەدى ئەم فەرموودەيە گرفتيان دروست كردووە كە بێگومان خۆى گرفتى تيادانيە بەڵكو بەهۆى بەدوادا نەچون و نەزانينەوەيە جا ابن حزم دەڵێ دابڕان هەيە لە نێوان بخارى وهشام دا وە هەروەها دەڵێ نەزانينى ئەو هاوەڵە الاشعريە!! ئەمە لە محلى دا دەڵێ ٩/٥٩ كەكۆتاى فەرموودەى ئەو بابەيە لاى ابن حزم ، وەهەروەها دەڵێ﴿هذامنقطع لم يتصل بين البخاري وصدقة بن خالد﴾

واتە:﴿ پچڕاوى هەيە لە بەينى بخارى وصدقە بن خالد﴾

دەڵێين بە پشتيوانى خواى تعالى﴿ جل جلاله﴾ لەوەڵامى ئەو گرفتانەى كە خۆيان گرفت نين الحافظ لە ﴿ تغليق التعليق﴾ دەفەرمووێ:﴿وهذا حديث صحيح لاعلة ولا مطعن فيه﴾

﴿واتە ئەم فەرموودەيە صەحيحەو هيچ كەم و كورتى و تانەى تيا نيە ﴾

پاشان بابچينە خزمەت ابن القيم الجوزى ڕەحمەتى خواى لێ بێ لە كتێبى ﴿اغاثة اللهفان من مصايد الشيطان﴾بزانين چۆن وەڵام دەداتەوە ، دەفەرمووێ:

أ_﴿أن البخاري قد لقى هشام بن عمار وسمع منه فإذا قال ﴿قال هشام﴾فهوبمنزلة قوله عن هشام.

واتە:﴿ بوخارى بە هشام گەيشتوەو گوێ ى لێ بووە كاتێ كە دەڵێ هشام ووتى ئەوا لە پلەو مەنزيلەى ﴿عن هشام﴾ دەگەيەنێ.

ب_﴿أنه أدخله في كتاب المسمى بالصحيح محتجا به فلولا صحته عنده لما فعل ذلك﴾.

واته:﴿ئەو فەرموودەی کردۆتە ناو صەحیحەکەی و کردویەتیە بەڵگە جا ئەگەر صەحیح نەبوایە لەلای نەی ئەخستە صەحیحە کەی ﴾

ج_﴿فالبخاري أبعد خلق الله عن التدليس﴾

واته:﴿بخاری زۆر دووره لە تدلیس واته فێڵکردن و تێکەڵکردن﴾

ح_﴿انه علقه بصيغة الجزم دون صيغة التمريض فإنه إذا توقف في الحديث او لم يكون على شرطه يقول ويروى عن رسول الله ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ويذكر عنه، ونحو ذلك فإذا قال ﴿ قال رسول الله ﴿صلى الله عليه وسلم﴾وقال فلان فقد جزم وقطع بإضافته إليه ،وهنا قد جزم بإضافة الحديث الى هشام ، صحيح عنده﴾

واته:﴿ بەستوێتیوە بە شێوەی بڕیار دان ﴿جـزم﴾ نەیبەستۆتەوە بە شێوەی ناتەواو جا ئەگەر بوەستێ لە فەرموودەیە یان مەرجی نەبێت دەوترێ ﴿گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ﴾یان دەڵێن ﴿ لەوەوە باس دەکرێت ﴾وە نمونەی ئەوە ، جا ئەگەر ووتی ﴿ قال رسول الله ﴿صلى الله عليهس وسلم﴾﴾یان ﴿قال فلان﴾ واته فەرمووی ، ئەوا بێ گومان بەشێوەی بڕیار دان و بڕینەوەیەتی بە پاڵ نان بۆلای ، لێرەدا بێ گومان بڕیار دراوە بە دانە پاڵی فەرموودەکە بۆ لای هشام کەواتە صحیحە﴾.

پاشان وادابنێ ئەم فەرموودەیە ﴿منقطع﴾ واتە: بچڕاوە کەبێگومان وانیە وەکوو ڕونمان کردەوە هەر نابێتە بەڵگە چونکە ئەو کاتەش ﴿علە کە نسبیە ﴾ جائز نیە بکرێتە بەڵگە چونکە لە چەند ڕێگەیەکی ترەوە کە ثقە ن واتەباوەڕ پێکراون گوێیان لێ بووە لە هشام بن عمار ﴾ەوە. جا لەوانەی بیستویانە لە هشامەوە :یەکەم:

ابن حبان لە صحیحە کەیدا ﴿٨/٢٦٥/٦٧١٩/_الاحسان﴾دەفەرمووێ:﴿أخبرنا الحسين بن

عبـدالله القطـان قـال ﴿ حـدثنا هـشام بـن عمـار﴾ تـا دەگاتـه فەرموودەكە﴿المعازف﴾.
وە﴿قطـان﴾ هـذا ثقـة حـافظ تـرجم لـه في ﴿ سـير اعـلام النبلاء﴾١٤_١٢٨٧
كەواتە ثقەيە .
دووەم: الطبراني لـه ﴿ المعجم الكبير ﴾ دەفـەرمووێ:﴿٣/٣١٩/ ٣١٧/﴾ ودعلج في ﴿مسند المقلين "المنتقى منه رواية الذهبي (ق١_٢/١) دەفەرمووێ:﴿حدثنا موسى بن سهل الجوني البصري ثنا هشام بن عمار وەكوو ڕیوایەتەكەی بخاری
وەلەڕێگەی طبراني رواه الضياء المقدسي في ﴿ موافقات هشام بن عمار ﴾ق٣٧/١~٢
سێ یـەم :﴿وقال الطبراني في سند الشامين ﴾١/٣٣٤/٥٨٨:حدثنا محمد بن يزيد عن عبد الصمد الديمشقي ثنا هشام بن عمار به ، ومحمـد بـن يزيـد هـذا ﴿مترجـم في تـاريخ الدمـشق﴾ للحـافظ ابـن عـساكر ١٦/١٢٤ بروايـة جماعتـه عنـه وەبـاس كـراوە كـه وەفـاتى كردووە لە (٢٦٩).
چوارەم :﴿قال الاسماعيلي في ﴿ المستخرج على الصحيح ﴾ ومـن طريقـة البيهقـي ﴿سـننه﴾ ١٠/٢٢١. حـدثنا الحـسن بـن سـفيان حدثنا هشام بن عماربه.، والحسن بن سفيان ~وهو الخراسانى النيـسابوري حـافظ ثبـت مـن شـيوخ ابـن الخزيمـة وابـن حبـان وغيرهما من الحفاظ_ مترجم في السير ١٤/ ١٥٧~١٦٢.وەهەروەها لـه ﴿تذكرة الحفاظ﴾دا.
كەواتـە ئەگـەر ﴿ منقطع ﴾بێـت هـەر نابێتـه بەلگـەی ئەوانـەی دەیانەوێت فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بـشێوێنن ،

کەواتە عیلەتی یەکەم کە ابن حزم باسی دەکات سەرابەو هیچی تر ،پاشان لە عیلەتی دووەمدا دەڵێت :﴿گومان هەیە لەناوی ئەو صەحابەیەدا!!!﴾ بێگومان ئەوەش شوبهەیەو هیچی تر هەروەکوو حافظ لە ﴿الفتح﴾دا ١٠/٢٤ دەفەرمووێ:﴿الشك في اسم الصحابي لايضر وقد اعله بذالك ابن حزم وهو مردود﴾

واتە:﴿ گومان لەناوی هاوەڵان زیانی نی یە وە بێگومان ئەمەی ابن حزم کردویەتیە عیلە وەرناگیرێ و بەرپەرچ دراوەیە ﴾. وەبێگومان تەئکیدێکی تری تیایە کە گومان ناهێڵێ وەکو دەفەرمووێ :﴿والله ما كذبني ﴾ وەکو لێرەدا دیارە :﴿وقال هشام إبن عمار : حدثنا صدقة بن خالد حدثنا عبد الرحمن بن يزيد بن جابر :حدثنا عطية بن قيس الكلابي حدثنا عبد الرحمن بن غنم الاشهري قال : حدثنا أبو عامر أو أبو مالك الاشعري _والله ما كذبني . سمع النبي﴿صلى الله عليه وسلم﴾يقول :فذكره﴾پاشان هیچ پچڕاویەك نیە لە بەینی بوخاری و صدقه بن خالد ﴾

وەکو حافظ دەفەرمووێت :﴿ وهذا حديث صحيح لاعلة له ،ولا مطعن فيه ، وقد أعله أبو محمد ابن حزم بالإنقطاع بين البخاري وصدقة بن خالد ﴾و بالإختلاف في اسم أبي مالك وهذا كما تراه قد سقته من رواية تسعة عن هشام متصلا فيهم مثل ﴿ الحسن بن سفيان﴾ و ﴿ عبدان ﴾ و ﴿ الجعفر الفرياني ﴾ وهؤلاء حفاظ أثبات.[٥٢]

52 _﴿تغليق التعليق﴾٥/٢١~٢٢.

کەواتە هەموو ئەوانە شوبهەو بێ بەڵگەیە بۆیە ئێمەش دەڵێن:

هەرکەس لەدین دا هەر شتێك بڵێ
بەڵگەی پێ نەبوو بۆی مەکە بەڵێ
زۆر کەس تیر بازی ئەتوانێ بەڵام
نەی دا لەنیشان بائیتر نەڵێ.

پاشـــان باســـی ووشـــەی ﴿یـــستحلون﴾ دەکـــرێ: ووشـــەی ﴿یستحلون﴾بەمانای ئـەوە دێـت کـەوا حـەڵاڵی دەکـەن، واتـە : بـەهۆی فەتواو تەئویلاتەوە بـە حـەڵاڵی دەزانـن ئەمـەش جیـاوازی زۆرە لەگـەل ئەوەی کەحەڕام بە حەڵاڵ بزانن چونکە زانینی حەڕام بە حەڵاڵ دانان یـان دانـانی حـەڵاڵ بـە حـەڕام بەمـەرجێ بزانـێ کـافر دەبێـت بـەڵام ئەوانەی بەتەئویل و هەڵە بەحەڵاڵی دەزانن بۆیە کافر نابن .

وەئەم فەرموودەیەش زۆر ڕۆشنە کە ئـەم چوار شـتەی کەباس کـراون حەڕامن بـەڵام بـەهۆی تـەئویلات و فـەتوای هەڵـەوە بەحـەڵاڵی دەزانـن وەکو عەلامە شێخ علي القاري دەفەرمووێ:

﴿والمعنـى يعـدون هـذه المحرمـات حـلالات بإيراد شـبهات ، وأدلـة واهيات ، منها ماذكره بعض علمائنـا (يعنـي الحنفـي) مـن ان حريـر انما يحرم اذا كان ملتصقا بالجسد ، واما اذا لبس من فوق الثيـاب فلا باس به!!

فهذا تقييد من غير دليل نقلي ولا عقلي ،ولإطلاق قولـه ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ﴿مَنْ لَبسَ الحريرِ فِي الدُّنْيَا لَمْ يَلبَسه فِي الأخِرة﴾[٥٣]

---

53 _﴿ متفق عليه ﴾ من حديث انس وهو مخرج في ﴿الاحاديث الصحيحة ﴾برقم (٣٨٣) وفي غاية المرام برقم (٧٨)

وكـذلك لـبعض العلمـاء تعلقـات ب﴿المعـازف﴾يطـول بيانهـا وهـذا الحديث مؤيـد بقولـه تعـالى ﴿ ومـن النـاس مـن يـشترى لهـو الحـديث ليضل عن سبيل الله بغير علم ...﴾

واته :﴿ ماناكەی ئەوەیە کەئەوان ئەم حەرام کراوانە بە حەلاڵ دەزانـن بەهۆی هێنانەوەی چەند شوبهەو بەلگەیـەکی بێهێـز لەوانـە کەهەنـدێ لـەزانایان باسـیان کـردووە و شـتی بـێ بەلگـەیان هێنـاوە مەبەسـت لەزانایان ﴿الحنفیە ﴾ بۆ نمونە دەڵێن حەریر کاتێ حەرام دەبـێ کەبـە گیانا بنووسێ و بلکێ بەگیاندا، بەلاَم ئەگەر لەسـەر جلـەوە لەبـەربکرێ قەیناکـە !!! دەی ئـەم بەسـتنەوەیە بـەبێ بەلگـەی نـەقلی و عەقلیـە !!! چونکە پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ بەرِەهای دەفـەرمووێ:﴿هەرکەسێ حەریر لەبەر بکات لە دونیادا لە ڕۆژی دواییدا لەبـەری ناکـات ﴾پاشـان بەلای ﴿الحنفیە﴾جیاوازی دەکات لە شـەراب و مـەی بـۆ نموونـە دەڵێن شەراب لەترێ وەربگیرێ کەم و زۆری حەرامە ، بەلاَم ئەگەر شـەراب لـە خورمـا وەربگیرێ حەلاڵـە ئـیلا مەگـەر زۆری سـەر خـۆش کـەرە !! جـا ئەمـەش وەکوو ئـەوە وایـە کەهەنـدێ دەڵێن گـۆرانی و مۆسـیقا ئەگـەر وورووژێنەر نەبێ حەرام نیە !! پاشان ابن تيمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ﴿ لعل الاستحلال المذكور في الحديث انما هو بالتأويلات الفاسدة ، فإنهم لـو إستحلوها مع إعتقـاد ان الرسـول حرمهـا كـانوا كفارا ، ولم يكونوا من امتـه،ولو كـانوا معترفين بانهـا حـرام لااوشـك ان لايعاقبوا بالمسخ كسائر الـذين لم يزالـوا يفعلـون هـذه المعاصـى ولمـا قيـل فـيهم ﴿ يـستحلون ﴾ فـإن المـستحل للـشيء هـو الـذى معتقدا حله فيشبه ان يكون استحلالهم الخمـر يعني انهـم يـسمونها بغـير اسمهـا كمـا في الحـديث ، فيـشربون الاشـربة المحرمـة، ولا يـسمونها خمـرا ، واسـتحلالهم المعـازف بإعتقـادهم ان الات الهـو

مجرد سمع الصوت فيه لذة وهذا لايحرم ، كألحان طيور واستحلال الحرير وسائر انواعه بإعتقادهم انه حلال للمقاتلة وقد سمعوا انه يباع لبسة عند القتال عند كثير من العلماء فقاسوا سائر احوالهم تلك!! وهذه التأويلات الثلاثة واقعة في الطوائف الثلاثة الذي﴾[54]،

قال فيها ابن المبارك رحمه الله تعالى

وهل افسد الدين الا الملوك   واحبار سوء ورهبانها.

واته:﴿دەشێ ئەو حەلاڵ كردنەی لە فەرموودەكەدا هاتووە بریتی بێ لە بە حەلاڵ زانینێ بەهۆی تەئویلاتی فاسیدەو تێكدەرەوە ، چونكە ئەگەر بە حەلاڵی بزانن و بڕوایان وابێت كەپێغەمبەری خوا ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ حەڕامی كردووە ئەوا پێ ی كافر دەبن وە لە ئوممەتی نابن واتە لە ئوممەتی دەردەچن ، وە ئەگەر ئەوان اعتراف بكەن واتە دانی پیادا بنێن حەڕامە ئەوا نزیكە سزا نەدرێن بە گۆڕانیان بۆ شێوەی ناشیرین هەروەكوو ئەوانەی بەردەوام گوناه ئەنجام دەدەن ، وەكاتێ لەبارەیان دەوترێ ﴿یستحلون﴾ واتە بەحەلاڵی دا دەنێن كەبێگومان بەحەلاڵ دانانێكە بۆ شتێ كە ئەو بە بیروڕای خۆی بە حەلاڵی دەزانێ ،هەروەكوو خەمر و شەراب كەبەحەلاڵ دەزانرێ بە هۆی فەتواو تەئویلی هەڵەوە واتە ئەوان ناوی دەنێن بە غەیری ناوی خۆی هەروەكوو لە فەرموودەدا هاتووە ، وەشەرابی حەڕام دەخۆنەوەو ناوی نابەن بەشەراب و عەرق ! وەبەحەلاڵ زانینی ئاوازەكانیش بەبیرو ڕای ئەوان یان باوەڕیان وایە كەئامێرەكانی سەرگەرمی تەنها دەنگێكی خۆشەو لەزەت و چێژی تێدایە و حەڕام نیە وەكوو دەنگی باڵندە ، وەبە هەمان شێوە بەحەلاڵ دانانی ﴿حریر﴾ وەجۆرەكانی تریش

---

54 _﴿ ابطال التحليل ﴾ ص ٢٠~٢١. لابن تيمية .

بەبیرورِای ئەوان حەلاڵە وەبێ گومان دەبیستریٚ کەڕەوایە لەکاتی جەنگ لە لای زۆریٚ لە زانایان ، بیکەرە قیاس هەموو ئەوانەی تر لەسەر ئەوە ....﴾

پاشان شتێکی تر دەوروژێنن دیارە ئەوانەی بەدوای تەئویلات و سەرخستنی بیرورِای خۆیان وێڵن کورد ووتەنی کەسێ بکەوێتە ئاوێك پەنا بۆ چڵە پوشێکیش دەبات بۆ ڕزگار بوونی ، دەڵێن کاتێ مۆسیقا حەرامە کەئەو تاوانانەی تریشی لەگەڵدا ئەنجام بدریٚ!!!!!! لە جوابی ئەمەشدا امام الشوکانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ:﴿ویجاب بأنَّ الاقتران لادلیل علی المحرم هو الجمع فقط ، وإلا لزم أن الزنا المصرح به في الحدیث (یعني البخاري) لایحرم إلا عند شرب الخمر واستعمال المعزف ، واللازم باطل بالاجماع ، فالملزوم مثله ، وأیضاً یلزم في مثل قوله تعالی :﴿ إنَهُ كَانَ لایؤمِنُ باللهِ العَظیم ولاَ یَحُضُ علی طعامِ المسکین ﴾ أنَّهُ لایحرم عدم الایمان بالله إلا عند عدم الحض علی الطعام المسکین!!!

فإن قیل : تحریم مثل هذه الامور المذکورة في الالزام قد علم من دلیل آخر ، فیجاب بأن تحریم المعازف قد علم من دلیل آخر أیضاً کما سلف علی أنه لاملجیء الی ذالك حتی یصار الیه ﴾.

واتە:﴿ وەڵامی ئەمەش بەوە دەدرێتەوە کە هاتنی ئەم تاوانانە بەیەکەوە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کەتەنها لە کاتێکدا حەرامن کە هەموویان پێکەوە ئەنجام بدرێن ، چونکە ئەگەر وابێت دەبێ بڵێین (زینا) حەرام نیە ئیلا مەگەر عەرەق و مۆسیقای لە گەڵ بێت !!! کە ئەمە بەتاڵە و نابێ وەخوای تعالی ﴿جل جلاله﴾ کەکاتێ دەفەرمووێ ﴿ چونکە بێ گومان ئەو بروای بە خوای گەورە نەدەکرد ★ وەهانی کەسی نەدەدا بۆ خۆراك دان بە هەژاران ﴾ دەی دەبێ بڵێ ی ئیمان نەبوون

بە خوا ﴿جل جلالە﴾ حەرام نیە ئیلا مەگەر هانی کەس نەدات بۆ خۆراك دان !! کە ئەمە زۆر بێجێیە ، پاشان ئەگەر بوترێ حەرامی ئەو شتانەی تر کە لە گەڵی هاتوون بە هۆی بە لگەی ترەوە زانراوە واتە : ﴿ زیناو حەریرو عەرەق ﴾ ئەوا وەلامی ئێمەش ئەوەیە کە قەدەغەکردنی ئامێرەکانی مۆسیقا بە هۆی بە لگەی ترەوە زانراوە وەکو ئەوان هەر وەکو ئەو بە لگانەی کە لەوەو پێش باسمان کرد ﴾ لەکۆتای ئەم بۆچونە هەلاّنەدا دەڵێم : ئەی ئەو کەسانەی کەخواو پێغەمبەری خواتان خۆش دەوێت ﴿صلی الله علیه وسلم﴾ : **فماذا بعد الحق إلا الضلال ؟!!........أفحق هو؟ اللهم هل بلغنا................اللهم فأشهد.**

فەرموودەی دووەم:

وعن شَبِيب بن بشر البَجلي ، قال :﴿سمِعْتُ أنس بن مالك ﴿رضی الله عنه﴾: يقول:﴿ قال رسول الله ﴿ صلی الله علیه وسلم﴾ ﴿ صَوْتَان ِ مَلْعُونانِ في الدُّنيَاو الآخِرَة:مِزْمَارٌ عِنْدَ نِعْمَةٍ ، وَرَنَّةٌ عِنْدَ مُصِيبَةٍ﴾[٥٥]

واتە:﴿دوو دەنگ لە دونیاو قیامەتدا نەفرەت لێکراون جوزەلەو مۆسیقا لێدان لە کاتی خۆشیدا وەهاوارو شیوەن لە کاتی موسیبەت و کارەساتدا ﴾

وە هەروەها شاهیدی تر هەیە کە دەبێتە هۆی بەهێز بوونی کەدەفەرمووێ:﴿**عَنْ جَابِرِ بن عبد الله** ﴿رضی الله عنهما﴾ **عن عبد الرحمن**

٥٤_مسند البزار٢/٣٦٣ ، والضياء المقدسي في المختارة ٦/١٨٨ وحسنه الالبانيفي سلسلة الاحاديث الصحيحة ١/٧١٤ برقم ٤٢٧ وفي صحيح ترغيب والترهيب ١/ ١٩٧.

بن عوف : فقال: قال رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ﴿إنـي لَمْ أَنْـهَ عَـنِ البُكَاءِ وَلَكني نَهيتُ عَنْ صوتَيْنِ احْمَقَينِ فاجرَينِ صَوْتٌ عندَ نِعْمة لهوِ ولَعِبِ وَمَزامير الشَيْطَانِ وَصَوت عنْدَ مُصيبَة، لَطم وُجوه وَشَق جيُوبِ ورنَةُ الشيطَان﴾[٥٦]

كەواتەئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر حەڕامی مۆسیقا و گۆرانی وە ابن تیمیه ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ:﴿هذا الحديث من اجود ما يحتج به على تحريم الغناء كما في اللفظ المشهور عن جابر بن عبد الله ﴿ صوت عند نعمة﴾لهو ولعب ، ومزامير الشيطان ﴾ فنهى عن الصوت الذي يفعل عند النعمة ، كما نهى عن الصوت الذي يفعل عند المصيبة ،والصوت الذي عند النعمة هو صوت الغناء﴾[٥٧]

واتە﴿ ئەم فەرموودەیە باشترینی ئەو بەڵگانەیە کە دەهێنرێتەوە لەسەر قەدەغە بوونی گۆرانی...................... نەهی کراوە لە دەنگێ کە لە خۆشیدا بکرێ هەروەکو چۆن نەهی کراوە لە دەنگێ کە لە موصیبەتدا دەکرێ وە دەنگێ لە خۆشیدا کە نەهی لێ کراوە دەنگی

---

56 _اخرج الحاكم ٤٠/٤ والبيهقى ٤/ ٦٩ وفى ﴿ الشعب﴾ ٢٤١/٧ ~١٠٦٣_١٠٦٤ ،وابن ابى الدنيا فى ﴿ذم الملاهى ﴾ق/١٥٩ ، والآجرى في ﴿ تحريم النرد﴾ ٦٣/٢٠١ ، والبغوي في شرح السنة﴾ ، ٤٣٠/٥~٤٣١ ، والطيالسى في مسنده ﴾ ١٦٨٣ ، وابن سعد في ﴿ الطبقات﴾ ١٣٨/١ ،وابن ابي شيبة في ﴿المصنف﴾ ٣٢٩/٣ وعبدبن حميد في ﴿المنتخب من المسند ﴾ ٨/٣~١٠٤٤ من طريق عن محمد بن عبدالرحمن بن ابي ليلى ن واقره الزيلعي في ﴿نصب الراية ﴾ ٨٤/٤ وابن قيم في ﴿ الاغاثة (٢٥٤/١)وسكت عنه الحافظفي الفتح ١٧٣/٣~ ١٧٤ ﴾ مشيرا الى تقوية كما هي قاعدة وقال الهيثمى في ﴿ المجمعي١٧/٣

57 _﴿الاستقامة﴾ابن تيمية ٢٩٢/١~٢٩٣

گۆرانیە ﴾. جا لێرەدا ابن تیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ نەهی کراوە لە دەنگێ کە لە خۆشیدا بوترێ کە گۆرانی یەو مەبەستی پێ بۆنەکان نیە بەڵکو مەبەستی پێ ی کاتە خۆشەکانە کە غەیری ئەو بۆنانەن کە دەلیل و بە لگەیان لەسەرە ، والله اعلی واعلم.

فەرموودەی سێ یەم: عن ابن عَبَاسٍ ﴿رضی الله عنهما﴾ قال :قَالَ رَسُول الله ﴿ صلی الله علیه وسلم﴾:﴿إنَّ اللَّهَ حَرَّمَ عَلَيْكُمْ الخَمْر ، والمَيْسِرَ، والكُوبَةَ ﴾ وقَالَ ﴿ كُلّ مُسْكِرحَرَامٌ﴾[58]

وە لە لفظ ابي داود ﴿إِنَّ اللهَ حَرَّمَ عَلَيَّ _ أو حُرِّمَ الخَمْرُ، وَالمَيْسِرُ ، والكُوبَةُ﴾ قال ﴿ وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرامٌ﴾[59]

واتە:﴿ خوای گەورە ﴿ جل جلالە﴾ _ حەڕامی کردووە یان حەڕامی کردووە لە سەرم شەراب و قومارو تەپڵ و هەموو هۆشبەرێك .

ئێمەش دەڵێین :خطابي لە ﴿ المعالم﴾ ٢٦٨ دەفەرمووێ: و﴿الكوبة﴾ يفسر ب ﴿الطبل﴾ وَيُقَال النَّرد وَيَدْخُل فِي مَعْنَاهُ كُل وِتر ومزهر ونَحو ذالك مِنَ المَلاَهِي والغِنَاء﴾

واتە:﴿ الكوبە مانا دەکرێت بە تەپڵ ، وە وتراوە بریتیی یە لە زارو هەر ئامێرێکی ژێ دارو مۆسیقایی لە ئامێرەکانی سەرقاڵی و گۆرانی دەگرێتەوە﴾.

---

58 _مسند احمد ٣٨١/٤ برقم ٢٦٢٥ ، وابن حبان ١٨٧/١٢ ، وابو يعلى ١١٤/٥، والبيهقي في الكبرى ٣٠٣/٨ ، وفي الشعب ٢٨٢/٤ ، والبزار، ٦/ ٤٢٥ ، والطبراني في الكبير ١٠١/١٢ ، وصححه الالباني في التعليقات الحسان ، برقم ٥٣٦٥ ن وسلسلة الاحاديث الصحيحة برقم ١٧٠٨

59 _ابو داود ن كتاب الاشربة ، باب في الاوعية ، برقم ٣٦٩٦ ن وصححه الالباني في صحيح سنن ابي داود ٤٢٣/٢.

وه احمد شاكر دەفەرمويْت ﴿واجود من كل هذا وأحسن شمولاً قول أحمد في كتاب ﴿الاشربة﴾ص (٢١٤/٨٤)﴾يعني ب ﴿الكوبة﴾كل شيء يكب عليه ﴾

واته :﴿له هه موو ئەم مانایانـەدا چاكترين و گشتگیر ترینیان بریتیه له وتەی امامی احمد كه له كتێبی ﴿ الاشربه﴾ دەفەرمووێ مەبەست بە ﴿الكوبه﴾ هەر شتێكه بەدەست لێبدرێ و پیای بكێشرێ وەهە روەها ﴿الجو هرى﴾ يش دەفەرموێ مەبەست تەپڵی بچوكه

پاشان ڕیوایەتێكی تر باشتر دەی چەسپێنێ كەمەبەست تەپڵه وەكوو ئەم ڕیوایەته

﴿ إنَّ الله حَرَّمَ عَلَيهم الخَمْرَ ، والمَيْسِر ، وَالُكوبَة ، وَهو الطَبل وَقَالَ كُلُّ مُسْكر حَرَام﴾ ~اخرجه احمد (٣٨٩/١) في الاشرية (١٤) والطبراني ١/ ١٢٦٠) والبيهقي ﴿١٠/٢١٣~٢٢١﴾وهذا اسناده صحيح من طريق عن قيس ، وقد وثقه ابو زرعة ويعقوب في ﴿المعرفة﴾ ١٩٤/٣ ﴾ وابن حبان ٥/ ٣٠٨) والنسائي والحافظ في(التقريب) واقتصر ذهبي في ﴿ الكاشف﴾ على ذكر توثيق النسائي واقره ن ولذلك صححه الشيخ احمد شاكر في تعليقه على ﴿المسند ﴾في الموضعين ٤م ١٥٨~٢١٨﴾ والله اعلى واعلم

فەرموودەی چوارەم: عَنْ عبد الله بن عمر بن عاص~ رضي الله عنه ~ أنَّ رسول الله ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ قَالَ:﴿إنَّ الله عزوجل حَرَّمَ الخَمْرَ ، والميسِر ، والكوبة ، والغبيرَاء وَكُلُ مُسْكِرٍ حرَام﴾[60]

---

60 _﴿اخرجه ابو داود (٣٧٨٥) والطحاوي في ﴿الشرح المعاني ﴾ ٣٢٥/٢ ، والبيهقي ١٠/٢٢١~٢٢٢﴾، واحمد ٢/ ١٥٨/ ١٧٠ ، و﴿الاشربة﴾ ٢٠٧~ ويعقوب الفسوي في ﴿المعرفة ﴾٥١٩/٢) وابن عبد البر في ﴿التمهيد﴾ ١٦٧/٥) والمزي في ﴿التهذيب﴾ ٣١/٤٥~٤٦)

واته:﴿بێگومان خوای پەروەردگار : مەی و قومارو ،تەپڵ و ﴿الغبیراء ﴾کەجۆرە عەرەقێکی سەر خۆشکەرە لە گەنمەشامی دروست دەکرێت ، هەموو ئەمانەی حەرام کردووە وەهەموو هۆش بەرو سەرخۆش کەرێ حەرامە ﴾

وە ئەم فەرموودەیە سێ ﴿﴿طرق﴾ی هەیە واتە سێ ڕێگەی هەیە کەشێخ أحمد شاكر تحقیقی کردووە وە ئەوەی کە ڕاجحە ئەمەیە والله اعلم

فەرموودەی پێنجەم: عن عبد الرحمن بن سابط قال : قال رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ﴿ إنَّ في أُمَتي خَسْفاً، ومَسْخاً، وَقَذْفًا، قَالُوا يَا رسول الله وَهُمْ يَشْهَدُونَ أنْ لاَ الـهَ إلاَ الله؟ فَقَالَ نعم ،إذا ظَهَرَتِ المَعَازِف والخُمُور ولبسُ الحرير﴾[61]

واتە:﴿ بێ گومان لە ئوممەتم دا ڕۆچون و شێوەو دیمەن گۆڕان و بەردباران کران ڕوو دەدەن ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ جا ئایا ئەو کەسانە ئەو شتانەیان بەسەردا دێت شایەتیش دەدەن کە جگە لە خوا پەرستراوێکی دیکە نیە ؟ فەرمووی بەڵێ ، هەرکات ئامێرەکانی مۆسیقاو مەی خۆری دەرکەوتن وئاوریشم لەبەر کران .

فەرموودەی شەشەم: عن أبي مالك الاشعري قال:﴿ سمعت رسول الله ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ یقول:﴿ سيَكُونُ فِي أُمَتِي الخَسفِ والمسْخ وَالقَذْفِ ،قَالَ :قُلْتُ

61 _﴿اخرجه ابن أبي شيبة وابن أبي الدنيا في ﴿ذم الملاهي﴾ وهو حديث حسن

فِيمَ يَارسول الله ؟ قَالَ بِاتِخَاذِهِم القَيِنَات وَشربِهِم الخَمْر ﴾[62]
واته:﴿ لهٔ مەودوا لە نێوان ئوممەتم دا بە زەویدا ڕۆبران و دیمەن و شێوەس گۆڕان و بە رد باران گران ڕوو دەدەن گووتی ووتم لەسەر چی ئەی پێغەمبەری خوا ﴿صلی الله علیه وسلم ﴾ فەرمووی : بەهۆی ئەوەوە کەخو دەدەنەوە ئافرەتانی گۆرانی بێژو مەی خواردنەوە﴾
هەندێ لە بارەی ئەم دوو فەرمووده پیرۆزە واتە فەرموودەی پێنجەم و شەشەم شتانێکی بێ بنەما باس دەکەن بە پشتیوانی خوای تعالی ﴿ جل جلاله﴾ ڕۆشنی دەکەینەوە ، بۆ نموونە: دەڵێن ﴿پێغەمبەری خوا ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ ئوممەتەکەی هۆشیار دەکاتەوە کەوریابن بە ئارەزوو ویستی ڕابواردندا نەچنە خوارێ و زێدە ڕۆی نەکەن!!
لە وەلأمدا دەڵێین :﴿ بێ گومان پێغەمبەری خوا﴿صلی الله علیه وسلم﴾هەر شتێ کە قەدەغەو حەرام بێت یان اسراف بێت بە جۆرێکی وا کەبچێتە قالبی حەرام ئوممەتەکەی هۆشیار کردۆتەوە لێ ی وەرێگری لێکردوون دەی خۆی ئەوە بەلگەیە لەسەر ئەوەی ئەو شتە حەرامەو ڕێگە پێ دراو نی یە بۆیە ئەو سزا سەختە دەخاتە بەرچاوی ئوممەتی ، پاشان نابێت هیچ خوێندەوارێك بلێ حوکمی یەك یەکی ئەو شتانەی کەباسکراون هۆکاری ئەو سزا خوایی یە لە خودی فەرمایشتەکان وەرناگیرێ !!وەدەبێت لە دەرەوەی ئەواندا بۆی بگەڕێین !!
ئێمە بەس ئەوەندە دەڵێین بۆ؟ چ ڕێگریەك هەیە ؟ خۆ ئەگەر هەر دانەیەکیان حوکمی جیاشی هەبێت و سەربە خۆی خۆشی هەبێت ئەوا لە سزادا هەرکەس بەقەد بەشی خۆی بەردەکەوێ ، کەئەوە ووتەی

---

62 _﴿اخرجه الطبراني ﴾ الكبير ، وابن عساكر والدولابي في ﴿ الكني والاسماء ﴾ وهو صحيح .

زانایانــه ، وەئەگــەر بــوترێ ئـافرەتی گــۆرانی بێــژ ﴿قینــه مغنیــه ﴾ لــه ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا﴿صلی الله علیه وسلم ﴾ شتێکی ئاسایی بووە!!!
دەڵێین لەوانەیـە ئەوانـەی منـداڵی بـچوکن بــه ئـافرەتی گـۆرانی بێـژی بزانن!!! ناوی ئەو ئافرەتانەی کەلەسـەردەمی پێغەمبـەردا ﴿صلی الله علیـه وسلم ﴾ هەبوون ناویان چی بووە و لە کوێدا باس کراوەو دەلیـل و بەڵگـه چی یە ؟ بەکام دەلیل لەڕۆژگاری پێغەمبـەری خـوادا ﴿صلی الله علیه وسلم ﴾گـۆرانی بێـژی ئـافرەت شـتێکی ئاسـایی بـووە؟!بێگومـان ئـەوە خـۆڵ کردنــه چـاوی مووسـڵمانانه چـونکه بـوونی ئـافرەتی گـۆرانی بێـژ لــه هەموو سەردەمێکدا بووە بـەڵام دان پێـدانانی دەبێتـه بەڵگـه دەی کـەی پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ دانی بە ئافرەتی گۆرانی بێـژدا نـاوە خـۆ لەم ڕیوایەتەدا بە ڕونی دیارە :

﴿عن السيد بن يزيد: أنَّ إمْرَأةً جَاءَتْ إلى رسُولِ اللهِ ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ فَقَالَ يَاعَائِشَةُ اتَعْرِفِينَ هَذِهِ؟ قَالَتْ لَايَانَبِيَّ الله ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فَقَالَ هَذِه قَينَـةُ بَنِـى فُلانٍ ، تُحِبِّيْنَ انْ تُغَنِّيك ؟ قَالَـتْ نَعَمْ ،قَـالَ : فَأعْطَاهَـا طَبَقـاً فَغَنَّتْهَـا ، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ قَدْ نَفَخَ الشَّيْطَانُ فِي مَنْخِرَيْهاَ﴾ [٦٣]

واتــه:﴿ ئافرەتێـك هاتــه لای پێغەمبــەری خـوا ﴿ صلی اللـه علیـه وسـلم ﴾ فـەرمووی ئـەی عائشە ئەمەدەناسـی ؟ ووتـی نـەخێر ئـەی پێغەمبـەری خوا ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ فەرمووی ئـەوە گـۆرانی بێژەکـەی فلاَن تیرەیـه ئایا حەز دەکەی گۆرانیت بۆ بڵێ ؟ ووتی : بەڵێ ، دەڵـی ئـەویش _واتـه پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ سینیه کـی پێـدا تـاوەکو وەکـوو دەف بـه کاری بێنێ ، ئیتر ئەویش گـۆرانی بـۆووت ، پێغەمبـەریش ﴿ صلی الله علیـه

63 _رواه أحمد والنسائي والطبراني وهو صحيح

وسلم ﴾ فـەرمووی شـەیتان فـووی کـردوە بـە لووتیـدا ﴿ زۆر جـار ئـەم فەرمووده پیرۆزه بـه جۆرێ مانـا دەکەن کەلـە گەڵ پینەو پەڕۆیانـدا بگـونجێ بـێ ئـەوەی سـەرنج بدەنـە مانـاو مەبەسـتی فـەر موودەکـە ، سەرەتا دەڵێین :
ئەو ئافرەتە دیـاره هاتۆتـە لای پێغەمبـەر ی خـوا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ دیاره ئافرەتەکە ئیشی هـەبووە نـەوەکو پێغەمبـەری خـوا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بـانگی بکـات و گـۆرانی پـێ بلێ پـەنا بـەخوا شـتی وا دووره لـە پێغەمبەری خوا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ یان گوێ بیستی شتێ بێت کەخۆی بفەرمووێ ﴿ شەیتان فووی کردووه بـه لـو تیـدا ﴾ بـێ گومـان شـتی وا نـاگونجێ !!پاشـان دەبـێ بـیر بکرێتـەوه و بزانـرێ هـەزارەها پیـاو ژن و منداڵ ...هتد هاتونەتە لای پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ پێغەمبـەر ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ نـەی فـەرموو عائیـشه ئـەوه دەناسـی خـۆ زۆرێ لـەو ئافرەتانەش عائیـشه نـەی ناسیون ئـەی بۆچی پێغەمبـەر﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فەرمووی عائیشه ئەمە ئەناسی ؟!! بـۆ ئـەوەی سـەرنجی عائیـشه ڕابکێشێ بـۆ ئـەو سیفەتەی کـه لـەو ئافرەتـەدا هەیـه ئەگـەر بپرسـرێ بۆچی ؟
دەڵێین چونکه ئەو سیفەتە بەلای پێغەمبەری خواوه ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بێزراوەو نەویـستراوه و ئەیـەوێ عائیـشه تـێ بگەیـەنێ کـه گـۆرانی و مۆسیقا و ...... هتـد دەبـێ لێیـان دوور بێـت و توخنیـان نەکـەوێ بـه دەلیلی ئەوەی کە دوایـی فـەرمووی شـەیتان فـووی کـردوه بـه لووتیـدا ، واته لەو کاتەدا فرسه تێ بووه لە دەعوەی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ که عائیشه ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت حاڵی بکات پـشکی شـەیتانی تیایه ، پاشان هەندێ بە تەئویلی بێ ئاگا دەڵێن مەبەستی پێغەمبـەر ﴿

صلى الله عليه وسلم ﴾ لەوەی کە فەرموویەتی ﴿ شەیتان فووی بە لووتیدا کردووە ﴾ مەبەست پیّ ی تەفاعولی لە گەڵ گۆرانیەکەدا کردووە !!
دەڵێین خوای تعالی ﴿ جل جلاله﴾ لە ئێوەش و ئێمەش خۆش بێت چۆن دەوێرن بۆچوونی وا بڵێن ؟ کەی سیفەتی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ وابووە کەشتیّ قەناعەتی پیّ ی هە بێت و دوایی بەخراپ وەسفی بکات !!! واتە بە لایەوە گۆرانی و مۆسیقا جائز بێت بەڵام دوای سیفەتێکی خراپی بداتە پاڵ !! خۆ پێغەمبەری خوا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ هەموو ئەخلاقی قورئان بووە چۆن کاتیّ خوای تعالی بفەرمووێ ﴿ وقولوا للناس حسنا ﴾[٦٤]
پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ دڵی ئافرەتێك دەشکێنیّ و دەفەرمووێ شەیتان فووی بە لووتیدا کردووە ئەگەر ئەو شتە بە خراپ نەزانیّ و بۆ ڕوون کردنەوەی ئوممەتی نەبێت ، هەر خۆی بەڵگەی تەواوی هەیە لە فەرموودەی دایکمان عائیشە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت کە دای بە لای ماڵێکدا کەسێك گۆرانی دەووت و سەری دەلەقاند فەرمووی ﴿ أف الشيطان أخرجوه أخرجوه ﴾ واتە: ﴿ ئۆف شەیتان بیکەنە دەرەوە بیکەنە دەرەوە ئەوانیش کردیانە دەرەوە ﴾[٦٥]
پاشان عائیشە لە کوێوە فێربووە لە غەیری پێغەمبەری خواوە ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ کە بەو حیکمەتە جوانە تیّ ی گەیاند ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بۆیە پێشتر ووتم بە تەئویلی بیّ ئاگا چونکە ئەگەر تەئویلەکەش بە ئاگای بێت جیّ ی سەرنج و تێدا ڕامان دەبێت بەڵام بەبیّ ئاگای !! پەنا بەخوا!!

---

64 _﴿ البقرة ﴾

65 _رواه إبن أبي شيبة ١٩٣/٤ وابن أبي الدنيا ٣٦،

بۆیـه دەڵێین مووسـڵمانان دەبـێ بـه ئاگابن و هەڵـه خلیسکێن بـه فـەتوا و تـەئویلاتی هەڵـه وه لەسـەر ڕاڕەوی قورئـان و سـوننه ت لانـەدەن ، تەنانـەت نەك له حەرام بەڵكوو لەشتێ كه گومانی تێدا بێ دووروەكەوی نەك تەئویل و پینەو پەڕۆی بۆ بكەی ، وەئەگەر كەسێ بڵێ بۆچی پێغەمبەر﴿ صلی الله علیـه وسلم ﴾ سـینیەكی دایـه لـه جیـاتی دەف لێ ی بـدات ؟ دەڵێین ئـەوه بەڵگەیـه لەسەر ئەوەی كەپێغەمبەری خوا ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ دەف لهماڵیدا نەبووه ، پاشانیش ئەوەندە گرنگی پێنـەداوه چونكه مەبەستی ڕوون كردنـەوه بـووه به حیكمەت چونكه ئەگەر پێغەمبـەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ بایـەخی پێبدایـه ئەی فەرموو ئادەی دەفێكی بۆبێنن !!بـەڵام چونكه مەبەستی گوێ لێگرتن نیـه مەبەستی ڕوون كردنەوەیـەتی بـۆ عائیشه و ئوممـەتی سینیكی دایـه خۆ مەعلومی هەموو كەسێكی به ویژدانه كه كەسێك دەنگیشی خۆش بێت بەسینی دەف لێبدات كەس حەز ناكات گوێ ی لێبگرێت !! والله اعلی واعلم .

﴿قەدەغه كردنی مۆسیقاو گۆرانی بەلای مەزهەبەكان و زانایان﴾

إمامی ابوبكر طرطوشی﴿ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت﴾ لـەبارەی تحـریم الات دەفەرموێ:﴿الحمد لله رب العالمین والعاقبة للمتقین ولاعدوان الا علی الظالمین ونساله ان یرینا الحق حقا نتبعه ، والباطل باطلا فنجتنیه، وقد كان الناس فیما مضی یستتر احدهم بالمعصیة اذا واقعها ثـم یستغفرالله ویتـوب الیـه منها ثـم كثـر الجهل وقل العلـم وتناقض الامر حتی صار احدهم یاتي المعصیة جهارا ، ثـم ازداد الامر ادبارا حتی بلغنا ان الطائفة من اخواننا المسلمین وفقنا الله وایاهم ، استزلهم الشیطان واستغوی عقولهم في حب الاغاني واللهو

، وسماع القطقطة والنقير ، واعتقدته من الدين.....وخالفت الفقهاء والعلماء وحملة الدين ﴿ ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى ويتبع غير سبيل المؤمنين نوله ماتولى ونصله جهنم وساءت مصيرا ﴾ فرأيت ان أوضح الحق واكشف عن شبه الباطل بالحجج التي تضمنها كتاب الله وسنة رسوله ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ وابدا بذكر اقاويل العلماء الذين تدور الفتيا في أقاص الارض حتى تعلم هذه الطائفة إنها قد خالفت علماء المسلمين في بدعتها والله ولي التوفيق﴾

واته:﴿ لەدوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە ، دەفەرمووێ لە پێشیندا ئەگەر کەسێك بکەوتایەتە هەریەك لە گوناهو تاوان ئەوا دایدەپۆشی و دەگەڕایەوە بۆ لای خوای گەورە ﴿جل جلاله﴾بەلآم پاش ئەوە نەزانین زۆر بوو زانست و زانیاری کەم بوو شتەکان پێچەوانە بوونەتەوە تاوای لێهات کەسێ کە گوناه و تاوان دەکات بە ئاشکرا دەیکات و بەوەشەوە نەوەستاوە زیادی کردووە بۆپشت هەلگردن هەتا وای لێهاتووە کەپێمان گەیشتووە هەندێ لە برایانی مووسلمان خوای گەورە ﴿ جل جلاله﴾ تەوفیقمان بدات وەتەوفیقی ئەوانیش بدات شەیتان پێ ی هەلخلیسکاندون و لە خشتەی بردوون و زالّ بووە بەسەریاندا و هەست و هۆشی لەدەست داون بەوەی کە خۆشەویستیان دەردەبڕن بۆمۆسیقاو گۆرانی ولهو وەگوێ گرتن لە دەنگی ئاواز دەرکەرەکان ، وا دەزانن ئەمە لە دینی ئیسلامدایە ... بەلآم پێچەوانە و خیلافی ئەوانن واتە فقهاو زانایان و ئەوانەی کە هەلگری دینی ڕاستە قینەن ﴿ هەرکەسێ دژایەتی پێغەمبەر بکات ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ پاش ئەوەی کەڕاستی بۆڕوون بوویەوە و شوێنی ڕێگایەکی تربکەوێ بێجگە

لەرێگـــەی بـــڕوا داران ڕووی وەردەگێـــڕین بـــۆ ئـــەو ڕێبـــازەی کـــە هەڵیبژاردووە وە دەی خەینە ناو دۆزەخ کەچ پاشە ڕۆژێکی خراپە﴾ [66]
بۆیە دەبینم کە ڕاستی ڕۆشنە وە ڕۆشنی دەکەینەوە وەئەو بۆچون و شـــوبهە خراپـــە هەڵانـــەی کـــە ئـــەهلی باتـــڵ درووســـتیان کـــردوە دەرەوێنینەوە بەو بەڵگانەی کە قورئان و سوننە لە خۆی گرتووە وە دەفـەرمووێ بـە ووتـەی زانایـان ئـەو زانایانـەی کـە لـە تـەواوی زەوی دەگەڕێنـەوە بـۆ فـەتواکانیان دەسـت پـێ دەکـەم هـەتا بزانـرێ کـە ئـەو هـۆزو کۆمەڵانـەی کـە گـۆرانی و مۆسـیقا بـە دروسـت دەزانـن ئـەوا پێـچەوانەی زانایـانی ئیـسلامن﴾ سـەرەتا باسـی امـامی مالـك ﴿ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێـت ﴾ دەکات بۆیـە بـە پشتیوانی خـوای گەورە ﴿ جل جلالە﴾ بۆچونی هەر چوار مەزهەبەکە لێرەدا ڕوون دەکەینەوە و ووتەی ڕاستی خۆیان دێنین :

امامی مالك : عن اسحاق بن عيسى بن الطباع قال:﴿ سألت مالك بن انس عَمَّا يَتَرَخَّصُ فِيهِ أَهْلِ الَمدِينَةِ مِنَ الغِنَاءِ ؟ فَقَالَ إِنَّمَا يَفْعَلهُ عِنْدَنَا الفُسَاق﴾ [67]

واتـە:﴿ئیـسحاقی کـوڕی عیـسای طبـاع دەفـەرمووێ:﴿لـە مـالیکی کـوڕی ئەنەسـم پرسـی لـە بـارەی ئـەو ووتنـەی کـە خـەڵکی مەدینـە مۆڵەتی

---

66 _﴿النساء﴾ ١٥١~

67 _رواه احمـد ﴿العلـل﴾بـرقم ١/٢٣٨،صـحيح،والامر بلمعـروف والنهـي عـن المنكـــر﴿للخـــلال﴾ص ١٦٥، والكـــافي لابـــن عبـــد الـــبر٢/ ٢٢٥،وتفـــسير القرطبي١٤/٥٥،وعون المعبود١٢/ ١٨٦، وقال الغزالي في احياء علوم الدين ومعه تخريج الحافظ العراقي ٢٣٧/٣.

پێدەدەن لە گۆرانی ؟ فەرمووی ﴿ لای ئێمە بەس ئەوانە دەیکەن کەزۆر لارێ بوون و لایان داوە﴾

وەهەروەها هەر امامی مالك دەفەرمووێ: ﴿اذا اشْتَرى جَارِيَة فَوَجَدَها مُغْنِيَة كانَ لَهُ انْ يَرُدَها بالعَيْب﴾[٦٨]

واتە:﴿ئەگەر کەسێ جاریەکی کری دوایی زانی کە گۆرانی بێژە دەتوانێ بیگێڕێتەوە بە عەیب بۆ خاوەنەکەی واتە بەعەیب دەژمێرێ﴾ جا هەندێ لێرەدا شوبهەیەك دروست دەکەن و دەڵێن مالك بەس وەسفی گۆرانی بێژی مەدینەی کردووە و نەیگوتوە هەرکەسێ یان گوێ ی بۆ بگرێ فاسیقە!! یان دەڵێن قسەکانی زانایان بەووردی وەکوو خۆی نقلْ نەکراوە بۆ نموونە دەڵێن هەیە باسی ﴿سماع﴾ هەندێك لە ئەهلی تەصەوف لاری ﴿منحرف﴾ی کردووە بەلاّم کە قسەی لێوە نقلْ کراوە واپیشان دراوە کە بە گشتی قسەی کردووە !!

ئێمەش لە وەلاّمی ئەوانەدا دەڵێین ماشاءالله لەو پینەو پەڕۆیە ....

باشە ئەگەر بپرسین ئایا گۆرانی بێژانی مەدینە هەزار قات لە گۆرانی بێژانی ئێمە باشتر نەبوون ؟!!!!!

پاشان جیاوازی چیە لە نێوان مووسڵمانانی مەدینەو مووسڵمانانی مۆزەمبیق لە قەدەغە کردنی حەرامێکدا ؟! پاشان هەر ووتەی امام مالکە ﴿ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴾ فەرموویەتی جاریە لە دوای کرینی ئەگەر گۆرانی بێژ بێت ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی بە عەیب دەژمێرێ ئەکرێ بڵێین امامی مالك فەرموویەتی دەچێتە لای ئەهلی تەصەوف و گۆرانی دەڵێ!!!!!! بێ گومان مرۆڤی ژیر خۆی تێ دەگات ....وەهەندێك هەیە دەڵێن لە بارەی امامی مالکەوە ڕەزاو ڕەحمەتی

---

68 _انظر الى من يحب السماع ص ٣٠/بتحقيق مجدى فتحى السيد.

خوای لێبێت ﴿ أنه كانت جوارية في بيته يضربن بالمعزف﴾بێگومان به بڕوایەکی تەواوە دەڵێین امامی مالك ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت شتی وا له ماڵیدا نەبووە و ئەو سەنەدە ڕاست نیه چونکه به صحیحی هێنامان امامی مالك فەرمووی ﴿انما يفعله عندنا الفساق﴾

وەبێگومان زانایان لەسەر ئەوەش ڕەدیان داونەتەوەو دەڵێن ئەگەر ئەو سەنەدە ڕاستیش بێت هەر نابێتە بەڵگە چونکه پێچەوانەی قورئان و سوننه یه کە سەنەدەکە بەڕاست دانانرێ والله اعلم ، پاشان ئەگەر ڕاستیش بێت پێچەوانەی ئەویش هەر ڕاستە واتە امامی مالك ڕاشکاوانە دەڵێت کە حەرامە دەی ئەمەیان وەربگرین بێگومان ترە بە لکو پێویستیشە ئەم ڕایەیان وەربگرین کە دەفەرمووێ لاڕێکان دەیکەن، وە شێخ الالبانی دەفەرمووێ:﴿ثم روى الخلال بسنده الصحيح ايضا عن ابراهيم بن منذر ﴿مدني ثقة من شيوخ البخاري﴾وسأل فقيل انتم ترخصون في الغناء ؟فقال معاذ الله ما يفعل هذا عندنا الاالفساق﴾

واته:﴿ پرسیار له ابراهیم کوڕی منذر کە مەدەنی ثقة یە لە شەیخی بخاریە پرسیاریان لێکرد ئایا ئێوە ڕێگە دەدەن بە گۆرانی و مۆسیقا ؟ فەرمووی پەنا بەخوا هیچ کەس شتی واناکات لە ناوماندا ئیلا مەگەر لەڕێ دەرچووەکان نەبێت . وە ئەمەش مەزهەبی هەموو ئەهلی مەدینە کاتێ باسی گەڕاندنەوەی جاریە دەکەن بە عەیب حسابی دەکەن کە گۆرانی بێژ بێت بە تەنها ابراهیمی کوڕی سعد نەبێت کە زکریا لە الساجی دەگێڕێتەوە دەڵێ قەیناکە والله اعلم .

امام أبو حنيفة:

بێگومان امامی ابو حنیفە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت لە بارەی مۆسیقاو گۆرانی زۆر توندە بە جۆرێ بە حەرامی دا دەنێت کە گوێ

لێبونی هەموو ئاوازێ وەکوو شمشاڵ و دەف و هەتا لێدانی دار لە شتێ بەسەرپێچی ناو زەند دەکات و دەفەرمووێ فاسق دەبێت ، وەشایەتی لێومرناگیرێ وە لەوەش زیاتر دەفەرمووێ گوێ لێ گرتنی فاسق بوونە وەچێژ لێ وەرگرتنی کوفرە .

وە ابو یوسف ﴿ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴾ کەیەکەم قوتابی بەرزێتی دەفەرمووێ﴿في دار يسمع صوت المعازف والملاهي ادخل عليهم بغير اذنهم لأن النهي عن المنكر فرض فلو لم يجز الدخول بغير اذن لامتنع الناس من إقامة الفرض ﴾

واتە:﴿ لە ماڵێ ببیسترێ دەنگی معازف ئەوا بچۆرە ژورەوە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەبەر ئەوەی ڕێگری لە منکر و خراپە واجبە ، ئەگەر ڕێگە دراو نەبێ چونە ژورەوە بەبێ ئیزن ئەوە ڕێگری خەڵکی دەکرێ لە هەستان بە بەجێ هێنانی واجب.﴾ وە ئەم ابو یوسفە ناوی ابو یوسف بن ابراهیم الانصاریەلە ساڵی ١١٢ ك لە دایك بووە وە زۆر سەرقاڵی فەرموودە بووە وەیەکەم قوتابی بەرزو زیرەکی امامی ابو حنیفە یە ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت هەتا لە بواری فەرموودەدا یحیی کوڕی معین دەفەرمووێت﴿ليس في أصحاب الحديث اكثر حديثا ولا اثبت من ابي يوسف وقال ايضا ابو يوسف صاحب الحديث وصاحب السُنة﴾

واتە:﴿ لە هاوەڵانی فەرموودە نەبووە کەسێ کە بە ئەندازەی ابو یوسف فەرموودەی لە بەربێت و لای جێگیر بوبێ وەهەروەها ناوی دەبەن بە خاوەنی فەرموودەو سوننە ﴾

پاشان سێ قوتابی تری گەورەی إمام أبو حنیفە بەناوی﴿ زفر بن الهذيل بن قيسي الكوفي ~ ومحمد بن الحسن بن فرقد الشيباني~ والحسن بن زياد اللؤلؤي الكوفي﴾کە ئەم چوار قوتابیە بەڕێزە بڵاو

گەرەوەی مەزهەبی ابو حنیفەن ﴿ ڕزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت﴾ بەلایانەوە مۆسیقاو گۆرانی حەڕامە والله اعلی واعلم .

امام الشافعی:

بێگومان بەلای مەزهەبی شافیعیش ﴿ ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴾ حەڕامە وەکوو دەفەرموویت:﴿إنَّ الغنَاء لَهو مَكْروه يُشبِهُ البَاطلَ والمحال ، ومَنْ استَكثرَ منْهُ فَهُو سَفيه ترَّدشَهادته﴾[69]

واتە:﴿ بێگومان گۆرانی و لهو ناپەسەندە وە دەشوبهێ بە باتڵ و نەشیاو وەهەرکەسێ زۆر بەکار هێنەری بێت ئەوا کەم عاقڵەو شایەتی لێوەرناگیرێ ﴾ وە زۆرێ لە هاوەڵانی و ئەوانەی لەسەر ڕاڕەوی شافیعین دەڵێن حەڕامە وە ئینکاری دەکەن لەوەی کە هەرکەسێ شتێك بەو ناوەوە بخاتە پاڵ شافعی ﴿ ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴾ جا لەو زانا بەرزانەی کە ناو دارن لە مەزهەبی شافیعیشدا ئەوە دەڵێن وەکو ﴿الطيب الطبری ~ الشيخ ابي اسحاق ~ وابن صباغ﴾ وەهەتا شێخ ابو اسحاق دەفەرمووێ﴿ لاتصح ~ يعني الاجارة~ على منفعة المحرمة ، كغناء والزمر وحمل الخمر﴾[70]

واتە:﴿ڕاست نیەو ڕەوا نیە پاداشت و سوود وەرگرتن لە شتێ حەرام بێت وەکوو گۆرانی و شمشاڵ و هەڵگرتن و مامەڵەی شەراب﴾

وەهەرووەها دەفەرمووێ: ﴿ ولايجوز على المنافع المحرمة لأنه محرم فلا يجوز أخذ العوض عنه كالميتة والدم﴾[71]

---

69 _﴿ ادب القضاء﴾

70 _﴿التنبه﴾ الشيخ ابی اسحاق .

71 _﴿ المهذب﴾ لشيخ ابي اسحاق .

واته: ﴿ دروست نیه سوود وەرگرتن لە حەرام لەبەر ئەوەی حەرام کراوە وەجائز نیه ڕەوا نیه وەرگرتنی پاداشت و کرێ لەسەری وەکوو مردارەوەبوو خوێنه﴾.
وە لە فەرموودەیەکی شافیعیش دا ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴿ هاتووە دەفەرمووێ﴿وصاحب الجارية اذا اجمع الناس لسماعها فهو سفيه ترد شهادته﴾وەلەوە خراپتریشیان پێ دەڵێت و دەفەرمووێ﴿هو دياثة فمن فعل ذلك كان ديوثا﴾
واته: ﴿ خاوەنی جاریه ئەگەر هاتوو خەڵکیشی کۆکردەوە بۆ گوێ لێگرتنی ئەوە بێ عەقڵە و شایەتی لێ وەرناگیرێ وەدەفەرمووێ ئەوەی ئەوە دەکات دیوثة واتە غیرەت و پیاوەتی تیانیە و گەوادە.... والله اعلى واعلم .
إمام أحمد بن حنبل:
لە مەزهەبی امام احمدیش﴿ ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴿ مۆسیقاو گۆرانی حەرامە وەکو عبد الله کوڕی دەفەرمووێ ﴿سألتُ أبي عَنِ الغِناءِ ؟ فَقَالَ الغناء ينبت النفاق في القلب ، لايعجبني﴾ ثُمَّ ذكر قول مالك ﴿ انما يفعله عندنا الفاسق﴾
واته:﴿ پرسیارم لە باوکم کرد سەبارەت بە گۆرانی ؟ فەرمووی گۆرانی دووڕوی ئەچێنێ لە دڵدا ، بەلامەوە باش نیە پاشان باسی فەرمایشتەکەی امامی مالك کرد و فەرمووی ئەوانەی ئەوە دەکەن لەناوماندا لاڕێ بوەکانن.
وەلە گێڕانەوەیەکی صحیحدا هاتووە کە چەند منداڵێکی هەتیوی بێ باوك جاریەیەکی گۆرانی بێژیان بۆ بە جێ مابوو کە گۆرانی بێژ بوو وویستیان بیفرۆشن امام احمد پێیانی فەرموو واتە بەبێ باوکەکان ﴿لاتباع الا على انها ساذجة فقالوا اذا بيعت مغنية ساوت عشرين

الفا ونحوها واذا بيعت ساذجة لاتساوى الفين فقال لاتباع الا على انها ساذجة ﴾

واتـه:﴿امـامى احمـد رِەزاو رِەحمـەتى خـواى لێبێـت پـێ ى فـەرموون نافرۆشرێ یان مەیفرۆشن مەگەر بەسادەی نـەبێت واتـە بـەبێ شـەرتی گۆرانی ووتن و ئاواز لێدان وتیان ئاخر ئەگەر بە سیفەتی گۆرانی بێـژ بیفرۆشین ئەوا ئەگاتە بیست هـەزار یـان ئەنـدازەی ئـەوە بـەلاّم ئەگـەر بـە سـادەی بیفرۆشـین ئـەوا ناگاتـە دوو هـەزار فـەرمووی نافرۆشـرێ مەگـەر لەسـەر سـادەی خـۆی نـەبێت ﴾ جـا بێگومـان ئەگـەر قـازانج و سوود وەرگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا حـەلاڵ بوایـە ئـەوا نـە یدەهێـشت پارەی ئەو بێ باوك و هەتیوانە بڕوات !!!!

طبری دەفەرمویت: ﴿ فقد اجمع العلماء الامصار على كراهية الغناء والمنع منه وإنما فارق الجماعة ابراهيم بن سعد وعبيد الله العنبرى وقد قال رسول الله ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ من فارق الجماعة مات ميتة جاهلية﴾[72]

بۆیـە زانایـانی كـۆن واتـە هـەر چوار مەزهەبەكـە لەسـەر ئـەوەن كـە مۆسیقاو گۆرانی حەرامە وەرێگری دەكەن وە ئـەوەی كـە جیـا بۆتـەوە لێیــان ابــراهیم بــن ســعد وعبیــد الله العنــبرى یــە وە پێــشەوامان دەفــەرمووێ﴿ صــلى الله علیــە وســلم ﴾ هەركەســێ لــە كۆمــەڵی مووسڵمانان جیا بێتەوە دەمرێ وەكوو مردنی نەفامەكان﴾

وەهیچ بەڵگەیەك نیە كە بەسـەنەدێكی ڕاسـت هـاتبێ كـە گـوێ بیـستی گـۆرانی بـوبن ، بـەلاّم ئـەو حاڵەتانـەی كـەباس دەكرێـت لـە حاڵەتـە

---

72 _﴿بەشێكە لەو فەرموودەیە كە ابن عباس رضی الله عنهما ﴾دەیگێڕێتەوە كە ﴿متفق علیە﴾ە

جائیزەكانە واتە ڕێگە پێدراوەكان كە انشاءالله ڕوونی دەكەینەوە لە چ حاڵەتێكدا ڕێگە پێدراوە ، پاشان ناوی هەندێ لە تابیعی دەهێنرێ كە گوێ بیستی گۆرانی ومۆسیقا بوون وەكوو عمری كوڕی عبد العزیز كە بێگومان ئەو سە نەدانە ش ڕاست نین بەڵكو سەنەدی ڕاستی ئەوەیە كە إمامی اوزاعی ﴿ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴾ دەفەرمووێت :﴿كتب عمر بن عبدالعزيز إلى عمر بن وليدكتاباًفيه...﴾ إظهارك المعازف والمزمار بدعة في الاسلام، ولقد هممت أن ابعث اليك من يجز جمتك جمة السوء﴾[73] ئەوەتا سەرهەڵدانی و بەكار هێنانی بە بیدعە دەزانێ لە ئیسلامدا وە چ هەڕەشەیەكی توند دەكات ﴾

پاشان ابو حفص الاموی عمر بن عبد الله دەفەرمووێت:﴿كتب عمر بن عبد العزيز الى مؤدب ولده ان يربيهم على بغض المعازف ﴾ واتە :﴿ نووسراوی نارد بۆ پەروەردە كەری كوڕەكەی و پێی فەرمووكەپەروەردەی بكات لەسەر ڕق لێبوونی ئامێرەكان﴾ ئیتر لە كوێ عمری كوڕی عبدالعزیز گوێ بیستی گۆرانی بووە؟!!!

یان ناوی عامر بن شراحل ﴿الشعبي﴾ هاتووە كە بێگومان وانیە چونكە لە سەنەدێكی ڕاستدا هاتووە لە اسماعیل بن ابی خالد كە دەڵێ:﴿ انه كره اجر مغنية وقال ما احب ان اكله﴾[74]

كەواتە بە لایەوە پەسەند نەبووە كە كرێی گۆرانی بێژ بخورێت، پاشان ناوی ﴿ شریح القاضی﴾ هاتووە بێگومان ئەویش وانیە بەڵكو

---

73 _﴿اخرجه النسائي في سننه ٢/ ١٧٨ ، وابو نعيم في الحلية ٥/٢٧٠ بسند صحيح وذكره ابن عبد الحكم في سيرة عمر ١٥٤~ ١٥٧ ، ورواه ابو نعيم ٥/ ٣٠٩.

74 _ ﴿اخرجه ابن ابي شيبة ٧~٩~٢٢٠٣ بسند صحيح.

سەنەدی ڕاست ئەمەیە :﴿قال ابو حفص﴿إنَّ رجُلاً كسر طَنبور رجُل فَخاصَمَهُ الى شُرَيح فَلَمْ يَضْمَنهُ شَيئًا ﴾[75]

واتە:﴿ پیاوێك تەپڵی پیاوێکی شکاندبوو شکاتەکەیان بردە لای شریح القاضی شریح هیچی بە کابرا نەبژارد ﴾

پاشان سەبارەت بەوەی کەناوی چەند هاوەڵێکی بەڕێزی پێغەمبەر هاتووە ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ کە گوێ بیستی گۆرانی و ئامێرەکانی بوون ئەوە تێکەڵ کردنێکە بێویژدانی ڕوونی پێوە دیارە چونکە ئەوان لە چەند حاڵەتێکی جیادا نەبێت کە ڕێگە پێدراوە قسەیەکی بێ بنەماو بێویژدانیە بۆ نموونە دەڵێن : عمری کوڕی خطاب !! یان عوسمانی کوڕی عفان !! یان سعدی کوڕی ابي وقاص !! ئێمە دەڵێین إمامی عمر و هەموو هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ زۆر دوورن لەوەی کە گوێ بیستی مۆسیقاو گۆرانی بوبن وە لە لهو دا کات بە سەر بەرن ، وەکاتێ بەڵگەیە باس دەکرێت دەبێ بەبێویژدانی نقلْ نەکرێ بۆ نموونە :﴿ لە ابی شعب الحرانی بە سەنەدێ لە خالد لە ابن سیرین دەیهێنێ کە ﴿ان عمر بن الخطاب كان اذا سمع صوت دف سال عنه؟ فإن قالوا:عرس ، او ختان سكت ﴾

واتە:﴿ ئەگەرامامی عمر ﴿ ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴾ گوێی لە دەنگی دەف بوایە پرسیاری دەکرد ؟ ئەگەر بیان ووتایە زەماوەندە یان خەتەنەکردنە بێ دەنگ دەبوو ... دەی ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوێبیستی نە بووە و بۆ خۆی ئەوەی لێدەر دەهێنرێ کە کاتێ پرسیاری کردووە مانای وایە ئەگەر بۆنە نەبێت ڕێگە نادات !!! وەبۆیە

---

75 _﴿اخرجه ابن ابي شيبة في النصف ٧~ ٣١٢، ٣٢٧٥، واسناده صحيح ، والبيهقي ٦~١٠١ و الخلال ص ٢٦

ئەمەم بە بەلگە هێنایەوە زۆر جار بێ تێگەیشتن دەیکەن بە بەلگە ! بەلاّم بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە امامی عمر بەلایەوە ڕەوا نەبووە هەروەکوو جار هەبووە ئافرەت کە دەفی لێداوە امامی عمری بینیوە لە ترساندا لای بردوە !!!! ئیتر لە کوێ امامی عمر گوێی لێگرتووە ؟!! وەبۆیە لێرەدا ئەمەم نەهێنا بە بەلگەی حەرامی چونکە پچڕاوی هەیە بەلاّم هەندێ بە نەزانین بە بەلگەی بێدەنگ بوون و گوێ لێ گرتنی امامی عمر ئەیهێنن (حاشا).... کەواتە بە بەلگە هێنانەوەی هاوەلاّن لادانە لە ڕاڕەوی خۆی ، وەبۆسەرخستنی بۆچونی تایبەتی خۆیانە و نابێتە بەلگە وەکوو ڕۆژی ڕوون دیارە ، وەفەرموودەی خۆیان واتە هاوەلاّن بەلگەیە لەسەر بە حەڕام دانانی بۆنموونە:
﴿ابوبکری صدیق﴾ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ناوی بردووە بە (مزمور الشیطان) واتە جوزەلەی شەیتان کە ڕیوایەتی موسلم ە .
یان ﴿عوسمانی کوڕی عەفان﴾ ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت :﴿والله مَا تَغَنيتُ، ولا تَمَنَّيتُ ﴾[76]
واتە:﴿نەگۆرانیم ووتوە نەبە ئاواتم خواستووە﴾
وەهەروەها ﴿ئیمامی علي﴾ ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ~ حافظ ابن كثير لە تأريخە کەیدا دەفەرمووێ:﴿لما انصرف علي﴿رضى الله عنه﴾من النهروان قام في الناس خطيبا ، فذكر خطبة طويلة بليغة

---

76 _﴿ابن ماجة، كتاب الطهارة ن باب كراهية ، باب كراهة مس الذكر باليمين والاستنجاء باليمين برقم ٣١١، والطبراني في الكبير ١٩٢/٥ برقم ٥٠٦١، وابو يعلى في معجمه، ص ٢١٧، وابن المنذر في الاوسط ٣٣٨/١ ن والبيهقي في الدلائل ٦/ ٣٩٠ ، وابن عساكر ١٦٣/٤٤، وانظر : فصل الخطاب ص ١٠٥.

فيهـا :﴿ ومجـالس اللـهو تُنـسي القـرآن ، ويحـضرها الـشيطان ، وتدعو الى كل غيّ﴾[77]

کەواتـە کـوڕی لهـو دەبێتـە هـۆی بیرچـونەوەی قورئـانی پـیرۆز و ئامادەبوونی شەیتان وەدەبێتە بانگەوازێ بـۆ هـەموو سەرپێچی و لادان و لەسـنوور دەرچـونی کەئەمـە فـەرموودەی امـامی علـی یـە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت. یان دەڵێن سەعیدی کوڕی مسیب گوێ بیستی مۆسیقاو گۆرانی بووە دەڵێین بێگومان ئەویش ڕاست نیە چونکە خـۆی دەفەرمووێ:﴿إني لأبغضُ الغناء﴾[78]

واتە: ﴿زۆر ڕقم لە گۆرانیە﴾

یان دەڵێن ﴿عطاء بن ابي رباح﴾ کە بێگومان ڕاست نی یە چونکە ئەهلی مەککە لە ئەتباعی ابن عباسن ﴿ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت ﴾ وە لـە وانـەی کـە ئـەتباعی ابـن عباسـن وەکـوو ﴿مجاهـد، عکرمـة ، عطاء ابن ابي رباح﴾ هەموویان ڕاڤەی ئایەتی ﴿لهو الحديث﴾ یان بە گۆرانی و مۆسیقا کردووە وە پێیـان حەڕامـە وەلـە هـەمووی سـەیر تـر ئەوەی کە دەڵێ عطاء بن ابي رباح گوێ ی لـە گـۆرانی گرتـووە دیـارە نەیناسیوە چونکە وەکوو زانایان لە باسیدا دەفـەرموون زۆر بێـدەنگ و کەم قسەبووە بەڵام کاتێ پرسیاری لێ دەکرا دەفەرموون وامـان ئـەزانی پێی دەڵێنەوە واتە مؤیـدە ! وە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێنج تـا شـەش کـەم و کـورتی لـە لاشـەیدا بـووە نـازانم چـۆن بـە و کـەم و کورتیانـە وە زانایـەکی وا گـوێی بـۆ گـۆرانی و مۆسـیقا گرتبـی ؟!! بێگومـان شـتی وا نەبووە و بە لگەی بێبنەمان !! هەموو کەسێکی بـە ویـژدان دەزانـێ کـە

---

77 _﴿البداية والنهاية﴾٣٠٧/٧ ، وانظر فصل الخطاب ص ١٠٥.

78 _﴿اخرجه عبد الرزاق في ﴿المنصف﴾بسند صحيح.

ئـەو زانـا بـەڕێزە گەورانــە زۆر دوور بــوون لــە مۆسـیقاو گـۆرانی و تەنانـەت کۆڕێ کە لهو لغوی تیادابێت .والله اعلم.

یان دەڵێن ﴿فضیل بن عیاض﴾کـەبێگومان ئـەم سـەنەدانە ڕاست نـین بە لکو سەنەدی ڕاست ئەوەیە کە خـۆی دەفـەرمووێت : ﴿ الغنـاء رقیـة الزنا﴾ کەواتە گۆرانی و مۆسیقا پله یەکەو ڕاکێـشەری زینایـە ، پاشـان ﴿ضحاك﴾ دەفەرمووێ:﴿الغناء مفسدة القلب مسخطة للرب﴾

واتە:﴿ گۆرانی تێکدەری دڵە و تورەکەری خوای گەورەیە ﴿جل جلاله﴾﴾

وە ﴿الشعبي﴾ دەفەرمووێ:﴿لعن المغني والمغنى له﴾ [٧٩]

وە ابـن عمـر ﴿ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوا لـە خـۆی و بـاوکی بێـت﴾ جوانی فەرمووە دەڵێن جارێ لەلای جاریەیەکی بچوکدا تێپـەڕی بینـی گـۆرانی دەڵێت فەرمووی :﴿لو ترك الشیطان احدا لترك هذه﴾ [٨٠]

واتە :﴿ ئەگەر شەیتان وازی لە کەسێك بهێنایە ئـەوا وازی لـەو منداڵە دەهێنا﴾ بۆیـە دەڵـێین ئەوانـە هەموو شـتی نـاڕەوان کـە دەدرێتـە پـاڵ هـاوەڵان وسـەلەف وەهـیچ سـەنەدێکی ڕاسـتیان نیـە کـە هـاوەڵان گـوێ بیـستی مۆسـیقاو گـۆرانی بـوبن وە بـە ووتـەی ابـن حـزم و الـشوکانی و الغزالی و هاوشێوەی وەکوو ئەوان مۆسیقاو گۆرانی حـەڵاڵ نـابێ .... وە ئەگەر بەڵگەی ڕاست هەیە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ گوێ بیستی ئامێرەکان بوون دەلیل و بـە لگەکانتان کـوان؟؟؟؟ خـۆ نـاو هێنـان و نووسـینی ناوەکانیـان نابێتـە بەلگـە.... بۆیـە دەڵـێم هـاوەڵان بـەرین لـەوەی کـە گـوێ بیـستی ئامێرەکـان بـوبن وەکـوو بـەری بـوونی گورگەکە لە خوێنی یوسف علیه السلام .

---

79 _﴿ تلبیس ابلیس﴾

80 _﴿تلبیس ابلیس﴾

﴿ڕەواندنەوەی شووبهەكان﴾

پاش ئەوەی ئەو دەلیل وبەلگانەمان باس كرد كە بەلگەن لەسەر حەرام بوونی مۆسیقا دیارە بە بەلگەی قورئان و فەرموودەی صحیحی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ سەلمێنرا وە پاشان ووتەی هاوەلان وزانایان و مەزهەبەكانمان هێنا ، بەلام دلنیام هێشتا هەندێ لە مووسلمانانی سادەو ساویلكە لە دوودلیدان نەك لەبەر ئەوەی قەناعەت بەو بەلگانە ناكەن ! بەلكو لەبەر ئەوەی هەندێ كەسی دلّ نەخۆش شوبهە لە دلی مووسلماناندا دروست دەكەن دیارە ئەمەش لەبەر خاتری بیرو بۆچونەكانیانە بۆیە پاساوی بۆ دێننەوە و لە گەلّ بەرژەوەندی خۆیان ئەیگونجێنن ، بەلام دلنیا بن هەر قەلەمێ بڕیار بدات لەسەر حەلالّی مۆسیقاو گۆرانی و ئامێرەكان لە گەلّ شمشێری حەجاج جیاوازی نیە چونكە زۆر جار كاریگەری زمان لەسەر ئوممەتی ئیسلام لە كاریگەری شمشێر بە هێزترە جا ئەو بە شمشێرو كۆمەلێ لە ئێستادا بە زوبان بۆیە ئێمەش دەلێین ﴿ والله المستعان﴾ . بۆیە دەلێین یان ڕاڤەی فەرموودەكانیان وەكو خۆی نەكردوە یان پاساو بۆ بۆچونی تایبەتی خۆیان دەهێننەوە جا ئەوەی كە دەیكەنە بەلگەی ڕەوای گۆرانی و مۆسیقا بە پێچەوانەوەیە بەلكوو بەلگەیە لەسەر قەدەغە بوونی تەنها لەو حالەتانەدا نەبێت كە باس كراون وەڕونمان كردەوە بۆنموونە:

﴿فەرموودەی یەكەم﴾:

﴿عن عائشه رضى الله عنهاقالت:﴿ دَخَلَ أبو بكرٍ وَعندي جَارِيَتَان مِنَ الأنصَارِ ، تُغَنِّيانِ بِمَا تَقَاوَلَتْ الأنصَارُ يَوْمَ بُعَاثَ،قَالَتْ وَلَيْستَا بِمُغَنِّيَتيْنِ، فَقَالَ أبُو بَكْر:أمَزَامِيرُالشَيْطَانِ فِي بَيتِ رَسُولِ الله

﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ؟وَذَلكَ في يَوْمِ عِيْدٍ ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ ﴿ يَاأبَا بَكْرٍ إنَّ لِكُلِ قَوْمٍ عِيْداً ، وَهَذا عِيْدُنَا ﴾ وَهذ ا لفظ البخاري وفي رواية للبخاري :﴿ دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللهِ ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ وَعِنْدي جَارِيَتَانِ تُغَنِّيَانِ بِغِنَاء بُعَاثَ ، فَأضْطَجَعَ عَلى الفِراشِ ، وحَوَّلَ وجْهَهُ ، و دَخَلَ أبو بَكْرٍ فَأنْتَهَرَني ، وَ قَالَ :مِزْمَارةُ الشَّيْطَانِ عِنْدَ النَّبي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فَاقْبَلَ عَلَيهِ رَسُولُ اللهِ ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ فَقَالَ : ﴿ دَعْهُمَا ﴾ فَلَمَا غَفَلَ غَمَزتُهما فَخَرَجَتا ﴾[81]
وفي الرواية للبخارى ومسلم أيضاً ﴿ أنَّ أبَا بَكْرٍ ﴿ رضى الله عنه﴾ دَخَلَ عَلَيْهَا وَعِنْدَهَا جَارِيَتَانِ في أيَّامِ مِنى تغنيَانِ ، وَ تَضْرِبَانِ ، ورسُولُ الله ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ مُسَجَّى بِثَوْبِهِ ، فَأنْتَهَرهُمَا أبُو بكْرٍ ، فَكَشَفَ رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ عنْهُ وَقَالَ :﴿ دَعْهُمَا يَا أبَا بَكْرٍ ، فَإِنَّهَا أيَّامُ عِيْدٍ ﴾[82]
وه شيخ الالبانى رِهحمهتى خواى ليبيت كوّى لهفزهكان و رِيوايهتهكان دههيٌنىٌ ئهمهش ئهو رِيوايهتانهيه:﴿قَالت رضي الله عنها :﴿ دَخَلَ عَليَّ رَسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾وَعِندى جَارِيَتَان ﴿ من جَواري الانصار ﴾ وفي الرواية﴿ قينتان﴾ في ايَّام منى ، تُدفِفَان وَتَضْرِبَان ،تُغَنيَان بِغِنَاء ، وفي الرواية بما تَقَاوَلَتْ وفي الاخرى:تَقَاذَفَتْ ، الانصار يوم بُعَاث ﴿ وَلَيْسَتَا بِمُغَنيَتَيْنِ﴾فَاضْطَجَعَ عَلى الفراش ، وحوَّلَ وجهَهُ وَدَخَلَ أبو بكر ﴿ والنبي﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ مُتَغَش

---

81 _﴿البخاري ، كتاب العيدين ، بَاب الحراب والدرق يوم العيد ، برقم ٩٤٩.

82 _﴿البخاري ، كتاب العيدين ، بَاب إذَا فَاتَهُ العيد يصلي ركعتين ، برقم ٩٨٧.
ومسلم كتاب صلاة العيدين باب الرخصة في اللعب الذي لا معصية فيه ، في أيَام العيد برقم ٨٩٢

بِثُوبِـهِ ﴾ فَـانْتَهَرَني ، وفي روايـة فَانتَهرهمـا ، وَقَـالَ ﴿ مِزمـارة وفي الرواية مزمـار ﴾ الشيطان عنـد وفي الروايـة ﴿ امَزامير الشيطان في بيت رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ مرتين؟!!﴾

واته:﴿عائشه _خوا لێ ی ڕازی بێت _ دەفـەرموویێت : ئـەبو بـەكر ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ هاتـە ژوورەوە مـنـیش دووكـچۆڵەی ئەنـصاریم لابـوو دوو دەفیـان پـێ بـوو یاریـان پـێ دەكـردوو گۆرانیـان دەگوت بەو هۆنراوانەی كە ئەنصاریەكان لـە ڕۆژی ﴿بعاث﴾ دا شـەڕە شیعریان پێ كردبوون فەرمووی گۆرانی بێژیش نەبوون جا ئەبوبـەكر فـەرمووی چـۆن دەبێـت زوڕناكـان وە لـە ڕیوایـەتێكی تـردا بـەزوڕنای شەیتان لە ماڵی پێغەمبەر ی خوا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ لێ بـدرێ ؟!وەلـە گێڕانەوەیەكـدا ئەبووبـەكر ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت نەیهێـشت و نەهی لێكـردن و فـەرمووی چۆن ئەمەدەكـەن لـە كاتێكدا پێغەمبـەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ دانیشتووە ؟! وە ئەوەش لە جەژنی ڕەمـەزانی پـیرۆزدا بوو جا پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فەرمووی ئـەی ئـەبوو بـەكر هـەر كۆمەڵ و گەلێك جەژنێكیان هەیە ئەمەش جەژنی ئێمەیە

بە پـشتیوانی خـوای تعـالی جـل جلالـه هەڵـسەنگاندنێ لـە م فـەرموودە پـیرۆزەدا دەكـەین بـە كـۆی لـە فزەكـان بـۆ ئـەوەی ڕۆشـن بێتـەوە بـۆ مووسڵمانان چونكە هەندێ بۆچوون لێرەدا دەڵێن ڕەوایە دەف هەمیشە بـەكار بێـت و گـۆرانی لـە گەڵـدا بـوترێ و چـەند شـوبهەیەكی تـر كـە پشتیوان بە خوای تعالی ڕوونی دەكەینەوە :

سەرەتا بە پشتیوانی خوای تعالی جل وعلا دەڵێین :

لەم فەرموودە پیرۆزەدا بە ڕۆشنی دیارە وە هـەر كەسـێ سـەرنجی ئـەم فەرموودە پیرۆزە بدات بۆی دەردەكەوێ كـە هـیچ ڕەواییـەكی تێـدا نیـە بـە مطلقـی‌وە كـوو ئـەوەی بانگەشـەی بـۆدەكرێ ، پاشـان ئەمانـەی كـە

دەفیـان لێ داوە دوو منـداڵی بـچووك بـوون دەی ئەمـە چـۆن دەبێتـە بەڵگەی هەمیشەیی بۆ ئـافرەت یـان پیـاو !!!وە بێگومـان ئیـستا هـەموو ئامێرەکـان بـەکار دێـت و هـەموو ڕۆژەکـانی سـاڵ مۆسـیقاو گـۆرانی ئەوازنی گوێ ی مووسڵمانانیان تێك داوە ! کە ئـەوە هەڵەیـەکی ڕۆشـنە و کەس ناتوانێ ئینکاری لێ بکات کە ئـەو فـەرموودە ناکرێتـە بـە لگـەی ئێستا کـە بـەو هـەموو ناشـەرعیە دەکـرێ ، وە هەڵـە یـەکی ڕۆشـن کـە هەندێ تـێ ی کـەوتون دەڵـێن ئینکـاری پێغەمبـەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ لەسەر ئینکاری ئەبوبەکر ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت کـە فـەرمووی ﴿أمزمـار الـشیطان عنـد رسـول الله ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ بەڵگەبەکـە ڕێگە پێ دراوەو گرفتی تێدا نیە!!!

ئێمەش دەڵێین هـیچ ئینکاریـەك لـەو فـەرموودەدا نیـە هـەتا بەڕێگـەی ئیشارەت و ئاماژە ش بەڵکوو ئینکاری پێغە مبـەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ کە ئینکـاری ئەبوبـەکر دەکـات ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت لـە سـەر دوو کچۆڵە بچو کەکەیە وە عیلە تەکەش دەبەستێتەوە بـە وە وە کـە ﴿ فـإن لکـل قـوم عیـدا وهـذا عیـدنا﴾ هـەموو قـەوم و گـەلێ جـەژنێکی خۆیان هەیە ئەمەش جەژنی ئێمەیە ، ئەوەش لە بەلاغـەی پێغەمبـەرە ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ وەکوو ئەوەی بفەرمووێ ئەی ئەبو بـەکر ئینکاریـت لەسەر مـەزامیر ئەصلە وە حەقە بەڵام هەڵەکەت لەوەدایـە کـە ئینکـاری ئەو دوو کچۆڵە دەکەی چونکە جەژنە، پاشان هەنـدێ دەڵـێن ئەبوبـەکر ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ئەصـلە کـەی پێکـاوە ئـەم ئەصـلەی لـە کوێـوەوە هێنـاوە ؟!!واتــە چـۆن دەزانــێ ڕێگــە پێــدراو نیــە بــە چ بەڵگەیەك؟!

بەڕاستی ئەمە سەر لێشێواوی دەردەخات و نەزانی و پینەو پەڕۆیە !!

دەڵێین : لـە پێغەمبـەری خـواوە ﴿ صلى الله عليـه وسلم ﴾ هێناویـەتی لـەو هەموو بەڵگانەی کەباس کران ئێمە ئەشێ لەوان ئاگادار تـر بـین !! وە ئەبوبەکر ڕەحمەتی خوای لێبێت بێ ئاگا بوبێ!!!! پاشان ئـەبو بـەکر ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت نەیزانیایـە کـە ڕێگـە پێـدراو نیـە چۆن پـێش پێغەمبـەری خـوا دەکـەوێ ﴿ صلى الله عليـه وسلم ﴾ کـەی ئـەدەبی هـاوەڵان وابـووە!!!چۆن لـە ماڵیـدا ئـەو ئینکاریـە تونـدە دەکـات !!!وەلـە گـەڵ ئەوەشـدا خـۆ ئینکاریەکـەی هـاواری نـەکردووە بـەدەنگی بـەرز لـە خزمەتی پێغەمبەری خوادا﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ چونکە لە ڕیوایەتەکاندا لە هەندێ لە فزدا وەکوو باسمان کرد دەفەرمووێ: ﴿ والنبي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ متغش بثوبه﴾ سەری پـیرۆزی داپۆشـیبوو پاشـان لـە لـە فزێکـی تـردا دەفـەرمووێ ﴿ فكشف النبي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ عن وجهه﴾ واتە لای دا لەسـەر سـەری پیرۆزی و فـەرمووی وازیـان لێبێنـە ئەی ئەبوو بەکر چونکە جەژنە پاشان فەرمووی ﴿ غمزتهمافخرجتا﴾ تێ ی ژەندن یان بەچاو ئامازەی دانـێ ئـیتر چـونە دەرەوە دەی ئـەوەش بەڵگەیە کـە ئـەو دووانـە منـداڵ بوون و بـچوك بـوون چـونکە ووشـەی ﴿غمزتهمـا﴾ بـۆ تێژەنـدن بـەکار دێـت ئەگـەر منـداڵ نەبونایـە وای نەدەکرد دەربارەیان واتە تێی نەدەژەندن چونکە جائز نیە والله اعلم.

وەپاشان ڕیوایەتی صحیحیش هەیـە کـە عائیـشە منـداڵ بـووە جـەواری هاتوونەتە لای وە یاریان لـە گـەڵ کـردووە هـەر وەك ابـن جـوزی لـە ﴿ تلبـيس ابلـيس ﴾ دا دەفـەرمووێ ١/ ٢٣٩). ﴿ والظـاهر مـن هـاتين الجاريتين صغر السن ، لأنَّ عائشة كانت صغيرة ، وكان رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ يسرب اليها الجواري فيلعبن معها ﴾[٨٣]

---

83 _﴿ رواه الشيخان﴾ وغيرهما وهو مخرج في غاية المرام/ ٩٩/ ١٢٨.

پاشان لە بارەی ئەم فەرموودە پیرۆزە: ابو طیب الطبری دەفەرمووێ:﴿هذا الحديث حجتنا، لأن أبابكر سمى ذالك مزمور الشيطان ، ولم ينكر النبي﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ على ابي بكر بقوله ،وإنما منعه من التغليظ في الانكار ليحسن رفقته ، لاسيما في يوم العيد ، وقد كانت عائشة _ رضى الله عنها _صغيرة في ذالك الوقت ، ولم ينقل عنها بعد بلوغها وتحصيلها إلا ذم الغناء ، وقد كان إبن أخيها القاسم بن محمد يذم الغناء ويمنع من سماعه ، وقد أخذ العلم عنها ﴾[٨٤]

کەواتە کاتێ ئەبو بەکر ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت کە فەرمووی مزمور الشيطان پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ئینکاری ئەبوبەکری لە سەر ئەوە نەکرد لەبەر ئەوە ڕێگری کرد کەڕۆژەکە ڕۆژی جەژنە وە عائیشەش ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بێت بچوك بووە لەو کاتەدا ، وەلە عائیشەوە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت لە دوای پێگەیشتنی هیچی لێ وەر نەگیراوە جگە لە زەمی گۆرانی نەبێت ، وەکوڕی برای کە قاسم بن محمد زەمی گۆرانی دەکات وە ڕێگری لە گوێ گرتنی دەکات لە کاتێکدا یە کەزانستی لە عائیشەوە وەرگرتوە ڕەحمەتی خوایان لێبێت ..

وە ابن تيميه — ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت :

﴿ ففي هذا الحديث بيان أنَّ هذا لم يكن من عادة النبي ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ وأصحابه الاجتماع عليه ، ولهذا سماه الصديق _ رضى الله عنه ﴿ مزمور الشيطان ﴾ والنبي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ أقر الجواري عليه معللا ذلك بأنه يوم عيد ، والصغار يرخص لهم

---

84 _﴿ كتاب ابن الجوزى﴾١/ ٢٥٣~٢٥٤.

في اللعب في الاعياد ، كما جاء في الحديث ﴿ ليعلم المشركون ان في ديننا فسحة ، وكما كان يكون لعائشة لعب تلعب بهن وتجيء صواحباتها من صغار النسوة يلعبن معها﴾[85]

كەواتە لەم فەرموودە دا ڕۆشنە کەئەم ڕووداوە واتە کۆبونەوەی ئەو جەواریانە لە ماڵی پێغەمبەر﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ لە عادەتی پێغەمبەرو ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ هاوەڵان نەبووە لەبەر ئەو هۆیە بووە ئەبوبەکر ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ناوی بردوە بە ﴿مزمور الشيطان ﴾ وە ڕازی بوونی پێغەمبەر﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ لەبەر عیللەتێ بووە کە جەژنە ، وەمندالیش مۆڵەت پێدراوە کە یاری بکەن لە جەژنەکاندا هەروەکوو لەم فەرموودەدا هاتوە تاوەکوو موشریکەکان بزانن کە ئەم ئیسلامە سەماحەت و فراوانەو دینێکی میانڕەوە .... پاشان کاتێ ئەبوبەکر _ڕەحمەتی خوای لێبێت _ چۆتە ژورەوە کە ئەوەی بینی پێغەمبەریش ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بە پۆشاکەکەی سەری پیرۆزی داپۆشیووە وای زانی نوستووە و ڕوی ئینکاری کردە عائیشە _ ڕەحمەتی خوایان لێبێت _ وە دوای ئەوەش پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بۆی ڕوون کردەوە کە ڕۆژی جەژنە بۆیە ئینکاری تیادا ناکرێ هەروەکوو چۆن لە کاتی زەماوەندا ڕەوایە.....

پاشان دەڵێن دیارە ئەوانەی باش لە فەرموودەکە حاڵی نەبوون !!دەڵێن چۆن ئەبوبەکر _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ئەگەر پێی وابێت گۆرانی و دەف حەڕامە لە ماڵی پێغەمبەردا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ دەکرێ؟! واتە ئەبو بەکر ڕەحمەتی خوای لێبێت گومانی ئەوەی بردووە لە ماڵی پێغەمبەردا ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ لە بەر چاوی شتی حەڕام کراوەو لێی

---

85 _﴿ رساله السماع والرقص﴾ ٢~٢٨٥ متفق عليه.

بێدەنگ بووە !! هەر خۆشیان دەڵێن بێ گومان ئەو جۆرە گومانە لە ئەبو بەکر _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ زۆر دوورە !!
ئێمە دەڵێین ﴿ نازانین چۆن قەڵەم لە کاتی شتی وادا لەکار نەکەوتووە ؟!!چ بوێریەکە کە بیرو بۆچونی وا بووترێ ؟!! جارێ پێش هەموو شتێ ڕوونمان کردەوە کە ئەبوبەکر _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ کاتێ هاتە ژوور وای زانی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ نووستووە !! پاشان دەبێت بزانین ئەگەر ئەو شتە حەڕام نەبوایە لە غەیری ئەو حاڵەتانەی کە باس کران ئەوا ئەبو بەکر _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ شتی وای نە دەووت چونکە ئەبوبەکرو هەموو هاوەڵان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت _ ئەدەبیان وا نەبووە کە پێشی پێغەمبەری خوا بکەون ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ هەروەکوو ئەوەی کە پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فەرمانی پێدا کە بمێنێتەوە لە نوێژەکەی وە پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ ئیقتدای پێبکات هەروەکوو لە صەحیحەیندا هاتووە دەزانین کە ئەبو بەکر _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ چی فەرموو فەرمووی ﴿ **ماكان لابن ابي قحافة ان يصلي بين يدي رسول الله** صلى الله عليه وسلم ﴾

کەواتە بە دەلیل و بەڵگە لە لای سەلمێنراوە کە ڕێگە پێدراو نی یە بەڵام پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ بۆی ڕۆشن کردەوە کە ئەی ئەبوبەکر لە جەژندا ڕێگە پێدراوە ... پاشان بۆزیاتر بەهێز بوون بەڵگەکانمان و تێگەیشتنی خوێنەرو موسڵمانانی بەڕێز دەڵێین :
کاتێ پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بانگی کوژراوانی موشریکینی کرد لە ﴿ قليب بدر ﴾ کە فەرمووی ﴿ **يا فلان ابن فلان ....**﴾ وەپاشان امامی عمرو هاوەڵان _ڕەحمەتی خوایان لێبێت کە فەرموویان ﴿ **ماتكلم من أجساد لا أرواح فيها** ﴾ دەی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم

﴾ ئیقراری لە سەر کرد بەلاّم جوابی دانەوەو فەرمووی ﴿ ما انتم باسمع لما اقول منهم ﴾ [٨٦]
جا ئەگەر استدلالی لێ بکەین لەو ڕوداوە ئاشکرایە دەبینین ئەصل لە مردوودا ئەوەیە کە نابیستێ دەی ئەگەر هاوەڵان _ خوا لێیان ڕازی بێت _ لە پێشتر ئەمەیان لە لا سەلمێنراو نەبوایە چۆن وا دەڵێن ! چونکە ﴿ انـك لاتسمع الموتی﴾ لەلایان سەلمێنراوە بۆیە وا دەفەرموون پاشان پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ دەیەوێ بویان ڕاست بکاتەوە کە ئەمە تایبەتە بەوانەوە هەروەکوو هەموو مردوانی تر ناگرێتەوە وە تایبەتە تەنها بەو حاڵەتە نەك بەبەردەوامی ببیستن ..
وە لە ڕیوایەتێکی تردا عن أنس ﴿ رضی الله عنه ﴾ قال :﴿ فسمع عمر صوته ، فقال یا رسول الله ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ أتنادیهم بعد ثلاث؟ وهل یسمعون ؟ یقول الله عزوجل ﴿ إنك لاتسمع الموتی ﴾ فقال والذي نفسي بیده ما انتم بأسمع ﴿لما اقول ﴾ منهم ولکنهم لایستطیعون ان یجیبوا﴾ [٨٧]
دەی کەواتە بۆیە ئاوها ڕاشکاوانە فەرموویانە تاوەکوو ئەو گرفتە لە لایان نەمێنێت ، وە بێگومان پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ دانی پیادا ناوە بۆیان بەلاّم نەشی فەرمووە ﴿ أخطأتم﴾ هەڵەتان کردووە بەڵکوو بۆی ڕوون کردونەتەوە و فەرمووی ئێوە باشتر لەوان نابیستن چونکە ئەوە لە لای ئەوان شاراوەیە ، بۆیە ئەمە تایبەتە استثنی دەکرێ لە ئایەتەکەو موعجیزەیەکی پێغەمبەرە ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ .

---

86 _﴿ متفق علیه ﴾
87 _﴿رواه احمد ﴾٣~٢٨٧ وسنده صحیح علی شرط مسلم

پاشان هەندێ شوبهە ئەڕەوێنینەوە بە پشتیوانی خوای گەورە کەلەم فەرمووده یەشدا دروستیان کردووە ...﴿ عن نافع مولى ابن عمر ﴿ رضى الله عنه﴾ إنَّ ابن عمر سمع صوت زمارة راع ، فوضع أصبعيه في أذنيه ، وعدل راحلته عن الطريق وهو يقول : يا نافع أتسمع؟ فاقول نعم فيمضى ، حتى قلت :لا فوضع يديه وأعاد راحلته الى الطريق ، وقال : رأيت رسول الله ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ وسمع زمارة راع فصنع مثل هذا﴾ [88]

واته:﴿ عبد الله ى کوڕی عمر ڕەزاوڕەحمەتی خوایان لێبێت _ گوێ ی لە دەنگی شمشاڵی شوانێك بوو یەکسەر هەردوو پەنجەی خستە گوێکانی و ﴿ واتە گوێ ی گرت ﴾ وە ولاخەکەی لاڕێ کرد و ووتی : ئەی نافع دەنگەکە هەر دەبیستی ؟ منیش دەمووت بەڵێ ، ئیتر هەر دەڕۆی و دوورکەوتەوە ، هەتا ووتم نەخێر ئینجا دەستی بەرداو ولاخەکەی هێنایەوە سەرڕێ وە فەرمووی : پێغەمبەر ی خوام بینی﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ گوێی لە دەنگی شمشاڵی شوانێك بوو بەم جۆرەی کرد . پاشان دەڵێن ئەگەر گوێ لێگرتنی حەرام بوایە ئەوا پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بەڕەوای نەدەبینی ابن عمر گوێی لێ بگرێ وە هەروەها ابن عمریش بە ڕەوای نە ئەبینی ﴿ نافع ﴾ گوێی لی بگرێ !!!! لەوەلامی ئەمەدا ئەڵێین هەروەکوو زانایان ئەڵێن[٧]:

88 ﴿ أخرجه احمد ٢/ ٨ و٣٨ وابن سعد (ع/١٦٣) وابو داود (٤٩٢٤~ ٤٩٢٦ ﴾ ومن طريقة البيهقي في ﴿ السنن ﴾ ٢٢٢/١٠ ﴾ وكذا ابن جوزي ٢٤٧ ، وابن حبان في صحيحه ٢٠١٣ موارد ن وابن ابي دنيا ق ١/٩ ، والاجري رقم ٦٤ ، والطبراني في ﴿ المعجم الصغير﴾ ص ٥ ، والبيهقي في شعب الايمان ايضا ٤/ ٢٨٣ / ٥١٢٠ من طريق النافع وهو صحيح

ا- بێگومان ئەو شەرح و ڕاڤەی لەو فەرمووده دەکرێ بەو جۆره زۆر هەڵەیە جارێ پێش هەموو شتێ جیاوازی زۆر هەیە لە بەینی ﴿ السماع﴾ وە ﴿ الاستماع ﴾ جانەوانەی ئەو بۆ چونە هەڵەیەیان هەیە یەکەم ڕاڤە ئەکەن بە دووەم واتە ﴿ سماع بە استماع ﴾ واتە گوێ لێبوون بە گوێ لێگرتن کە ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە جا دەفەرمووێ ﴿ وليس في الحديث الجاريتين ان النبي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ استمع الى ذلك ، والامر والنهي إنما يتعلق بالاستماع لابمجرد السماع كما في الرؤية ، فإنه إنما يتعلق بقصد الرؤية لاما يحصل منها بغير الاختيار كذلك في اشتمام الطيب إنما ينهى المحرم عن قصد الشم ، فأما إذا شم مالايقصده فإنه لا إثم عليه وكذلك في مباشرة المحرمات كالحواس الخمس من السمع والبصر والشم والذوق و اللمس إنما يتعلق الامر والنهي في ذلك بما للعبد فيه قصد وعمل واما ما حصل بغير اختياره فلا أمر فيه ولا نهي

واتە:﴿ لە فەرموودەی ئەو دوو کچۆڵە بچوکەی لە ماڵی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ گۆرانیان دەووت تیادا نەهاتووە کە پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ گوێی لێگرتبن چونکە فەرمان ونەهی واتە امر و نهی پەیوەندی بە گوێ گرتنەوە هەیە نەك تەنها بە گوێ لێبوون هەروەکوو لە بینینیدا ئەگەر بە مەبەستی بینینی شتی قەدەغەکراو بۆ نموونە چاو دەبینێ لە شتێکی وادا کەڕەوا نیە بەڵام بەبێ مەبەستی بینینی واتە مەبەستی سەیر کردنی ئەو شتە قەدەغەیە نی یە بەڵام بەبێ اختیار و دەسەڵاتی خۆی دەیبینێ هەروەکوو ئەوە وایە بۆنیش بۆ کەسێك کە لە ئیحرامدا بێت دەی نەهی لەوەدایە کە بە قصد بێت بە مەبەست بێت بەڵام ئەگەر بەمەبەست و قصد نەبێ ئەگەر بۆنێ هات بەسەریدا ئەوا گوناهبار نابێت هەموو ئەمانە وەکوو

پێنج هەستیارەکە بیستن و بینین و بۆ ن و چەشتن و دەست لێدان دەی ئەمانە امرو نەهی کاتێ پەیوەستە پێیانەوە کە ئینسان بە مەبەست ئیش بکات ، بەلاَم ئەگەر بەبێ دەسەلاَتی ئەو بێ ئەوا ئەمر و نەهی تێدا نیە﴾ ئەوان گۆێیان لێ نەگرتووە بە لکو گوێیان لێبووە!!

٢_ ابن حزم و هاوڕایانی وادەزانن کە شوانەکە لە بەر دەستی پێغەمبەربووە ﴿ صلی الله علیە وسلم ﴾ تا فەرمانی پێ بکاو نەهی لێ بکات !! وە لە فەرموودەکەدا شتی وای تیادانیە لە وانەیە لەسەر شاخێك بوو بێت یان لە جێگەیەك بوبێت کە نەیان توانی بێت بچنە لای یان شوانەکە منداڵ بێت و موکەلەف نەبێ وە زۆر لە منداڵان لەو سەردەمەدا شوان بوون یان گوێیان لێ بوبێ و نەیان بینی بێت بۆیە زانای بەناو بانگ ﴿ ابن عبد الهادی ﴾ دەفەرمووێ : پوختەی :﴿وتقرير الراعي لايدل على اباحة لأنها قضية عين فلعله سمعه بلا رؤية أو بعيدا منه على رأس جبل أو مكان لايمكن الوصول إليه أو لعل الراعي لم يكن مكلفا فلم يتعين الانكار عليه ﴾ [89]

٣_ بێگومان حەڕامی مۆسیقا وەکوو حەڕامی عەڕەق و خەمرە ، وەهەمووشمان دەزانین پێغەمبەری خوا ﴿ صلی الله علیە وسلم ﴾ تیایاندا ژیاوە کە خەمرو عەڕەق خوراوەتەوە دەکرێ بڵێی پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیە وسلم ﴾ بێدەنگ بووە و نەهی لێ نەکردووە!!!اجا بۆیە احتمال هەیە ئەوە پێش تحریمی بووبێ وەکوو زانایان دەڵێن ﴿ مع الاحتمال يسقط الاستدلال﴾

٤_ وەگریمان وای دابنێین ئەوە ڕەوا بووە بۆ شوانەکە کە بێگومان وانیە ئەو ئامێرەی کە ئەو بەکاری هێناوە ئامێرێکی سەرەتای بووە کە

---

89 _﴿ عون المعبود﴾ ٤~٤٣٥ وهو عن ﴿ مرقاة الصعود﴾ للسيوطي.

ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە گوێ بیستی ببن چونکە مرۆڤ لە قالبی سروشتی خۆی تێک ئەدات و لە سنووری سروشتی لادەدات ئەمە لە گوێ و ئەم ئامێرانەی ئەمڕۆ هەن وەکوو عودو کەمان و قانون و ...هتد لە کوێ؟!!! وە بێگومان لەو فەرموودەیەدا بەلگەکە بەڕۆشنی دیارە کە پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ پێی ناخۆش بووە و گوێی لێ نەگرتووە وەکو ابن عمریش _ ڕەحمەتی خوایان لێبێت _ پەنجەکانی خستوتە گوێی ﴿لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة﴾ جا ئەوە لە کاتێکیشدایە کە بە مەبەستی گوێ گرتن نەبووە کە بێگومان لەگەڵ بوونی گوێ گرتن خراپترەو حەرامە واتە بە قصد ، هەروەک ئەوەیە ابن جوزی _ دەفەرموێ ل٢٤٧ ﴿ إذا كان هذا فعلهم في حق صوت لا يخرج عن الاعتدال فكيف بغناء أهل الزمان وزمورهم ؟!! ئێمەش دەلێین ﴿ ئێمە دەبێت بلێین چی لەم سەردەمەدا بەوانەی ئەهلی مۆسیقاو گۆرانین بە چەندەها ئامێر دەژەنن کە پیرە مێردو پیرێژنیش لە اعتدال دەردەکات ؟!! فهل من معتبر!!!!!!!

من نازانم ئەوانەی گۆرانی و مۆسیقای ئەمڕۆکە مرۆڤ ئەهەژێنن بە عودو کەمان و قانون ...هتد چۆن هەندێ لە زانایان ڕێگەی پێدەدەن لە کاتێکدا فەتوایە دەدرێ نابێ ڕەچاوی حاڵ و بارێ خەڵکی بکرێ !! مەگەر بە صحیحی لە عائیشەوە نەهاتووە _ ڕەزای خوای لێبێت _ کە دەفەرموێ ﴿ لَوْ رَأَى رَسُولُ اللَّهِ ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ مَا أَحْدَثَ النِّسَاءُ بَعْدَهُ لَمَنَعَهُنَّ الْمَسَاجِدَ كَمَا مُنِعَتْ نِسَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ ﴾[90]
پاشان ڕیوایەتێکی تر کەدەیکەنە بەلگەی بەکار هێنانی دەف و گۆرانی بە ڕەهای دەلێن درووستە بەکار بێت هەمیشەو بەبێ ئەوەی پەیوەندی

90 _﴿ رواه مالك و البخاري ومسلم وابوداود.

بـه هـيچ موناسـەبەیەکەوە هـەبێ!! ئـەم ڕیوایەتـە دەکەنـە بەڵگـە :﴿ _فعن عَبْدِالله بن بريْدة قَال:سمعتُ بريْدةَ يقولُ :خَرَجَ رسـولُ الله ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ في بعضِ مغَازِيـه ، فَلَما انْصرَف جَاءَتْ جَارِيَـةٌ سَوْداءُ فَقَالَـتْ:يَـا رسـول الله إني كُنْتُ نَذَرْتُ إنْ ردّك اللهُ سالماًاَنْ اَضْرب بيْنَ يديْك بِالدُّف واتَغنَّى ؟ فَقَالَ لَهَا رسُولُ الله ﴿صلى الله عليه وسلم ﴾ إنْ كُنْتِ نَذرْتِ فَاضْرِبِي، وَإلاَ فَلاَ ،فَجَعَلَتْ تَضْربُ ، فدخَلَ ابو بَكْرٍ وَهِي تَضْرِبُ ، ثُمَّ دَخَلَ عَلِيٌّ، و هـي تَضـرِبُ ، ثُمّ دَخَلَ عُثمَانُ وَهِيَ تَضْرِبُ ، ثُمَّ دَخلَ عُمر ، فَأَلْقَتْ الدُّفَّ تَحْتَ اسْتِهَا، ثُمَّ قَعدَتْ عَلَيه، فَقَالَ رسُولُ اللـه﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ :﴿ إنَّ الشَّيْطَانَ لَيَخَافُ مِنْك يَا عُمَرُ ، إنِّي كُنْتُ جَالساً و هِي تَضْربُ ، فدخَل ابوبَكْرٍ وهِي تَضْرِبُ ثُمَّ دَخَلَ عَلِيٌّ وَهِي تَضْرِبُ ، ثُمَّ دخَلَ عُثمانُ وَهِـي تَـضْرِبُ ، فَلَمَا دَخَلْتَ اَلْقَت الدُّفَّ ﴾[91]

پوختەی : ﴿ ئەم ئافرەتە کە نـەزری کردبوو ئەگەر پێغەمبـەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بەسەلامەتی بگەڕێتـەوە دەف لێبدات و گۆرانی بڵێت لە ڕیوایەتەکەدا دەفـەرمووێ : ئـەی پێغەمبـەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ مـن نەزرم کردبوو کەئەگەر بەسـەلامەتی بگەڕێیتـەوە ئـەوا لەبـەر دەمتـدا دەف لێبدەم و گۆرانی بڵێم پێغەمبـەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فـەرمووی چی ؟ إن كنت نذرت فاضربي وإلا فلا ....

واتە : ئەگەر نـەزرت کردووە ئەوە باشە بەڵام ئەگـەر نـەزرت نـەکردووە ئـەوا لێـی مـەدە بـە ڕۆشـنی دیـارە کـە دەفـەرمووێ : ئەگـەر نـەزرت

---

91 _﴿ الترمذي ، كتاب المناقب ، باب حدثنا الحسين بن حريث ،برقم ٣٦٩٠ ، وابن عساكر ، ٣٣٨/١ وصححه الالباني في صحيح الترمذي ٣/ ٥١٢ ، وفي سلسلة الاحاديث الصحيحة ، برقم ٢٢٦١.

نـەكردووە شـتی وا مەكـە دەی ئەگـەر بـەرەهای دروسـت بوایـە دەف و گـۆرانی ئـەوا وای نەدەفـەرموو﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ ئەگـەر نـەزرت نـەكردوە مەیكـە ، پاشـان زانایـان پێیـان وایـە ئەمـە تایبەتـە بـە پێغەمبـەری خـواوە ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ چونكە خۆشی دەربـڕین بـە گەڕانـەوەو سـەلامەتی پێغەمبـەر ﴿صلی الله علیه وسلم﴾ لـە هەمووخۆشـیەكانی تـر زیـاترە و بـەڵكو هـیچ خۆشـیەك نایگـاتێ ، وە إمـامی الخطـابي _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ دەفـەرمووێ:

﴿ ضـرب الـدف لـيس ممـا يعـد في بـاب الطاعـات الـتي يتعلـق بهـا النذور ، واحسن حاله ان يكون من باب المباح ، غير انه لما اتصل بإظهار الفرح بسلامة مقدم رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ حين قدم المدينـة مـن بعـض غزواتـه ، وكانـت فيـه مـساءة الكفـار وإرغـام المنافقين صار فعله كبعض القرب التي من نوافل الطاعات ولهذا ابيح ضرب الف ﴾ والله اعلم [٩٢]

پاشان ئەگـەر بـوترێ ئـەوا زانیمـان لـەو فەرموودانـە دا و لـە ووتـەی زانایان بۆمان دەركەوت كە ئامێرەكان حەرامن جگە لە دەف ئەویش لە زەماوەنـدو دوو جەژنەكـە ئایـا مناسـەبەیەكی تـر هەیـە هـەتاكو دەفـی تیادا بەكار بێت ؟ ؟

دەڵێین :﴿ بە پشتیوانی خوا ﴿ جل جلاله﴾ ڕونمـان كـردەوە لـەوەو پـێش وە ئـەو شـوبهانەمان بـاس كـردو ڕەواندمانـەوە وە چـەند ڕیوایـەتێكی تـریش هـەبوون كـە دەیكەنـە بەڵگـە بێگومـان لەبـەر (ضـعیفی﴾ ڕیوایەتەكان نەمان هێنا ، لێرەدا هەندێ دەڵێن لە كاتی ﴿ختان﴾ واتـە خەتەنەكردن و لە گەڕانەوەی غائب دروستە و بەكار هاتووە ئـەی ئـەم

---

92 _إمام الخطابي في معالم السنن ٤/ ٣٨٢.

دوو بەڵگەیە چین ؟؟ ئەو دوو بە ڵگەیەی کە دەیکەنە دەلیل یەکەمیان ئەو فەرموودەیەی پێشوو بوو کە باسمان کرد و ڕەواندمانەوە چونکە ئەوە تایبەتە بە پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ ومرونمان کردەوە .
وە دووەمیان کەبە ڕەوای دەبینن لە خەتەنەکردندا بەبەڵگەی لە ﴿مسألة السماع ص~ ١٣٣~ کەدەفەرمووێ:﴿ اثرا من رواية ابي شعيب الحراني بسنده عن خالد عن ابن سيرين أن عمر بن الخطاب كان اذا سمع صوت الدف سأل عنه ؟ فإن قالوا عرس أو ختان سكت ورجاله ثقات ﴾
واتە:﴿ ئەگەر إمامی عمر ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت گوێ ی لە دەنگی دەف بوایە پرسیاری دەکرد ئەگەر بیانوتایە زەماوەندە یان خەتەنەکردنە بێدەنگ دەبوو ﴾ ئەم ڕیوایەتە پچڕاوی هەیە واتە ﴿منقطع﴾ە دەڵێ عن ابن سيرين ان عمر ....الخ ﴾
دەی ئەمەزۆر ڕۆشنە کە محمد بن سيرين نەگەیشتۆتە عومەری کوڕی خەطاب بەڵکوو محمدی کوڕی سیرین لە دوای وەفاتی امامی عمر لە دایك بووە ڕەزای خوایان لێبێت بە دەوری بیست ساڵ!!!! والله اعلى وأعلم.
پاشان هەندێ دەڵێن باشە ئەگەر دەنگی خۆشی بولبول و ئاوازی باڵندەکان ڕێگە پێدراو بن !!!! بۆ دەبێت دەنگی خۆشی مرۆڤ و ئاوازی ناسکی قەدەغەو حەرام بێت !!! دەڵێن لە کاتێکدا هەردووکیان هەر لە قوڕگەوە دەردەچن !!! پاشان ئەم ووتەیەی غەزالی دێنن و دەڵێن امامی غەزالی دەفەرمووێ:﴿ فالأصل في الاصوات حناجر الحيوانات ، وانما وضعت المزامير على اصوات الحناجر ، وهو تشبيه للصنعة بالخلقة التي استاثر الله تعالى باختراعها ، فمنه تعلم الصناع وبه قصدوا الاقتداء.......... فسماع هذه الاصوات يستحيل ان يحرم

لكونها طيبة موزونة ، فلا ذاهب الى تحريم صوت العندليب ، وسائر الطيور ، ولا فرق بين حنجرة و حنجرة ، ولابين جماد وحيوان ، فينبغي ان يقاس على صوت العندليب الاصوات الخارجة من سائر الاجسام باختيار الادمي ، كالذي يخرج من حلقه او من القضيب والطبل والدف وغيره ﴾ [٩٣]

بێگومان ئەمە قیاسێکی زۆر لاوازو بێ بەلگەیە بەلام لەمەش خراپتر دەلێین وەکو بەحەلالٚ دانانی سەر خۆش کەر !!! بەلام وەلامی ئەوە بەوە دەدەینەوە کەوەکو ایاسی کوڕی مەعاویە جوابی کابرای دایەوە لەسەردەمی خۆیدا کە دەلێ : ﴿ أن رجلا قال له ماتقول في الماء ؟ قال حلال، قال فالتمر ؟ قال حلال ، فالنبيذ ماء وتمر فكيف تحرمه ؟!!! فقال له اياس ارأيت لو ضربتك بكف من تراب أكنت أقتلك ؟ قال لا قال فإن ضربتك بكف من تبن أكنت أقتلك ؟ قال لا ،قال فإن ضربتك بكف من ماء أكنت أقتلك ؟ قال لا قال فإن أخذت الماء والتبن والتراب فجعلته طينا وتركته حتى يجف وضربتك به أكنت أقتلك ؟ قال نعم قال كذالك النبيذ ﴾ [٩٤]

جائەوانەی قیاسی وادەکەن باتلە وەکو کابرا ووتی چ دەلێی دەربارەی ئاو؟ فەرمووی حەلالٚ و ڕێگە پێدراوە ، کابرا ووتی ئەی خورما ؟ فەرمووی حەلالە ووتی باشە شەراب لە خورماو ئاو پێك دێت چۆن حەرامی دەکەیت ؟!

إياس پێ ی فەرموو ﴿ ئایا ئەگەر چنگێ خۆلت پیا بکێشم دەتکوژێ ؟ کابرا ووتی نەخێر فەرمووی ئەی ئەگەر بە چنگێ کا لێت بدەم

93 _﴿ احياو علوم الدين ~ص ١١٣٦ طبعة المنصورة﴾

94 _رواه ابن عساكر٣/ ٣٢٠ ~٣٢١من طريق ابن ابي دنيا

دەتكوژێ ؟ ووتی نەخێر ، فەرمووی ئەی بە چنگێ ئاو لێت بدەم دەتكوژێ ؟ كابرا ووتی نەخێر ، فەرمووی باشە ئەگەر ئاو و گڵ و كا تێكەڵ بكەی و بیكەی بە قوڕ دوایی دایبنێ ی تاووشك ئەبێتەوە پاشان لێتدەم پێ ی ئایا ئەتكوژێ ؟ كابرا ووتی بەڵێ فەرمووی دەی شەرابیش وایە

بۆیە ناكرێ قیاسی دەف بكەیتە سەر ئامێرەكانی ترو بە حەلاڵی دابنێ ی !!! یان كارێك تایبەت بێت بە بۆنەكان تۆ بڵێ ی مادام لەو حاڵەتەدا دروستە لەهەموو كاتێكدا دروستە !!!وە قیاسی دەنگوو ئاوازی تەیرو بولبول بكەی بە ئاوازی گۆرانی و مۆسیقا !!! چونكە دەنگی بولبول و تەیرو ....هتد دەنگی أصلی خۆیەتی و بەوە مەشهورە ئەگەر ئەو ئاوازانەیان نەبێت پێیان ناوترێ بولبول و.....هتد بەلاَم تۆی مرۆڤ بە دەنگێ مەشهوری كەلەگەڵ قاڵبی سروشتیدا بگونجێ كە ئەویش دەنگی قورئانی پیرۆزە چۆن بولبول وتەیر بەوە دڵ ئارام دەبێت كە بخوێنێ ئاوەهاش مرۆڤ بە قورئان خوێندن دڵ ئارام دەبێت والله اعلم .

﴿ حوكمی گۆرانیە بێ ئامێرەكان﴾

كاتێ ڕۆشنبووەوە كە مۆسیقاو گۆرانی حوكمی حەرامیان هەیە تەنها دەف نە بێت ، ئەی حوكمی گۆرانی بێ ئامێرەكان چۆنە؟

بۆ وەلاَمی ئەوە دەڵێین هەروەكوو زانایان دەفەرموون ڕەحمەتی خوایان لێبێت هەندێ گۆرانی موباحن ناتوانین بڵێین حەرامە بەڕەهای هەروەكوو چۆن ناتوانین بەڕەها یی بڵێین حەلاڵە ، چونكە گۆرانی سەرچاوەكەی هۆنراوەیەو شیعرە ، هۆنراوەش بێگومان چاكی چاكەو خراپی خراپە هەروەكوو چۆن پرسیاریان كرد لە پێغەمبەر ﷺ

صلى الله عليه وسلم ﴾ لەبارەی شیعرەوە فەرمووی ﴿ هُو كَلَام ، فَحَسَنُهُ حَسَنْ ، وَقَبِيْحُهُ قَبِيح ﴾[٩٥]

واته:﴿ هۆنراوە بریتیە لە قسەو ووشە چاکی چاکەو خراپی خراپە ﴾

وەهەروەها دایکمان عائشە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ :﴿ خذ بالحسن ، ودع القبيح، ولقد رويت من شعر كعب بن مالك أشعارا منها القصيدة فيها اربعون بيتا ودون ذالك ﴾[٩٦]

پێویستە سەیری ماهیەتی بکەین ئینجا بڕیاری حەڕام یان کەڕاهەت یان حەلاڵ بدەین جا گۆرانیش ئەگەر چاك بوو پاك بوو دروستە بە مەرجێ بێ ئامێر بێت و ڕەچاوی شەرعی تیادا بکرێت کە دەڵێین بە بێ ئامێر واتە جگە لە دەف ، شێخ البانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دوای ئەوەی چەند بەڵگەیەك باس دەکات دەفەرمووێت :﴿ وفي هذه الاحاديث والاثار دلالة ظاهرة على جواز غناء بدون آلة في بعض المناسبات كاتذكير بالموت ، او الشوق الى اهل والوطن أو الترويح عن النفس وإلى التهاء عن وعثاء السفر ومشاقه ونحو ذالك مما لايتخذ مهنة ولا يخرج به عن حد الاعتدال فلا يقترن به الاضطراب وتثني والضرب بالرجل مما يخل بالمرؤة كما في الحديث أم علقمة مولاة عائيشة :﴿ انَّ بَنَاتَ اخـيِ عَائِشَةَ رَضِيَ الله عَنْهَا خُفِضْنَ فَألِمْنَ ذلِكَ فَقِيلَ لِعَائشَةَ يَا أمَّ المؤمنِينَ الا نَدْعُو لَهُنَّ مِنْ يُلَهِّيهِنَّ ؟ قَالَتْ:بلى، قالت: فأُرْسِلَ الى فُلاَنِ المُغَنِّي فَأتَاهُم فَمَرَّتْ بِه عائشة رضي الله عنها في البَيتِ ، فَرَاتْهُ يَتَغَنَّى وَيُحَرِّكُ رَاسَهُ طَرَباً وكَانَ ذَا

---

95 _ وهو مخرجة في الصحيحة ٤٤٧.

96 _﴿ الصحيحه﴾

شَعْرٍ كَثِيرٍ فَقَالَتْ عائشَةُ رضـي الله عنهـا افٍ شَـيْطَانٌ !! أخْرِجُـوهُ ، أخْرِجُوهُ ﴾[٩٧]

واتـه:﴿ لـهم بهلگانـهدا لـهم فـهرموودهو ئه ثـه رانـه دا بهلگـهى ئاشكراى تيادايه كه لهسهر رێگه دان به گۆرانى به بىٚ ئامێر له ههندىٚ بۆنهدا وهكو ياد خستنهوهى مردن ، يان شهوق و پهرۆشى بۆ كهسوكارو نيشتمان يان بۆ حهواندنـهوهى نـهفس يـان بۆسـووك بـون و دهركردنـى هيلاكـى و سـهفهر ونمونـهى وهكـو ئهوانـه بـهلاّم نهكرێتـه پيـشه وه لـه ئاسـتى إعتـدال و سروشـتى دهرنهچىٚ وه ههنـدىٚ شتى لهگهڵـدا نـهبىٚ كهزهرهر بدات لـه پياوهتى ومروئـهتى ئينـسان وهكـو پێـدان بهزهويـداو خۆ لهقاندن و........هتد تاكۆتاى ريوايهتهكهى عائيشه رهزاو رهحمهتى خواى لێبێت كهواته دهبێت لـه سروشـتى خـۆى دهرنهچىٚ وهبێگومـان بهلگـه زۆرن بـه پـشتيوانى خـواى تعـالىٰ جـل جلالـه باسـى ههنـدێكيان دهكهين لهوانه:﴿ عن عبدالله بن عباس ﴿رضى الله عنهما﴾ قال:﴿ أنكحت عائشة ذات قرابة لها رجلا من الانصار فجاء رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فقال اهديتم فتاة؟ قالوا نعم ، قال أرسلتم معها من يغني ؟! قالت لا فقال رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ ان الانصار قوم فيهم غزل فلو بعثتم معها من يقول أتيناكم أتيناكم فحينا وحياكم ﴾ [٩٨]

وهله ريوايهتێكى طه به رانى لـه الاوسط بـهژماره ٣٢٨٩ دهفـهرمووىٚ : ﴿ عـن عائـشة أن الـنبي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ قـال مافعلـت فلانـة ؟

---

97 _ اخرجه البيهقي ١٠/ ٢٢٣~٢٢٤، والبخاري مختصراً في الادب المفرد ١٢٤٧ بسند حسن ، وصححه الحافظ ابن رجب في ﴿نزهة السماع﴾ ص ٥٥.

98 _ ﴿ اخرجه ابن ماجة والطحاوي واحمد والنسائي والبزار والبيهقي وابو شيخ وهو حسن

ليتيمة كانت عندها فقلت اهديناها الى زوجها قال فهل بعثتم معها بجارية تضرب بالدف وتغني قالت تقول ماذا ؟! قال، تقول:

أتيناكم اتيناكم　　فحيونا نحيكم

لولاذهب الاحمر　　ماحلت بوادكم

لولا حبة سمراء　　ماسمن عذاريكم

واته: ﴿جاريكيان عائشه رەحمەتی خوای لیبیت ئافرەتیکی خزمی خوی مارە کردبوو واته سەرپەرشتی مارە کردنەکەی کردبوو لە پیاویکی ئەنصاری جا پیغەمبەر ی خوا ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ هاتەوە فەرمووی کچەکەتان بەرێ کرد ؟ وتیان بەلێ ، فەرمووی کەستان لەگەڵ نارد گۆرانی بلێ عائیشه ووتی نەخێر ، پیغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ فەرمووی ئەنصاریەکان خەڵکێکن کەیفیان بە گۆرانی وتن دێت ئەگەر یەکێکیان لەگەڵ بناردایه بیوتایه هاتینه لاتان هاتینه لاتان وە لە ریوایەتێکی طە بە رانی بەم جۆرەیە :﴿ عائیشە رەزای خوای لیبیت دەفەرمووێ : پیغەمبەری خوا ﴿صلی الله علیه وسلم ﴾ هاتەوە فەرمووی فلان ئافرەت چی کرد؟ کەمەبەستی کچێکی هەتیوو بوو لە لای عائیشە بوو منیش ووتم بردمان بۆ مێردەکەی بە بووکی فەرمووی ئەی بۆچی کچێکتان لەگەڵ نەنارد کە دەفی لێبدایەو گۆرانی بوتایە ؟ ئەویش فەرمووی جا چی بوتایە ؟ فەرمووی بیوتایە

هاتینه لاتان هاتینه لاتان

سلاومان لیبکەن سلاوتان لیدەکەین

وە ئەگەر ئاڵتونی سوور نەبوایە

دەشت و دۆڵەکانتان بێ لەوەروبێفەڕدەبوون

وە ئەگەر دەغڵی بۆر نەبوایە

رومەتەکانتان قەڵەو نەدەبوو

بەلأم دەبیٚ ئەوە بزانین کە دەف لیٚدان تەنها بۆ ئافرەتانە نەك پیاو !!! وەزۆرینەی کاتەکان کچۆڵەی بچکۆلە دەفیان لیٚداوە لە بۆنەکاندا والله اعلم وەپاشان ئەمانەی کەباس دەکریٚن هەموو لە بۆنەکاندا بووە وەکوو بەرۆشنی لە ڕیوایەتەکاندا دیارە وە تەنها دەف ڕیٚگە پیٚدراو بووە والله اعلى واعلم ، پاشان ڕیوایەتیٚکی تر کە بەڵگەو دەلیلی تیادایە کە جگەلە لە بۆنەکان ڕەوانیە ئەم فەرموودەیە: ﴿ **عن عامر بن سعد البجلي قال دخلت على أبي مسعود و قرضة بن كعب وثابت بن يزيد وجوار يضربن بدف لهن ويغنين فقلت تقترن هذا وأنتم أصحاب رسول الله** ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ **قالوا أنه رخص لنا في الغناء وفي العرس والبكاء على الميت في غير نوح**﴾ [99]

واتە :﴿ عامری کوڕی سەعدی بە جەلی دەفەرمووێ: ﴿ چومە لای ابی مسعود و قریظە ی کوڕی کەعب وثابتی کوڕی زەید لە کاتیٚکدا بوو کە چەند کیژۆڵەیەك دەفیان لیٚدەدا وەگۆرانیان دەوت ، منیش ووتم ئایا ئیٚوە دان بەمەدا دەنیٚن ئیٚوەش هاوەڵانی پیٚغەمبەری خوان ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ ؟!

ووتیان ئیٚمە مۆڵەت دراوین کە لە کاتی زەماوەندا گۆرانی هەبیٚ و گریانیش هەبیٚت لەسەر مردوو بەبیٚ خۆ دارنین و هتد .

ڕون کردنەوەیەك:

ئەگەر سەرنجی ووشەی ﴿ رخص ﴾ بدەین ئەوە دەگەیەنیٚ کە ڕیٚگە پیٚدراو نیە جگە لەو کاتانەی کەباس کران ئەوەتا بەسەر سوڕمانەوە دەفەرمووێ : چۆن بیٚدەنگی لە شتیٚکی ئاوا دەکریٚت ئیٚوە

---

99 _ اخرجه الطبراني في الكبير وعبد الباقي بن قانع في معجم الصحابة ، وأخرجه البيهقي باسناد صحيح وأخرجه الحاكم

هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوان ﴿ صـلی الله علیـه وسـلم ﴾ ؟! ئـەوەی لێـوە وەردەگیرێ کـە هاوەڵانی پێغەمبـەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ لایـان ڕۆشـن بـووە کـە ڕێگـە پێـدراو نیـە !!! پاشـان ئـەوانیش دەفـەرموون مۆڵـەت دراویـن ﴿رخـص﴾ لـە کـاتی زەماوەنـدا کەواتـە ئێمـەش کـە بێـدەنگین کاتەکـە بۆنەیـەو جـائیزە ، وەابـن حـزم خـۆی دەفـەرمووێ ﴿ لاتکـون لفظة رخصة الا عن شيء تقدم التحذير منه ﴾

واتە : ووشەی مۆڵـەت دان تـەنها دەربـارەی شـتێك دەوتـرێت کـە پێشتر نـەهی لێکرابێـت لـە کردنـی ، وە لـە صـە حیحەینیـشدا هـاتووە لـە ئەنەسەوە ڕزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت ﴿ أنَّ النَّبِيَّ ﴿صلی الله علیه وسلم ﴾ رَخَّص لعَبْدالرَّحْمن بْنِ عَوفٍ والزبير فِي قَمِيص مِنْ حَرِيرٍ مِن حِكَّةٍ كَانَتْ بِهِماَ﴾ وە لە ڕیوایەتێکی تر ﴿أن عبـدالرحمن بن عـوف والـزبير شَـكَوالى النَّبِـي ﴿صلی الله علیه وسلم ﴾ يَعْنِـي القَمْـل فـأرخَصَ لَهُمَـا فِي الحَرِيرِ ﴾

واتە: ﴿ پێغەمبەری خوا ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ مۆڵـەتی عبـدالرحمن کـوڕی عـوف و زوبـیری دا کـەوا قەمیـسی ئاوریـشم لەبـەر بکـەن لەبـەر خورین و حەساسیەت کە لە گەڵیاندا بوو

کەواتە خۆی ڕێگە پێدراو نیە بەڵام مۆڵەت دراون لەبەر ئەو عیلەتە .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا ﴿عن سائب بن يزيـد قـال : بينـا نحـن مع عبـدالرحمن بـن عـوف في طريـق الحـج ونحـن نـؤم مكـة اعتـزل عبـد الرحمن الطريق ثم قال لرباح بن المغترف غنينا ياأبا حسان وكـان يحسن النصب فبينا رباح يغنيه أدركهم عمر بن الخطاب في خلافة فقال ماهذا؟ فقال عبد الرحمن مابأس بهذا نلهو ونقصر عنا فقال

عمر فإن كنت أخذ فعليك بشعر ضرار بن الخطاب وضرار رجل من بني محارب بن فهد ﴾[100]

واته:﴿ سائيبی كوڕی يەزيد دەفەرمووێ لە كاتێكدا كە لەگەڵ عبد الرحمن كوڕی عەوف لەڕێی حەجدا بووين بەرەو مەككە عبد الرحمن لەڕێ لايدا وپاشان بەڕەباحی كوڕی موغتەريفی ووت ئەی ئەبا حەسان گۆرانيمان بۆ بڵێ كەگۆرانی نەصبی باش دەزانی جا لەكاتی گۆرانی وتنی ڕەباحدا عومەری كوڕی خەطاب كە لەسەردەمی خەلافەتی خۆيدا بوو پێيان گەيشت و ووتی ئەوە چيە؟ عبد الرحمن يش فەرمووی ئەمە هيچ گرفتێكی تيادا نيە خۆ دەخلافێنين و ڕێيەكەمان كورت دەكەينەوە عومەريش فەرمووی جا ئەگەر شيعر هەڵدەگری و دەيڵێی ئەوا هی ضراری كوڕی خەطاب بڵێ ضيراريش پياوێك بوو لە هۆزی مەحاريبی كوڕی فهر .

وەلەبارەی ﴿نصب﴾ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ:﴿ ضرب من الاغاني الاعراب وهو يشبيه الحداء﴾ دەفەرمووێ أبو عبيد الهروری وای فەرمووە واتە چۆن كورد حەيرانی هەيە ئەويش بەو جۆرەيە والله اعلم .

پاشان إبن جوزی بەسەنەدێك لە ئەبی حامد ی خولقانی دەگێڕێتەوە كە دەڵێ ووتم بە إمامی أحمدی كوڕی حەنبەل :

﴿يأبا عبدالله هذه قصائدالرقاق التي في ذكر الجنة والنار أي شيء تقول فيها ؟ فقال مثل أي شيء ؟ قلت يقولون :

إذا ماقال لي ربي   أما أستحييت تعصيني

وتخف الذنب من خلقي   وبالعصياني تاتيني؟!

---

100 _﴾ اخرجه البيهقي ٢٢٤/١٠ باسناد جيد

فقال أعد علي ، فأعدته عليه فقام ودخل بيته ورد الباب فسمعت نحيبه من داخل البيت وهو يقول ﴿فذكر البيتين﴾
ئەمە لە كاتێك پرسيار لە امام أحمد دەكات دەفەرمووێ چی دەڵێی لەبارەی ئەو شيعرانەی كە باسی بەهەشت و ئاگر ئەكات ؟ فەرمووی وەكو چ شتێك ؟ ئەمە بەڕاستی وەرعی زانايان هێمنيان لە فەتوا دەردەخات نەك وەكوو خەڵكانێك يەكسەر بەرەهای فەتوا دەدەن !! فەرمووی كەكاتێ خوای تعالی جل وعلا دەفەرمووێ ئەی بەندەكەم ئايا شەرم ناكەيت كە سەرپێچيم دەكەيت ، وەگوناهو تاوانەكانت لە خەڵكی دەشاريتەوە و بەسەر پێچی دێيتەلام .؟!
دەفەرمووێ إمام أحمد فەرمووی دووبارەی بكەرەوە ! دەفەرمووێ دووبارەم كردەوە پاشان هەستاو چووە ژوورەوە گوێم لێبوو دەگرياو پێی خۆش بوو دەيوتەوە . خوێنەری بەرێز : ئەمانە هيچی لەسنووری سروشتی خۆی دەرنەچوون و إعتداليان پێوە دیارە و ڕۆشنە هەموو گۆرانيەكانيان بير خستنەوەی مردن و بەهەشت و ئاگر و وەسفی كەعبەو زەمزەم و ....هتد بوون . بۆيە دەڵێين والله ئەو شيعرەی ئێستا باسمان كرد خوێنەر حەز دەكات چەند جار بيڵێتەوە و لەبەری بكات چونكە هەموويان هەژاندنی دڵيان تيايە وەبير خستنەوەی قيامەت و حيساب و كيتاب و ترسی خوای تعالی وجل جلالە ..هتد تێدايە .لە فەرموودەيەكی تردا لەفەرموودەی سەلە بنی الاكوع قال:﴿خَرَجْنَا مَعَ رسُول الله﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ إلى خَيْبَر فَسرنَا لَيْلًا فَقَالَ رجُل مِن القَومِ لِعَامر بنِ الاكْوعِ ألا تَسْمَعنَا مِنْ هُنَايَاتِك ؟ وكَانَ عَامر رجُلاً شَاعِراً فَنَزلَ يَحْدُو بِالقَومِ يقول :

اللهم لَوْلَا أنْتَ مَا اهْتَدينَا   وَلَاتَصَدَّقْنَا وَلَاصَلينا
فألقي سَكِينَةَ عَلَينَا   وَثَبِتِ الاقْدَامَ إذلَاقينا

فَقَالَ رسول الله ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾: ﴿مَنْ هَذَا السَائِق؟ قَالوا عَامر بن الاكوع ، فقال: يَرْحَمُهُ الله ﴾

وه هەروەها ئیمامی شافیعیش ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ:﴿ أمَا الأسْتمَاع الحداء ونَشيِد الاعْراب فَلاَ بَأس بِهِ﴾

واته:﴿ گوێگرتنی حەداو سرودە ئەعرابیەکان قەیناکە ﴾

لەڕیوایەتێکی تردا :﴿ عن عبدالله بن عباس ﴿رضى الله عنهما﴾ أنه بينما هو يسير مع عمر ﴿ رضى الله عنه﴾ في طريق مكة في خلافته و معه المهاجرون والانصار فترنم عمر ببيت فقال رجل من أهل العراق ليس معه عراقي غيره غيرك فليقولها يا امير المؤمنين فاستحيا عمر من ذالك وضرب راحلته حتى انقطعت عن ركب ﴾[101]

واته :﴿ عبدالله کوڕی عباس خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێت دەفەرمووێ لە کاتێکدا لەگەڵ عمردا بووین ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت کە لە ڕۆژگاری خەلیفایەتی خۆیدا بوو بەرەو مەککە دەچوین کە کۆچ کەران و پشتیوانانی لە گەڵ بوو ، امامی عمر ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت هۆنراوەیەکی بەشێوەی گۆرانی ووت کابرایەکی عێراقیش کە جگە لەو عێراقی تری لەگەڵ نەبوو ووتی ئەی ئەمیری ئیمانداران بایەکێکی تر ئەوە بڵێت ئیتر امامی عمریش ڕەحمەتی خوای لێبێت بەو قسەیە شەرمی کرد و وولاخەکەی دەنگدا تالەکاروانەکە دابڕا﴾

بێگومان ئەمانە ڕێگە پێدراون بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمانە بەڵگەن کەس ئینکاری نەکردوون بەلاَم دەبێت لە مەشدا کەڕەوایە ﴿ مروئەتی ﴾ تیادا پارێزراو بێت ، چونکە ئەگەرسەرنج بدەیت کە کاتێ کابرای عێراقی بە ئیمامی عومەری فەرموو غەیری تۆ بیوتایە باشتر

---

101 _﴿ أخرجه البيهقي باسناد الصحيح

بوو مانای ئەوەیە ڕەوایە بەڵام بۆ پاراستنی زیاتری مروئەتی کەسێکی تر بیڵێ باشترە وەئیمامی عومەریش ڕەزای خوای لێبیت لە کابرای عێراقی تورە نەبوو چونکە سەفەرێکی دوور بۆ کورت کردنەوەی هەندێ جار یان بۆ گورج کردنەوەی کاروانەکە هۆنراوەو گۆرانی ووتراوە بۆیە ئیمامی عمر ڕەحمەتی خوای لێبێت کاتێ شەرمی کرد لەبەر ئەوە نەبوو کەڕەوانیە چونکە بێگومان ئەگەر ڕەوا نەبوایە ئەوا نەیدەوت بەڵام قسەی کابراشی بەلاوە خراپ نەبوو چونکە وەکوو ئیمامی شافیعیش دەفەرمووێ:﴿ **لو علمت أن الماء البارد ينقص مروءتي ماشربته إلا حارا** ﴾

واتە:﴿ ئەگەر بزانم کە ئاوی سارد لە مروئەتم کەم دەکاتەوە ئەوا نایخۆمەوە و هەر ئاوی گەرم ئەخۆمەوە !!! ئەی خەڵکی ئێمە کەی شەرم دەکات کەساڵ ڕۆژی لێناڕوات لە تەلەفزیۆن و ڕادوێکانەوە مۆسیقاو گۆرانی گوێ ی خەڵك کەڕ دەکات!!!، وە بێگومان ڕیوایەتی تر هەن بەڵام لێرەدا بەوەندە کۆتای پێ دێنین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەم جۆرە گۆرانیانەش وەکوو زانایان فەرموویانە دەبێت کۆ مەڵێ مەرجی تێدا بێت لەوانە:

١. نابێت ئەو گۆرانیە هیچ شتێکی تێدا بێت کە پێچەوانەی شەرعی خوابێت

جل جلاله _ وەووشەو پیا هەڵدانی ناشیرینی تیادا نەبێت وەکوو پیا هەڵدان بەسەر ئافرەت و عەرەق و ئەو شتانەی کە قەدەغەکراوون .

٢. نابێت هیچ جۆرە ئامێرێکی مۆسیقای لە گەڵ بێت چونکە ئەگەر ئامێرەکانی مۆسیقای لەگەڵ بوو وەکوو عود و کەمان و تەپڵ و پیانۆ و .....هتد باگۆرانیەکەش شەرعی بێت هەر حەڕامە و ڕێگە پێدراو نی

یە جگە لە دەف ئەویش پیاو بەکاری ناهێنێت بەڵکو کچۆڵە بەکاری دەهێنێت لە زەماوەندوو جەژنەکاندا والله اعلم .
٣. نابێت بەردەوام بێت لەسەری و ئالوودەی بێت و بیکاتە پیشەو میهنە چونکە پارە وەرگرتن لەسەری مرۆڤ لادەدات لە اصلی خۆی وە بەلای هەندێ لەزانایان کە کەسێ زۆر بیکاتە پیشەو بەکاری بهێنێت شاهیدی لێومر ناگیرێ هەروەکوو إبن تیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ:﴿ ولكن نصب مغنية لنساء والرجال منكر بكل حال بخلاف ماليست صنعتها وكذلك أخذ العوض عليه ، والله اعلم﴾
واتە : دانانی گۆرانی بێژ بۆ ئافرەتان و پیاوان ئەمە بەهەموو شێوەیەك مونكەرە بە خیلاف و پێچەوانەی ئەو كەسەی نەیكردۆتە پیشە ، وەهەروەها كرێ لەسەر وەرگرتنیشی مونكەرە والله اعلم .
لێرەوە ڕووم دەكەمە مووسڵمانان و دەڵێم شتێ هەیە زۆر سەرسامی كردووم ئایا ئێوەش وان ؟!! هەندێ لەزانایانی ئەمڕۆ ئەوانەی كە بە زانا لەناو خەڵكدا ناسراون ئەگەر پرسیاریان لێبكرێت و بڵێ ی زانایان ئەو قورئانەی كە لە تەعزیە كاندا دەخوێنرێت بەپارەیەكی زۆر یەكسەر نایەڵێ قسەكەت تەواو بكەیت دەڵێ حەرامە تەشبیە نەبێت ئەگەر بڵێیت ماموستایان ئەی ئەو گۆرانیانەی كە لێدەدرێ و پارەی پێپەیدا دەكرێ و پارەی لێومردەگیرێ حوكمی چۆنە ئەگەر خوا ڕەحمت پێبكات جوابت بداتەوە دەڵێ وە الله بڵێم چی إنشاء الله گرفتی تێدا نابینم !!!!
٤. نابێت ئەو گۆرانیە سەرقاڵی بكات لە واجبە شەرعیەكان و واجبەكان بفەوتێنی یان بە قوربانی فەوتانی بكات چونكە هەرشتێ ببێتە مایەی فەوتانی واجب حەرام دەبێت ئەگەر ئەو شتە بەتایبەتی لە بابی گۆرانی و ....هتد بێ والله اعلم .

﴿مقامات یان سەر لێشێواندنی مووسڵمانان﴾

زەنگێکی ترسناك ڕووی کردۆتە مووسڵمانان کە نزیکە هەموو شوێنێك بگرێتەوە و مووسڵمانان فریوی بخۆن کە ئەویش دزە کردنی ئاوازی مۆسیقایە بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆز پەنا بەخوا ، دەبینین لێرەو لەوێ کاتێ پێشبڕکێی قورئانی پیرۆز دەکرێت چەند مامۆستایەك دادەنێن بۆ تاقی کردنەوەی ئەو قوتابیە قورئان خوێنە ، وەیەك لەو مامۆستا یانەی کە دای دەنێن پێ ی دەڵێن تایبەت بە مەقامات کاتێ کە قوتابیەکە قورئان دەخوێنێ دەڵێ لەسەر مەقامی رست یان حجاز یان صبا یان سیکا یان بیات یان نهاوند یان عجم یان کردی یان زنجران ...هتد دەخوێنێ !!!!! تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو بانگیشیان هێناوەتە پاڵ و دەڵێن ئەو بانگە لەسەر مەقامی رست یان حیجاز یان ......هتد !!!! بۆیە منیش بە پێویستم زانی کە حوکمی مەقامات ڕوون بکەمەوە بە ئومێدی ئەوەی مووسڵمانان فریو نەخۆن و لێ ی بە ئاگا بن ، بێگومان ئەم بابەتەش خاڵی نیە لە نیزاع و بەربەرەکانێ وە لەگەڵ ئەوەشدا شاراوە نیە کەچەند قەول و قسە هەیە لەسەری هەندێ دەڵێن ڕێگە پێدراوە وەهەندێ دەڵێن مەکروهە وە هەندێ دەڵێن حەرامە بەڵام مووسڵمانی ژیر دەبێت بزانێت ﴿العبرة بالحق ودليله لا بقول وقائله﴾ بۆیە بە ووتی ووتیان نابێ بەڵکو بەدەلیل و بەڵگە دەسەلمێنرێ کە حەڵاڵە یان حەرامە یان مەکروهە وە بە پشتیوانی خوای تعالی جل وعلا هەوڵ دەدەم کە قەولی راجح پەسەند بەیان بکەم إنشاءالله ،

بێگومان کە دەڵێین جائز نیە لەبەر چەند هۆیەکە کە زانایان باسیان فەرمووە :

أ ~ أن ذلك ليس من هدي النبي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ والسلف الصالح رضى الله عنهم

واته:﴿ له ڕێنمونی و هەدی پێغەمبەر نیە ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ وە لە هەدی سەلەفی صالحیش نیە کەواتە پێویستمان بە دەلیل و بەلگە هەیە لەسەر ڕەوا بوونی وە ئیلا أصل تیایدا ڕێگریە چونکە أصل لە عیبادەتدا مەنعە هەتا بەلگەی لەسەر دەهێنی وە لێرەشدا بەلگە نیە کەواتە ڕێگە پێدراو نیە

ب~ بەلایەنی کەمەکەی ئەم مەقاماتانە کەباس دەکرێت شوبهەی تێدایە دەی بۆ ئینسا نی مووسڵمان خۆی بخاتە شوبهە یە کەسەری لە حەرام دەردەچێت وەکو دەفەرموویت :﴿فمن حام حول الحمى أوشك ان يرتع فيه﴾ کەواتە گەڕان بە دەوری حەرامدا کەوتنە ناویەتی خوای تعالی جل جلالە ئێمەش و ئێوەشی لێبپارێزێ .

ج~ قەدرو ڕێزی قورئانی پیرۆز وە گەورەی و پلەو پایەی لەلامان لە دینەکەماندا بێ وێنەیە دەی ئەگەر واز لە مەقامات بێنین ئەوە پاراستنە لە تێکەڵ بوون لە ئاوازو ئەلحانەکانی ئەهلی دەرچوو ئالودەکان بە مۆسیقا !!! بێگومان ئاوازێ بۆ مۆسیقا دابنرێ چۆن بۆ قورئانی پیرۆز ئەبێ ؟!!! چۆن ئاوازی مۆسیقا لەگەڵ ئاوازی قورئانی پیرۆز کۆ دەبێتەوە بەڕاستی نامۆو سەرسوڕهێنەرە ؟!!!

د~ ئەگەر ئەم مەقامات و ئاوازانە قازانج و سوودی تیادا بێت ئەوا بێگومان مەفاسیدو تێکدانی زۆر لەوە زیاترە وەواز هێنانی مەفاسید باشترە لە هێنان و ڕاکێشانی قازانج و سوود چونکە ڕۆژ بەڕۆژخراپەکانی مەفسەدەو تێکدانەکانی زیاد دەکات ئێستا وای لێهاتووە خەڵکانێ دەچن خۆیان فێری مەقاماتی مۆسیقی و ئاوازەکانی دەکەن تاوەکو دوایی بتوانێ بە خوێندنێکی نامۆ و خۆش قورئان

بخوێنیّ !!!! بەڵکو هەندیّ گویّ لە گۆرانی و مۆسیقا دەگرن و لەزەتی لیّدەبینن بەناوی ئەوەی کە ئەیانەویّت و پێویستیانە بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆز !!!! وەئەمە لەزۆریّ لەو وولاّتە عەرەبیەکاندا باوەو ئینکاری لیّناکریّ وە لەسەرو ئەمانەشەوە ڕۆشنە کە بیدعەیەکی مە زمومە

هـ~ ڕازاندنەوەی دەنگ واتە ﴿ تزين الصوت﴾ موستەحەبە واجب نیە واتە لەکاتی قورئان خوێندندا دەی ئێمە بۆ بۆ موستەحەبیّ خۆمان بخەینە حەرام یان کەمترینی مەکروهو شوبهە ؟!!!!

پاشان بابچینە خزمەتی زانایان بابزانین چۆن باسی دەکەن :

سەرەتا قەولی ابن القيم باس دەکەین ڕەحمەتی خوالی لیّبیّت کە دەیکات بە دوو بەشەوە کە پوختەکەی ئەمەیە :

١~ ئەوەی کە ئەو قورئان خوێنە دەیخوێنیّ بەسروشتی خۆی بەبیّ ئەوەی خۆی فێری مەقامات بکات واتە لەسەر ئاوازی مۆسیقا ئەوەی بە سروشتی خۆی وایە ئەوە شتێکی ڕەواو جائزە واتە بەسروشتی خۆی قورئان بە دەنگێکی خۆش بیخوێنێت و هەوڵبدات خۆشتر بیخوێنیّ ئەمەڕێگە پێدراوە و جائزە وەکوو ابو موسى ی ئەشعەری ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لیّبیّت کە بە پێغەمبەری خوای ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فەرموو ﴿لَوْ عَلِمْتُ أَنَّكَ تَسْمَعُ لَحَبَّرْتُهُ لَكَ تَحْبِيراً ﴾ دەی بێگومان نەفسی مرۆڤ ئەمە قبوڵ دەکات چونکە گونجاوە لەگەڵ نەفسدا کە کەسیّ بەسروشتی خۆی بیخوێنیّ ، وەبێگومان سەلەفی صالحیش وایان خوێندوە گوێشیان لیّگرتوە

٢~ ئەوەیان کەدروست کراوە لەسروشتی مرۆڤ نیە بەڵکو نەك لەسروشتی مرۆڤ نیە بەڵکو دەبیّ فێری بێت وهەوڵی بۆبدات و لەسەری ڕاهێنان بکات وەکوو چۆن فێری ئاوازو لەحنی گۆرانی ئەبێت

واتە وەکو ئێستا چۆن ڕاهێنان ئەکەن لە پەیمانگا مۆسیقیەکان !!وە ئەوەی شارەزا بێت بە ئەحوالی سەلەفی صالح دەزانێت کە سەلەفی صالح زەمیان کردووە و مەنعیان کردوە وە ابن قیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ هەرچی زانستی هەبێت بە ئەحوالی سەلەفی صالح دەزانێ کەسەلەفی صالح بەریە لەو مەقامات و ئاوازانەی کەدروست کراوو ئاواز بۆ دانراون وە دەفەرمووێ سەلەف ڕەحمەتی خوایان لێبێت بە دەنگی خۆش قورئانیان خوێندووە و هەوڵی جوان خوێندنەوەیان داوە بەسروشتی خۆیان هەندێ جار بە دڵ تەنگی خوێندویانە وە هەندێ جار بەشەوق و خۆشی زۆرەوە واتە لەو ئایەتانەی کە مژدەی خۆشیان تیایە والله أعلم کە ئەمە جائیزە و ڕەواو چاکە هەروەکوو پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەفەرمووێ ﴿لَيْس مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالقُرآن﴾ کە بەپشتیوانی خوای پەروەردگار ڕاڤەی ئەو فەرموودە دەکەین .

پاشانیش زانایان بۆچونیان لەسەر مەقامات بەم جۆرەیە :

أمامی مالك ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ:

﴿ولا تعجبني القراة بالالحان ، ولا احبها في رمضان ولا في غيره ، لانه يشبه الغناء﴾[١٠٢]

واتە:﴿ سەرسامم ناکات خوێندنی قورئان بەئاواز واتە ئەو مەقاماتانەی کە دەبینن وەدەفەرمووێ خۆشم لێی نایە نە لە ڕەمەزان و نە لە غەیری ڕەمەزان لەبەر ئەوەی لە گۆرانی ئەچێت﴾

وە عبدالله کوڕی ئیمامی ئەحمەد دەفەرمووێ :

﴿ سمعت أبي وقد سئل عن القرأة بالحان ؟ فقال محدث﴾[١٠٣]

---

102 _﴿الحوادث والبدع للامام الطرطوشي _ تحقيق علي الحلبي _ صفحة ٨٣.

واتــه :﴿ گــوێم لێبــوو پرســیاریان لــه بــاوکم کــرد ســه‌بارەت بــه ئاوازلــه قورئان خوێندندا ؟ فه‌رمووی داهێنراوه .

وه‌یه‌عقوبی هاشمی ده‌فه‌رمووێ :﴿ سمعت ابي انه سأل أبا عبد الله عن قراءة بالالحان ، فقال هو بدعة ومحدث قلت تكرهه يا أبا عبد الله ~ أي الامام أحمد ؟ قال نعم أكرهه إلا ماكان من طبع كما أبو موسى...﴾ [١٠٤]

واتــه : ﴿ گــوێم لێبــوو بــاوکم پرســیاری کــرد لــه امــام أحمــد لــه‌باره‌ی خوێندنی قورئــان بــه‌ئاواز فــه‌رمووی ئــه‌وه داهێنــراوه ودروست کــراوه ووتم ڕقت لێیه ئه‌ی أبا عبدالله ؟ فه‌رمووی بــه‌ڵێ ڕقــم لێیــه ئــیلا ئــه‌وه نه‌بێت که له سروشتی مرۆڤ خۆیدایه وه‌کوو خوێندنی ابو موسی...﴾

وه‌هه‌روه‌ها له‌ڕیوایه‌تێکی تردا ده‌فه‌رمووێ:﴿عن عبدالرحمن المتطبب يقول :﴿ قلت لأبي عبدالله في القراءة الالحان ؟ فقال ﴿ ياأبا الفضل اتخذه أغاني ، اتخذه أغاني لاتسمع من هؤلاء﴾ [١٠٥]

واتــه:﴿ پرســیارم کــرد لــه ئیمــامی احمــد لــه‌باره‌ی خوێنــدنی قورئــانی پیرۆز به‌ئاواز واته وه‌کو ئیمڕۆ نــاوی ده‌بــه‌ن بــه مــه‌قامات ؟ فــه‌رمووی ئه‌ی أبــا فــضل کردویانــه بــه‌گۆرانی ، کردویانــه بــه گــۆرانی ، گــوێ لــه‌و که‌سانه مه‌گره ﴾

---

103 _﴿الحوادث والبدع للامام الطرطوشي _ تحقيق علي الحلبي صفحة ٨٤ ، وفي ﴿ المقصد الارشد في ذكر اصحاب الامام احمد ج١ ص ١٦٤.

104 _﴿ رواه الخلال في الامر بالمعروف والنهي عن المنكر﴾ و ﴿ المقصد الارشد في ذكر اصحاب الامام احمد ج١ص١٦٤.

105 _﴿ رواه الخلال في الامر بالمعروف والنهي عن المنكر﴾ و﴿المقصد الارشد في ذكر اصحاب الامام أحمد ج٢~ص ٨٠.

وەلەبارەی ئیمامی شافعیش ڕەحمەتی خوای لێبێت :دەفەرمووێ:
﴿ روي الربيع بن سليمان الجيزى عن الشافعى أنه كره القراءة بالالحان﴾[١٠٦]
واتە: ﴿ بەلایەوە ناپەسەندبوەو ڕقی لێبوە ﴾
وە محمدی کوڕی هە یثە م دەفەرمووێ :
﴿ لأن أسمع الغناء أحب الي من أن أسمع قرأءة الالحان ﴾ رواه الخلال في الامر بالمعروف والنهي عن المنكر .
واتە:﴿ ئەگەر گوێ لە گۆرانی بگرم پێم باشترە لە گوێ گرتن لە خوێندنی بەئاوازﹾ﴾ وە شێخ أبوبکر ئەبو زەید لە کتێبی بدع القراء دەفەرمووێ :﴿ التلحين في القراة تلحين الغناء والشعر ، وهو مسقط للعدالة ، ومن أسباب رد الشهادة قضاء ، وكان أول حدوث هذه البدعة في القرن الرابع على أيدي الموالي ﴾
واتە:﴿ ئاواز لە خوێندنی قورئانی پیرۆز دا ئاوازە لە گۆرانی و شیعریشدا کە دەبێتە هۆی لە دەست دانی دادپەروەری وەدەبێتە هۆی وەرنەگیرانی شاهیدی وەیەکەم ڕووداو و بیدعە بوو لە سەدەی چوارەم بوو لەسەر دەستی مەوالیەکان بوو . وەهەر لەهەمان کتێب دەفەرموێت :﴿ هذا يدل على أنه محذور كبير وهو قراءة القران بالألحان التي يسلك فيها مذاهب الغناء وقد نص الائمة رحمهم الله على النهي فيه﴾
وە شیخ الاسلام ابن تیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت : ﴿ قرأءة القران بصفة التلحين الذي يشبه تلحين الغناء مكروه مبتدع كما نص على ذلك مالك والشافعي واحمد وغيرهم من الائمة﴾[١٠٧]

---

106 _﴿الحوادث والبدع للامام الطرطوشي ~ تحقيق علي الحلبي ~ص~٩٠.

واتە:﴿ خوێندنی قورئانی پیرۆز بەشێوەی ئاواز و لەحن کە لە ئاوازو لەحنی گۆرانی دەچێت ناپەسەند و داهێنراوە هەروەکو ئەوەی کە بەلای ئیمامی مالیك وئیمامی شافعی و ئەحمەد و غەیری ئەوانیش وایە﴾

وەهەروەها ئیمامی الدارمی لە سوننەکەیدا بابێکی ناو ناوە بە ﴿باب كراهة الالحان في القران ﴾ وەئەم ڕیوایەتانەی هێناوە

﴿ أخبرنا عبدالله بن سعيد عن عبدالله بن أدريس عن الاعمش قال: ﴿ قرا رجل عند انس يلحن هذه الالحان فكره ذالك انس﴾ ٣٥٠٢

واتە:﴿ پیاوێ لای ئەنس قورئانی ئەخوێند بە شێوازی ئاوازو لەحن ئەنەس پێی ناخۆش بوو ئەو ئاوازە واتە ئاوازێ کەلەسەر شێوازی مۆسیقا بێت کە ئێستا ناوی دەبەن بە مەقامات﴾

وەلە ڕیواتێکی تردا:﴿ حدثنا العباس بن سفيان عن بن علية عن عون عن محمد قال:﴿ هذه الالحان في القرآن محدثة﴾[108]

واتە:﴿ ئەو ئاوازانە لە قورئان خوێندندا پەیدا بووە دروست کراوەو پەیدا بووە ﴾

وە إبن شيبە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ :﴿ أخبرنا عمران بن عبدالله بن طلحة ﴿ أن رجلا قرأ في المسجد النبي ~صلى الله عليه وسلم~ في رمضان فطرب فأنكر ذالك القاسم وقال يقول الله تعالى ﴿ وانه لكتاب عزيز لاياتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه تنزيل من حكيم حميد ﴾[109]

---

107 _﴿المستدك في المجموع الفتاوى ج٣~ص ١٠٥

108 _﴿ سنن الدارمي ~باب كراهة الالحان في القرآن﴾.

109 _﴿التطريب من كرهه ﴾ لابن شيبة الاية ٤١~٤٢~سورة فصلت .

واته:﴿ پیاوێك له مزگەوتی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ لەڕەمەزاندا بەجۆری گۆرانی بێژان ئەی خوێند قاسم ئینکاری کردوو فەرمووی خوای پەروەردگار دەفەرمووێ .. ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە ﴾

وەابن نعیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ :﴿ حدثنا اسحاق بن أحمد بن علي ثنا ابراهيم بن يوسف بن خالد ثنا أحمد ابن أبي الحواري قال سمعت أبا داود الطرطوسي يقول قلت لعبدالله بن مبارك ﴿ إنا نقرأ بهذه الالحان فقال إنما كره لكم منها انا أدركنا القراء وهم يؤتون تسمع قراتهم وانتم تدعون اليوم كما يدعي المغنون﴾ [١١٠]

وەفەتوای زانایانی سەردەمیش زۆرن لەوانە:

شێخی عەلامە و پایەبەرز عبد العزيز بن عبدالله بن باز ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ ﴿ لايجوز للمؤمن انِ يقرأ القرآن بألحان الغناء وطريقة المغنين بل يجب أن يقرأ كما قرأه سلفنا الصالح من أصحاب الرسول ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ وأتباعهم باحسان فيقرأ مرتلا متحزنا متخشعا حتى يؤثر في القلوب التي تسمعه وهو ذالك ، أما ان يقرأ ه على صفة المغنين وعلى طريقتهم فهذا لايجوز﴾ [١١١]

واتە:﴿ ڕەوانیە بۆ ئیماندار کە قورئانی پیرۆز بخوێنێ بە ئاوازو لەحنی گۆرانی وەڕێگەی گۆرانی بێژان بەڵکو پێویستە بخوێنێ وەکو سەلەفی صالح و هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ وە شوێن کەوتوانیان کە بە جۆرێك دەیان خوێند کە بە لەسەرخۆیی و دڵتەنگی

---

110 _﴿ حلية الاولياء ج~٨~ص~١٦٩.

111 _﴿ كتاب مجموع فتاوى ومقالات متنوعة لسماحة الشيخ العلامة عبد العزيز بن عبدالله بن باز رحمه الله م~٩~ص~٢٩٠.

وملی کەچی دەیان خوێنن تاوەکو کاریگەری بکاتە سەر دڵان دڵانێ کە گوێبیستی بوون ، بەڵام ئەوە ی کە لەسەر سیفەتی گۆرانی بێژان و ڕێگەی ئەوان دەخوێنێ ڕەوا نیەو ڕێگە پێدراو نیە﴾
وەزۆرێ لە زانایانی تر ، وە لە زانایانی سەردەمیش لەوانەی کە بەلایانەوە جائز نیە : شێخی پایەبەرز دکتور عبد الله جبرین ڕەحمەتی خوای لێبێت ، وە شێخ أبن باز ، وەشێخ ابن عثیمین ، والفوزان ، وآل شیخ ، وەزۆرێ لە زانایانی تر،
وەپاشان بە هەڵە تێگەیشتنی چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﴿صلی الله علیه وسلم ﴾ وای کردوە کە مووسڵمانان بەرەو ئەو هەڵە گەورەیە بەرێ پەنا بە خوای گەورە ، چونکە بێگومان فەرموودەی پێغەمبەریش ﴿صلی الله علیه وسلم ﴾ پێویستی بەتێگەیشتنە وەدەبێ بزانین کە هاوەڵان چۆن ڕاڤەیان کردووە ولێ ی تێگەیشتون یان سەلەفی صالح وزانایان چۆن ڕاڤەی دەکەن ،
بۆ نموونە ئەوانەی کەدەڵێن مەقامات لە خوێندنی قورئانی پیرۆزدا درووستە ، چەند فەرموودەیەك دەکەنە بەڵگە کە بێگومان ئەو فەرموودانە هیچ بەڵگەی ڕەوابوونی تێدانیە
لەوانە: ئەو فەرموودەیەی کە أبو هریرە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت کە دەفەرمووێ پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ فەرمووی ﴿لَيس منَّا منْ لَمْ يَتَغنَّ بِالقرآن ﴾[112]
بێگومان زانایان ڕۆشنیان کردۆتەوە کە ئەم فەرموودەیە بەڵگە نیە لەسەر بەڕەوا بوونی مەقامات وەمانای ﴿یتغن﴾ واتەی ﴿أن یحسن القاریء صوته بالقرآن ویجهر به﴾ وە ئیمامی شافعیش دەفەرمووێ

112 _﴿ رواه بخاري ومسلم ﴾

﴿ يتغن﴾ واتەی ﴿يرفع صوته به﴾ واته دەنگی بەرز دەكاتەوە وە لە ليث دەفەرمووێ ﴿يتحزن به ويتخشع به ، ويتباكى به ﴾
واتە: ﴿دەفەرمووێ بەدڵتەنگی و مل كەچی و بەگریان بیخوێنێ﴾
وە وەلیدی كوڕی موسلم دەفەرمووێ :﴿ يتغنى بالقرآن يعني يجهر به﴾
كەواتەئەگەر لەسروشتی خۆی لایدا پیتەكانی دەگۆڕێت بەلام بە داخەوە لەبەر خاتری ئەوەی كە ئاوازەكەی لەسەر ئاوازی مۆسیقا بێت ضمة ئەكات بە واو ، یان فەتحە ئەكات بە ألیف ، وە كەسرە ئەكات بە یاء ،دەی ئەمەش ڕۆشنە كە مانای قورئانی پیرۆز دەگۆڕێت بۆیە لەریوایەتێكدا پیاوێك پرسیاری لە ئیمام ئەحمەد كرد لەبارەی مەقامات وە لەحن ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: ﴿مَاسمُكْ؟ قَال مُحَمَد قَالَ أيَسَرَك أنْ يُقَال لك مُوحامد؟ قَالَ لاَ فَقَالَ لاَ يَعْجِبْني أن يتَعَلَّمَ الرَّجل الالحان ....﴾
واتە: ﴿ پیاوێك پرسیاری كرد لە ئیمام ئەحمەد لەبارەی ئاوازو لەحن ئیمام ئەحمەد فەرمووی : ناوت چیە؟ كابرا ووتی محمد ئیمامی ئەحمەد فەرمووی پێت بڵێن موحامد ؟ واتە بە مەد كابرا ووتی نەخێر پاشان فەرمووی پێم باش نیە یان سەرسامم ناكات كە پیاو خۆی فێری مەقامات بكات...﴾
كەواتە دەبێ قاریء دەنگی خۆش بكات و بەدەنگی بەرزو ئاشكرا بیخوێنێ بەلام پێویستە خوێنەر هەوڵ بدات بەئەندازەی خۆی چەند دەتوانێ دەنگی خۆش بكات وە ئەگەر خەڵكی لە دەور بوو بەدەنگی بەرز بیخوێنێ تاوەكو دەورو بەری چێژی لێوەرگرن و كاریگەریان تێبكات هەر لەبەر ئەوەیە كە پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم﴾ شەوێكیان بەلای أبو موسای ئەشعەری تێپەڕی كە قورئانی دەخوێند وە

ئەشعەریەکان خاوەنی دەنگێکی خۆش بوون ، جا پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ گوێی لێبوو فەرمووی : ﴿ لَقَدْ أُوتِي هَذَا مِزماراً مِنْ مَزَامِيرِ آل داود ﴾ پاشان کە ڕۆژ بۆوە ئەبو موسا هات پێغەمبەر ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ پێی فەرموو ئەویش فەرمووی ﴿ یارسول الله ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ لو عَلِمتُ انَّك تَسمع لَحَبرتة لكَ تَحبيراً ﴾[113]

جامەبەست بە ﴿ مزمار ﴾ ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ ﴿ الصوت الحسن ﴾ واتە دەنگی خۆش نەك پەنا بەخوا بچینە پەیمانگای مۆسیقی!!!!

کەواتە کەس نالێت بەدەنگی خۆش نەخوێنرێ بەڵکو موستەحەبە بەڵام ناشبێ لابدرێ لە سروشتی خۆی وە ناشبێ فەرموودەکان بەهەڵە ڕاڤە بکرێت وەکاتێ دەفەرمووێ لە براء بن عازب :﴿ ان النبي ﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ قال :﴿ زينوا القران بأصواتكم﴾[114]

دەبێ بزانرێ چۆن ڕاڤە دەکرێ و ئەم فەرموودەیەش تێگەیشتنی خۆی دەوێت کەبێگومان قورئانی پیرۆز زۆر لەوە گەورەترە کە بە دەنگی ئینسان بڕازێتەوە بەڵکو دەنگی ئینسان بە قورئان دەڕازێتەوە وەکو شعبە دەفەرمووێت : ﴿ نهاني أيوب ان أحدث زينوا القرآن بأصواتكم ﴾واتە ئەمە لە بابی ﴿ قلب﴾ ە وەکو خطابي دەفەرمووێ: ﴿ معناه زينوا أصواتكم بالقرآن ﴾ واتە بیڕازێننەوە دەنگتان بە قورئانی پیرۆز نەك قورئان بە دەنگ!!!!

واتە : لە مانەوە دەردەکەوێ کەمەبەست لەم فەرموودە پیرۆزانە ئەوەیە کەبە دەنگی خۆش بخوێنرێت و بیری لێبکرێتەوە بەڵام تێپەڕ

---

113 _﴿بخاري ومسلم من حديث ابو هريرة﴾

114 _﴿ رواه احمد وابوداود والنسائي وابن ماجة والدارمي .

نەكات بۆ مەقاماتی دروست كراو و ئاواز و لەحنی گۆرانی پەنا بەخوا !!! وە جوان خوێندنی قورئانی پیرۆز پێشی هەموو شتێ دەبێ بەڕاست و دروستی بخوێنرێت وە چاودێری مخارج ودەرچونی پیتەكان بكات و سەلامەت بێت لەئاوازو لەحن وە پارێزگاری مەدەكان وە إدغام وإظهار و إخفاء و إقلاب و إمالة وتحقيق تسهيل و الابدال و.... هتد بكرێ لە تەجویددا وە دەبێت بە نەرم ونیانی و لەسەر خۆی بخوێنرێت وە بیر لێكردنەوە لە فەرمانەكان وە لە نەهیەكانی وەكاتێ بە ئایەتێكی مژدەو خۆشی تێدەپەڕی داوای بكەی وەكاتێ بە ئایەتێكی سزا تێدەپەڕی پەنا بە خوا بگرێ خوا پەنامان بدات چونكە پێغەمبەر ﴿ صلیالله علیه وسلم ﴾ وای دەخوێند هەروەكو حذيفه رضي الله عنه دەفەرمووێ:﴿صَلَيْتُ مَعَ النَّبِي ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَأفْتَتَحَ البَقَرةَ فَقَرَاهَا ، ثُمَّ النِّساءَ فقَرَاهَا ، ثُمَّ آلَ عِمران فَقَرَاهَا ، يَقرأ مُترسلا ، إذا مَرَّ بِسُؤالٍ سَأل ، وإذا مَرَّ بِتَعوذٍ تَعَوَّذَ﴾[115]

واتە: ﴿ نوێژم لەگەڵ پێغەمبەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ دەكرد شەوێكیان سەرەتا سوڕەتی البقرەی خوێند پاشان سوڕەتی النساء خوێند پاشان آل عمران ی خوێند بەنەرم و نیانی دەیخوێند كاتێ تێدەپەڕی بە ئایەتی داواكردن داوای دەكرد ، وەكاتێ تێدەپەڕی بە لای ئایەتی پەنا گرتن دا پەنای دەگرت ﴾

كەواتە دەبێ لەسەر ڕێنمونی ئەو بیخوێنین ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ نەك بەناوی مەقامی رست و حیجاز و سیكا ....هتد

وە بێگومان هەموو ئەو خوێنەرە بەناو بانگانەی كە قورئان دەخوێنن مەقامات و لەحن و ئاوازیان نەخوێندوە تەنها چەند كەسێكی كەمیان

---

115 _﴿ رواه مسلم ﴾

نــەبێت کــە بــە پەنجــەکانی دەســت دەژمێــرێن !!! بــەڵام وەکــو شــێخ
اسماعیــل دەفــەرمووێ کــاتێ قورئــانم دەخوێنــد دەیــان ووت ماشــاءالله
مــەقامی ڕســت !! حجــازە!! نهاونــدە!!! منــیش بێئاگــا بــووم لێــی !!!!!!!!
بەڵکو هەندێکیان دەڵێن جار هــەبووە ئایــەتی عــەزابم ئەخوێنــد ئــەیان
ووت الله یاشێخ ڕست !!! حجاز!!! إنا لله وإنا اليه راجعون ﴾.

﴿ چەند ووشەیەك لەسەر سروودە ئیسلامیەكان ﴾

بەپشتیوانی خوای تعالی جل جلاله ئەمە دەکەمە کۆتای ئەم کتێبە
بە ئومێدی ئــەوەی کە کتێبێکی بەسوود بێت و مووسڵمانان بەگشتی
سوودی لێ ببینن و ببێتە مایەی ڕەواندنەوەو نــەمانی دوو دڵی لــە دڵی
مووســڵمانانـدا و ئەســباب و هۆکــارێ بــێ بــۆ ڕزگــار بوونمــان لــە
نارەحەتیــەکانی دوا ڕۆژ، ئێــستا ئــەوەی کــە زیــاتر بــڵاوە تەنانــەت
تەلەفزیۆنــە ئیسلامیەکان و ڕادیــۆ کــان و تۆمارگاکــان بــڵاو کردنــەوەو
لێدانی سرودی ئیسلامیەکان بە جۆرێکی وا کە ئەوەندە گوێی خەڵکیان
پێ ئاو داوە کە چۆتە بــابی ئــەوەی کــە پێغەمبــەر ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾
چۆن شەکوای خۆی گەیاندە خوای رب العالمين لــە قەومەکــەی ﴿ وَقَالَ
الرَّسولُ يَارَبِّ إنَّ قَوْمِي اتخَذُوا هَذاَ الْقُرْآنَ مَهْجُوراً﴾ [116]
جا لەم ڕۆی ئێمەدا پــەنا بــەخوا ئــەم ئایەتــە پیرۆزە زۆر ترسناکە کــە
کەم کەس بیری لێبکاتەوە و ترســی لێــی هــەبێت کــە هــەجر لــە قورئــان
چۆنە پەنا بەخوا ئەواتا هەنــدێ لەوانــەی خــۆ بــە زانــا دائــەنێن دەڵێن
گۆرانی و مۆســیقا زۆر جــار زانــستی پزیــشکی بــۆ چارەســەری نەخۆشــی
داناوە و دەشێ بۆ چارەسەر بەکار بێت !!!

---

116 _﴿الفرقان﴾ الاية ٣٠

مـن لێـرەدا فەرمووده‌یـەكی ئـیبن القـیم لـە ڕاڤـەی ئـەم ئایەتـەدا ئەخەمەوە بیر كە دەفـەرمووێ :﴿ وهجـر القرآن أنـواع: أحـدها: هجـر سماعـه والايمـان بـه والاصـغاء اليـه والثـاني : هجـر العمـل بـه والوقـوف عنـد حلالـه وحرامـه وإن قـرأه وآمـن بـه والثالـث: هجـر تحكيمه والتحاكم إليه في اصول الـدين وفروعه وإعتقاد أنـه لا يفيـد اليقين والرابع: هجر تدبره وتفهمه ومعرفة ماأراد المتكلم به منـه والخامس هجر الاستشفاء والتـداوي بـه في جميـع أمـراض القلـوب وأدوائها ﴾[117]

ئەگەر ڕابمێنین لەم شیكردنەوەیەی ابن القیم ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەبینین دەڵێ ی بۆ ئـەم ڕۆژگارەی ئێمـەی فـەرمووە ئـەوەتا یەكـەمیان دەفـەرمووێ دووركەوتنـەوە لـە گـوێ گـرتن لێـی كـام لەئێمـە ڕۆژانـە مۆسیقاو گۆرانی زیاتر نابیستێ لە قورئان ! تەنانەت كە جێگەی داخـە لە تەلەفزیۆنە ئیسلامیەكانیش ئەوەندەی گۆرانی ومۆسیقا بـۆ خـەڵك لێدەدەن چارەكێكی ئەوە ناتوانن سوود بەموسڵمانان بگەیەنن هەتا وای لێهاتووە تەنانـەت ئەگـەر ووتـارێكی ئـاینی لێبـدات یەكسەر بـە دوایـدا هـەر كـە تـەواو بـوو دەبێتـە دەهـۆڵ و زوورنـا !! یـان كەدەفـەرمووێ دووركەوتنەوە لە ئـیش پێكردنـی و وەسـتان لەسـەر حـەڵاڵ و حـەڕامی بابیـشی خـوێنێ و ئیمانیـشی پـێ ی هـەبێت !! ئـەوەتا بەڵگـەی ئایـەتی قوڕئانی پیرۆزو فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەری ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بۆ دێنی لەسەر حەڕامی مۆسیقاو گۆرانی دەڵێی نە بای دیوەو نـەبۆران !!! والله مـستعان یـان كـاتێ دەفـەرمووێ دوور كەوتنـەوە لـە حـوكم پێكردنـی و كردنـی بـە حـاكم لـە أصل و فەرعیـدا ئـەوەتا تـەئویل بـۆ

---

117 _﴿الفوائد﴾ ابن القيم

حەرامەکانی دەهێننەوە جا چ بگات بە حوکم !!! یان کەدەفەرمووێ دوورکەوتنەوە لە بیر لێکردنەوەو تێگەیشتنی ! من لێرەوە دەڵێم ئەگەر مووسڵمانانی ئەمڕۆ ئەو لێ وردبوونەوە وبیرکردنەوەو تێگەیشتنەیان بوایە لە قورئان چۆن بە عود و کەمان و پیانۆ و... گوێی مووسڵمانانیان کەڕ ئەکرد !!!وەکۆتای فەرموودەکەی ئیبن القیم ڕەحمەتی خوای لێبێت کە دەفەرمووێ دوور کەوتنەوە لە شیفای قورئانی کە چارە سەری هەموو نەخۆشیەکانە کە بێگومان بۆ دڵ و ڕۆح و لاشە وێنەی نیەو وێنەی نابێ بەلام من لێرەوە بە ئیبن القیم دەڵێم مووسڵمانان بڵێن چی کە کۆمەڵێ بەناو زانا شیفا لە مۆسیقاو گۆرانی دەبینن !!!!

بۆیە تۆی مووسڵمان کاتێ دەڵێی نەشید یان سروودی ئیسلامی دەبێت مووسڵمانانە بێت بەلام بەداخەوە ئێستاو لە ڕۆژگاری ئێمەدا سروودی ئیسلامی نەماوە یان زۆر کەمە بەڵکو ئەوە فێڵێکەو شەیتان خەڵکی پێخەڵەتاندووە ئەوەتا هەموو سرودێك کەپەخش دەکرێت بە عودو کەمان و ئامێرەکانی مۆسیقاوە پیشان خەڵك ئەدرێت بە پاساوی ئەوەی کە دەڵێن ئاخر هەموو خەڵکی لە تەواوی دونیا بەکاری دێنێ ئێمەش نابێ ووشك بین !!! یان زۆرینەم بۆ ئەکاتە بەڵگە !!

دەڵێین بەو کەسانەی کەئەو جۆرە پاساوانە دەهێننەوە دەلیل و بەڵگەی قورئان و سوننە هەیە لەسەر حەرامی ئەوە بەس نیە !!!! وەئەگەر بەوەش دڵ ئارام نابێت دەڵێم باشە زۆرینە ئەگەر بکەیتە پاساو لە گەرمای هاویندا سێ بەشی زەوی خۆرە سێ بەشی زەوی دەبێتە گەرماو هەتاو لێمان تۆ بۆ ئەچیتە بەر سێبەرو خۆت لەو هەموو بەر خۆرە دەپارێزی خۆ زۆری زەوی دەبێتە خۆرو گەرمی ئەی بۆ لەوەدا خۆت دەپارێزی و دەچیتە بەر سێبەر بۆ ناتوانی خۆت

بپارێزی له دەهۆڵو زورنا كه خەڵك بەكاری دێنیٚ؟!!!!!﴿ قُل نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُواْ يَفْقَهُونَ﴾ [118]

پاشان فێڵەكانی شەیتانە ووردە ووردە لە نەشیدەكانەوە ئەگەر ووریا نەبیت دەتباتە سەر ڕاڕەوێ كەووردە ووردە دڵتان ڕەق دەبێت و گوێ بیستی مۆسیقاو گۆرانی و ئامێرەكانیش لەلاتان ئاسایی دەبێت لێرەدا مەبەستم سروودو نەشیدی ئیسلامی پاك وبێگەرد نیە كەبەبێ ئامێر دەوترێ بەڵكو ئەوەی كەنێمە ئەمڕۆ لە وولاتی خۆماندا دەیبینین هیچی بە بێ ئامێر نیە بۆیە زۆرێ لە خەڵكی لایان داوە ، پاشان لەدوای ئەوەی كە بۆمان ڕۆشن بۆوە كە دروست نین ئامێرەكان بەكار بهێنرێ شێخ البانی ڕەحمەتی خوای لێبێت شتێكی زۆر جوان دەهێنێ كە ببێتە نمونە بۆ مووسڵمانان كەنەكەونە داوو پیلان و فێڵی شەیتان دەفەرمووێ:

﴿ باشم لە بیرە من كاتێ لە دیمەشق بووم پێش ئەوەی بچمە عمان بە دووساڵ هەندێ گەنجی مووسڵمان دەستیان دایە هەندێ گۆرانی و نەشیدی ساف و پاك و بێگەرد و ڕەوا ماناكانیان شەرعی بوون و بێ كێشە بوون ، بەهۆی ئەوەوە دژایەتی صۆفیەكانیان پێ ئەكرد وەكو البوصیری و غەیری ئەویش ئەمانەیان خستە سەر شریت پاشان شێخ البانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ: ئەوەندەی پێنەچوو دەفیشیان هێنایە ئاراوە بەكاریان هێنا !! یەكەم جار دەفیان بەكار هێنا لە ئاهەنگی زەماوەندا بەبەڵگەی ئەوەی ڕەوایە بەڵام شریتەكەی بڵاو بۆوە و چەند نوسخەیەكیان لێ گرتەوە و پاشان بڵاو بۆوەو لەزۆرێ لە ماڵی مووسڵماناندا لێیان دەدا بەبێ بۆنەو مناسەبە بەشەو ڕۆژ!!!!

---

118 ـ﴿التوبة﴾ الاية ٨١

بۆیه خوێنەری بەڕێز وه بەتایبەت مووسڵمانانی بەڕێز دووركەونەوه لە مۆسیقاو ئامێرەكان وه سروشتی پاكی خۆتانی پێمەشێوێنن ، ئەوانەیشی كەتا ئێستا گوێبیستی بوون و بەشوبهه و هەڵەی خەڵكی تێكەوتون ئومێدەوارم تەوبە بكەن لێیی و وازی لێبێنن اللهم هل بلغت اللهم فأشهد

جانەم نووسراوەم وەڵامی هیچ كەسێك نی یە كەمن لەسەنگەری دژایەتی بم بەڵكو وەڵامی ڕاو بۆچونی هەڵەی زانایانه بە زانایان نەك بەندە ، وەئەوەی كەسەرنج و تێبینی هەبوو لەسەر ئەم نووسراوەم من دوعای بەخێری بۆ دەكەم وه ئەمە هەوڵ و كۆششی زانایانە نەك بەندە پاشان ئەگەر هەڵەو كەم و كورتی تیا بەدی كرا داوا لە خوای پەروەردگار دەكەم لێم خۆش بێت وه ئێوەش دوعای بەخێرم بۆ بكەن خوای تعالی جل جلاله وای لێكردبم كەنووسینەكەم لەبەر ڕەزامەندی خوای تعالی بوبێت و پێنووسم لەسەر كاغەز دانەنابێت تەنها مەبەستم ڕەزامەندی خوای تعالی بوبێت وەهەر چەندە دڵنیام لەوەی كە منیش گوناه و تاوانەكانم بۆتە ڕێگر لە صەواب بەڵام كاتێ لەبەر ڕەزامەندی خوای تعالی بتەوێ شت بنووسی یان كارێكی خەیر ئەنجام بدەیت ڕەحم و بەرەكاتی خوای تعالی جل جلاله لەگەڵت دەبێت بۆیە منیش واجبه لەسەرم بیرم نەچێت و بنووسم :

سوپاس و ستایشت دەكەم خوای تعالی لەسەر هەموو نیعمەتەكانت كەپێت داوم سوپاس و ستایشت دەكەم خوای تعالی لەسەر شارەزاكردنم سوپاس و ستایشت دەكەم خوای تعالی لەسەر یارمەتی دانم و حەواندنەوەی ڕوحم هەمووی نیعمەتی تۆن زمان لاڵە لە سوپاس و ستایش كرن لە تۆ كەخاوەنی هەموو شتێك بیت دەست و پەنجەم كۆڵە لە نووسینێ كەتۆ خالقی بیت چاوێ شۆڕە لە ئاستی هەڵهێنانی كاتێ

تۆ دروستت کردبێ تەنها مەگەر بۆ بیر کردنەوە ی نیعمەتەکانت بێ ، خوای تعالی زمانێ کەنازانێ چۆن حەقی شوکرت بدات کە بەندەش یەکێکم لەوانە بە شوکرانە بژێر حسابم بکە ، خوای تعالی هەر کەسێ کەماندووبوە لە گەڵمدا بە بەهەشتی خۆت پاداشتی بدەیتەوە و بیکەیتە هۆکارێ بۆ ڕزگاری قیامەتمان هەر دەستێکی خێری لە نووسنەوەی ئەم پەرتوکە بەشداربوبێ داوا لە خوای تعالی ئەکەم بەفیردەوسی ئەعلی پاداشتان بداتەوە آمین.

فیتنەکان زۆرن فیتنەی حەڵاڵ و حەڕام
لە تەواوی دونیاو کۆمەڵگا ئیسلامیە کـانیش
ئەوەتا ڕیبا حەڵاڵ دەکرێت ، مۆسیقاو ڕەقس
و سەما ناو دەبرێ بەفەن !! تێکەڵی ژن و پیاو
بەناوی کۆڕو سیمینار ناو دەبرێت بـە بـەرەو
پێش چوون و پێشکەوتن!!! عەرەق ناو دەبرێ
بەمەشـــروباتی ڕۆحـــی !!! مۆســـیقاو زوڕنـــاو
شمشاڵ و تەپڵ ناو دەبرێ بە چێژی ڕۆحـی
!!! بێگومان ئەوەی کەئێـستا نـاو دەبـرێ بـە
چێژی ڕۆحی ماڵی زۆرێک لە مووسـڵمانانی
گرتۆتەوە ئەگەر دەرگاکانی لێدابخرێ هـەر
خۆی بەزووردا دەکات

ژمارەی سیاردن (١٩٩٧-)